ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٩٧ ▪ چوارشەممە ١٥ی بانەمەڕی ١٤٠٠ _ ٥ی مەی ٢٠٢١

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی تەنیا بە ئاڵتێرناتیڤیکی بەهێز بەچۆکدا دێ

کاک خالید عەزیزی لە سیمینارێکدا کە بە بەشداریی حیزب و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی بەڕێوە چوو، ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ مەشرووعییەتێکی لەنێو خەڵکدا نییە، بەڵام لاوازیی ئۆپۆزیسیۆن بۆتە خاڵی بەهێزی ڕێژیم.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سیمینارەدا کە بەبۆنەی یەکی مانگی مەی و باس لە پرسی یەکیەتیی بەکردوەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران پێکهاتبوو، تیشکی خستە سەر ئەوەی تەنیا بژێرەی تێپەڕین لەو دۆخە یەکیەتیی بەکردەوەی هێزە سیاسییەکانی ئێران و بوون بە ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز و یەکگرتوو بۆ خەڵکی ئێرانە.

خالید عەزیزی هەروەها لە کۆبوونەوەی گرووپی کاری کوردانی ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستیش ڕایگەیاند چاوەڕوانیمان لە کۆمەڵگەی جیهانی ئەوەیە لە بەرانبەر ڕێژیمێکدا کە هیچ بەرپرسیارییەک بەرانبەر بە خەڵکی خۆی و یاسا نێونەتەوەییەکان ناگرێتە ئەستۆ، پشتگیریی هێزە سیاسییەکانی خەڵک بکەن.



## ڕاپۆرتی ناوەندە هەواڵگرییەکانی ئورووپا لەسەر ئێران:

# لە هەوڵدان بۆ بۆمبی ئەتۆمیڕا هەتا سپیکردنەوەی پارە لە ڕێگەی کازینۆکانەوە



ناوەندە هەواڵگرییەکانی سێ وڵاتی سۆئێد، ئاڵمان و هۆلەند ڕایانگەیاندووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێچەوانەی ئەوەی خامنەیی هەبوونی چەکی کۆمەڵکوژی بە حەرام دادەنێ، کەچی بەرنامەکانی خۆی بۆ وەدەستهێنانی چەکی ئەتومی ڕانەگرتووە. ئەوان دەڵێن هەموو هەوڵی کۆماری ئیسلامی گەیشتن بە تێکنۆلۆژیی پێشکەوتوو بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژە.

دەزگای هەواڵگریی هۆلەند دەڵێ لە ساڵی ڕابردووشدا زۆر ڕایەڵەی جۆراوجۆر بۆ وەدەستهێنانی زانست و کەرەستەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ لە هەوڵدا بوون کە لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە پێشیان پێ گیراوە کە بەشێکیان سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون.

دەزگای ئەمنیەتیی سۆئێدیش ئاشکرای کردووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٠دا وەک سیخوڕی سەنعەتی جووڵاوەتەوە و بەدووی تێکنۆلۆژیی سۆئێدی بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامە ئەتومییەکانی خۆی بووە. هاوکات هەوڵی دەستخستنی زانیاری لە زانکۆ و ناوەندە ئاکادیمییەکانی سۆئێدی داوە و بۆ ڕاکێشانی هاوکاریی زانایان و پسپۆڕانی توێژینەوەیی لە زۆر دەرکەی داوە.

هەروەها ئاژانسی هەواڵگریی «باواریا»، یەک لە ئەیالەتە باشوورییەکانی ئاڵمان ئاشکرای کردووە کە ئێران و چەند وڵاتێکی دی (کۆرەی باکوور، سووریە و پاکستان) لە هەوڵی ئەوە دان زەڕادخانەی چەکە کۆمەڵکوژەکانی خۆیان بەڕۆژ بکەنەوە.

ئێستا لەقاودرانی ئەم هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ناوەندە هەواڵگرییەکانی ئورووپاوە ئەو پرسیارە دەورووژێنێ کە ئاخۆ پێویستە ئەمریکا بۆ ژیاندنەوەی بەرجام لە هەوڵدا بێ؟ ئەوە لەکاتێکدایە کە ڕەخنەگرانی ئەم ڕێککەوتنە پێشتریش ڕایان وابوو کە سازانی ئەتومی لە باشترین حاڵەتدا تەنیا سنووردارییەکی کاتی بۆ تەقەلاکانی کۆماری ئیسلامی دروست دەکا، چونکی ستراتیژیی ئەم ڕێژیمە چوونە نێو ڕیزی وڵاتانی خاوەن چەکی ئەتومییە.

هاوکات تێدکرۆز، سێناتۆری کۆماریخواز بە فاکس‌نیوزی ڕاگەیاندووە کە قەت بەرنامەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ دەکارکردنی چەکی کۆمەڵکوژ لەدژی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕانەگیراون، کەچی دەوڵەتی بایدێن هەروەک دەوڵەتی ئۆباما دەیەوێ چی گوشاری مانادار سەر ڕێژیمی ئێرانە هەڵیانگرێ و سەدان میلیارد دۆلار بخاتە بەردەستی ئەم ڕێژیمە. لە بەشێک لە ڕاپۆرتی دەزگا هەواڵگرییەکانی سۆئێد ئاماژە بەوەش کراوە کە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە هەر بۆ دەستخستنی زانیاری، تێکنۆلۆژی و کەرەستەی ئەتومی نەبووە، بەڵکوو سیخوڕیی لەسەر ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی سیاسیی خۆی لەو وڵاتە کردووە.

چاودێرانی سیاسی دەڵێن تەڕاتێنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئورووپا و نەبوونی بەربەستی جیدی لە هەمبەر جموجۆڵەکانی ئەو دەرەتانەی بۆ ڕێژیم پێکهێناوە تا بەرنامەکانی بۆ سیخوڕیی سەنعەتی و چالاکییە ئەمنیەتی و هەواڵگرییەکانی بەئاسوودەیی بباتە پێشێ.

هاوکات دەوڵەتی کانادا ڕایگەیاندووە کە ئەندامانی ڕایەڵەیەکیان دەستبەسەر کردووە کە سەر بە سپای پاسداران و حیزبوڵڵای لوبنان بووە. ئەو ڕایەڵەیە لە ڕێگەی کازینۆکانی ڤانکۆوێرەوە کاریان سپیکردنەوەی پارە، قومار و قاچاغی مادەی هۆشبەر بووە.

◆ سەروتار

## دیپلۆماسیی ڕەسمی لە هەیکەلی ڕێژیمدا

کەماڵ کەریمی

بڵاوبوونەوەی وتووێژێکی دەنگیی جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێران کە وەک دەڵێن بۆ بڵاوکردنەوە نەبووە و تەنیا بۆ مێژووی زارەکی و ڕاگرتنی بەڵگەنامەیەکی دەوڵەت کراوە، ڕاستیی سیاسەتەکانی ڕێژیم و بێدەسەڵاتیی دەوڵەتی لە ئێران ئاشکراتر کرد. ئەم قسانەی وەزیری دەرەوە کە بەرپرسانی دەوڵەت پێیان وایە دزراوە و بەئەنقەست بڵاو کراوەتەوە، بوو بە هۆی دروستبوونی هەراوهوریایەک لەنێو بەرپرسانی جۆراوجۆری کۆماری ئیسلامیدا. ئەو بەشەی کە بە تایبەت باسی ڕۆڵی قاسم سولێمانی و ڕۆڵی ناوبراو لە دەستێوەردان لە کاری وەزارەتی دەرەوەدا کردوویەتی تووشی زۆرترین بەرهەڵستی بوو لە نێو فەرماندەکانی سپا و لایەنەکانی سەر بە دەزگای ڕێبەریی کە خامنەیی لە سەروویانەوەیە.

جەواد زەریف کە بەردەوام پێداگری لەسەر باوەڕمەندیی خۆی بە نیزامی کۆماری ئیسلامی دووپات دەکاتەوە، بە ڕوونی ئاماژە بۆ کێشەکانی سیاسەت لە نێو دەسەڵاتدا دەکا و بێدەسەڵاتیی ئەو کەسانەی کە بە تەواوەتی لە ئاست سپای پاسداراندا چۆکیان دانەدابێ، دەردەخا. ناوبراو وەک خۆی دەڵێ بە ڕوانگەیەکی کارناسانەوە هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکا و بە ڕاشکاوی و بە ناوی مەیدانەوە ڕێبەر و فەرماندەکانی سپا و ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

**بایەخ و ڕێکارەکانی بەدواداچوون و بەڕەسمیناسینی کۆمەڵکوژیی کورد** ٣
د. ئاسۆ حەسەنزادە

**پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق سەربەرزانە بوو** ٤-٥
عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**تێپەرینی کات و گۆڕانی ڕێژیمەکان جینایەت و قڕکردنی میللەتان لەبیر ناباتەوە** ٦
عومەر باڵەکی

**دوکتورینی کۆماری ئیسلامی مکانیزمی «مەیدان-شەڕ» و «دیپلۆماسی-فریو»** ٧
شاڕوخ حەسەنزادە

**«زەریف» لە کاریکاتۆری «ئەمیر کەبیر»ەوە بۆ لاسایی‌کردنەوەی «بازرگان»** ١٠
عەلی لەیلاخ

◆ درێژەی سەروتار

## دیپلۆماسیی ڕەسمی لە هەیکەلی ڕێژیمدا

... لایەنەکانی سەر بە دەزگای ڕێبەریی کە خامنەیی لە سەروویانەوەیە.

جەواد زەریف کە بەردەوام پێداگری لەسەر باوەڕمەندیی خۆی بە نیزامی کۆماری ئیسلامی دووپات دەکاتەوە، بە ڕوونی ئاماژە بۆ کێشەکانی سیاسەت لە نێو دەسەڵاتدا دەکا و بێدەسەڵاتیی ئەو کەسانەی کە بە تەواوەتی لە ئاست سپای پاسداراندا چۆکیان دانەدابێ، دەردەخا. ناوبراو وەک خۆی دەڵێ بە ڕوانگەیەکی کارناسانەوە هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکا و بە ڕاشکاوی و بە ناوی مەیدانەوە ڕێبەر و فەرماندەکانی سپا و بە تایبەت قاسم سولێمانی، بە هۆکاری دیپلۆماسیی شکستخواردووی ڕێژیمەکەیان تاوانبار دەکا. ئەگەر سەرپێیی هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەم بەشە لە قسەکانی زەریف بکرێ دەبێ بڵێین کە ڕاستگۆیانە تەئییدی هەڵوێستی چەندین ساڵەی حیزبی ئێمە و ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە ڕێژیمی کردووەتەوە کە بە بەردەوامی باسیان لە تاکڕەویی خامنەیی بۆ دەسەڵاتداریی بە پشتگیریی سپای پاسدارانیان کردووە. بەڵام زەریف دەیەوێ چ بڵێ؟

ناوبراو کە لە چل ساڵی ڕابردوودا نیشانی داوە پیاوێکی باوەڕدار و باوەڕمەند بە کۆماری ئیسلامی بووە و لانیکەم لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە دامەزراوە دیپلۆماسییەکانی ڕێژیمدا ئەرکی پێ ئەسپێردراوە، هەر لە سەرەتاوە دەڵێ: «هەوڵم داوە کارێک بکەم کە بە قازانجی خەڵکە و بە قازانجی وڵاتە». لەوە گەڕێین کە لە بنەڕەتدا کارەکانی کۆماری ئیسلامی هیچ قازانجێکی بە خەڵک و وڵات نەگەیاندووە، داخۆ بە پشتبەستن بە قسەکانی دواتری، ئەویش دەیەوێ بڵێ کە ئەوانی دیکە کە بە «مەیدان» ناویان دێنێ قازانجی خەڵک و وڵاتیان لەبەرچاو نەبووە. لە قسەکانیدا دەر دەکەوێ کە خامنەیی و فەرماندەکانی سپا بە دوور لە چاوی ئەوان سیاسەتەکانیان بە تایبەت لە پێوەندییەکانی دەرەوەدا داڕشتووە و بەبێ ڕەچاوکردنی لێکدانەوەی کارناسانەی ئەوان تەنیا ئەرکی جێبەجێ کردنیان بۆ ماوەتەوە. زەریف بەم جۆرە پاکانەیەک بۆ خۆی و هاوبیرانی دەکا کە شکستی دیپلۆماسیی ئێران لە ئەستۆی ئەواندا نییە و ئەگەر نەیانتوانیوە ئەنجامی باش لە کارە دیپلۆماسییەکانیاندا بە دەست بێنن ئەوە بە هۆی بە هێندوەرنەگرتنی ئەوان و دەستێوەردان لە کارەکانی دەوڵەتدا لەلایەن «مەیدان»، سپای قودس و بە تایبەت قاسم سولێمانی و ڕێبەرەوە بووە.

دیارە ئاستی تووڕەیی و ناڕەزایەتییەکانی فەرماندەکانی سپا و دژبەرانی زەریف و دەوڵەتەکەیان گەیبووە ئەو جێگەی کە بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان و دوای ئەوەی کە زەریف داوای لێبوردنیشی کرد، خامنەیی ڕێبەر زووتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا هاتە سەر مینبەر و بۆ ئارامکردنەوە و کەڵکوەرگرتن لە دۆخەکە بە قازانجی بەرنامەکانی خۆی و سپا، لەکاتێکدا تووڕەیی بە قسەکانیەوە دیار بوو، سەرکۆنەی وەزیری دەرەوە و هاوبیرانی لەنێو نیزامدا کرد کە بەرپرسانی نیزام نابێ هەڵەی وا بکەن کە قسەی دوژمنەکانیان و ئەمریکا دووپات بکەنەوە. ئەو هەروەها بە پێداگری لەسەر ئەوەی کە سیاسەتی دەرەوە لە کۆڕێکی سەرەوەتردا بڕیاری لەسەر دەدرێ، بە گوێی ئەوانیشی دادا کە وەزارەتی دەرەوە دەوری نییە لە داڕشتنی سیاسەتدا و تەنیا جێبەجێکاری بڕیارەکانی ئەو و دەورووبەرەکانیەتی. دیارە خامنەیی کە سپای پاسداران بە پشتیوانی سەرەکیی دەسەڵاتی خۆی دەزانێ کەوتەوە پێداهەڵگوتن بە سپای تێرۆریستیی قودس و ڕەخنەی زەریف لە دەستڕۆیشتوویی ئەم هێزەی بە هەڵەیەکی گەورە ناو برد کە نابێ هیچ بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامی دووبارەی بکاتەوە. بە مانایەک ئەوەی سپای پاسداران دەیکا جێگەی ڕەخنە نییە و بەرپرسانی دیکە دەبێ پشتیوانیی لێ بکەن. بەمجۆرە پاساوی باشی هێناوە بۆ هەموو ئەو کارانەی پێشوو کە کردوونی و لە چوارچێوەی کاروباری دەرەوەی هیچ نیزامێکدا ناگونجێ. وەک، سەردانی سەرۆککۆماری سووریە بەبێ ئاگاداری وەزیری دەرەوە، ناردنی نامەی ڕێبەر لەلایەن کەسی تایبەت لەکاتێکدا نوێنەری ڕەسمیی وڵات لە سەفەری ڕووسیە بوو، داوای چین بۆ بەشداریی نوێنەری ڕێبەر بە مەبەستی تەواوکردنی گرێبەستی ٢٥ ساڵە لەگەڵیان و زۆر دیدار و ڕێککەوتنی دیکە کە نە تەنیا بە خەڵکی نەگوتراوە، بەڵکوو وەزارەتی دەرەوەی نیزامەکەشیان ئاگای لێ نەبووە. ئەمەش تەنیا بەشێکی بچووک لە ڕاستییەکانی شێوەی دەسەڵاتدارییە لە ئێراندا کە شێوازێکی پڕاوپڕ توتالیترییە و جێگەی خەڵکی تێدا نابێتەوە مەگەر بۆ گوێڕایەڵی. ئەوەش وەک زەریف پێشتر گوتبووی ئەوەی هەیە خۆیان هەڵیانبژاردووە.

لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە زۆرتر کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم دەر دەخا، باسکردن لە جۆری پێوەندییەکانی سپای قودس و گوێڕایەڵی بۆ ڕووسیە لە هاوکاری لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە سەرنجڕاکێشە. زەریف ئاشکرای دەکا کە ڕووسیە چۆن لە هێزە جۆراوجۆرەکانی سپا و بە کوشتدانیان لە شەڕی مەیدانی لە سووریەدا کەڵکی وەرگرتووە و فەرماندەکانی سپاش ئەمەیان بە دەسکەوتێک بۆ خۆیان لە قەڵەم داوە. لەکاتێکدا بۆخۆیان تەنیا شەڕی ئاسمانییان کردوە و کونترۆڵی سووریەشیان بەدەستەوە گرتووە. باسکردن لە هەوڵەکانی ڕێبەر و سپای قودس بۆ شکستپێهێنانی هەوڵی دیپلۆماسیی ئەو بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئابڕوومەندانەتر لەگەڵ ڕۆژاوا کە خامنەییش لە قسەکانیدا و بە پشتیوانی لە کارەکانی سپای قودس ڕاستییەکەی ئاشکرا دەکا، باسی بەشێکی دیکەیە لە سیاسەتی خۆبەدەستەوەدانی ڕێژیم بە زلهێزەکانی ڕۆژهەڵات. سیاسەتێک کە جگە لە ماڵوێرانیی زیاتر بۆ خەڵکی ئێران و بە هەڕاجکردنی سامانی ئێران خێرێکی دیکەی نەبووە.

ئەوەی لە کۆی ئەم قسەوباسانەدا دەردەکەوێ ناڕەزایەتیی تەنانەت بەشێک لە بەرپرسانی نیزامە لەو شێوە دەسەڵاتدارییەی کە لەمێژە خەڵکی ئێرانی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە بۆ ڕزگاربوونیان لە چنگ ئەو ستەمە هەمەلایەنەی کە بەسەریاندا سەپاوە، جگە لە گۆڕینی ڕێژیمی خۆسەپێن بەسەر ئێراندا هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەماوە. هەر بۆیە دروشمی نا بۆ کۆماری ئیسلامی تەنیا دروشمێکە کە ئەمڕۆ بووەتە قسەی هەموو خەڵکی دژبەری ئەو نیزامە.

### خالید عەزیزی لە کۆبوونەوەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا:

# لە بەرانبەر ڕێژیمێکدا کە هیچ بەرپرسیارییەک ناگرێتە ئەستۆ، پشتگیریمان بکەن



(دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆبوونەوەی گرووپی کاری کوردان لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست)

**بەڕێز لویس ئەیالا، سکرتێری گشتیی سۆسیالیست ئینترناسیونال!**

**هەڤاڵانی بەڕێزی لێژنەی کاریی دۆزی کورد لە ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست!**

پێمخۆشە بە دەربڕینی هەستی خۆشحاڵی و پێزانینەوە بۆ دەرفەتی گفتوگۆ لەسەر پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەست پێ بکەم. ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پڕە لە ناکۆکی و قەیران. تێرۆریزم و توندئاژۆیی ئایینی هەڕەشەی مەزنن بۆ سەر ئاشتی و سەقامگیریی ئەو ناوچەیە. لە هەمان کاتدا زنجیرەیەک دەرفەت بۆ نەخشەڕێگایەکی بەربەرین و گشتگیر بۆ داهاتوویەکی گەش لە ناوچەکەدا خەریکی دەرکەوتنن و لەو چوارچێوەیەدا، کورد وەک فاکتەرێکی حاشا هەڵنەگر بۆ سێناریۆیەکی لەو چەشنە، یەکێک لەو دەرفەتانەن.

ئەمڕۆ پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست فاکتەرێکی گرینگە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە نەتەوەی کورد بەسەریاندا دابەش کراوە. نێوەرۆکی ئاشتییانەی خەباتی کوردان کە ڕیشەی قووڵی لە پرەنسیپە گەردوونییەکانی ئازادی، مافەکانی مرۆڤ، دێموکراسی، مافە مەدەنی و نەتەوەییەکاندایە، دەبێ وەک دەرفەتێک بۆ ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەکە سەیر بکرێ.

گەلی کورد لە ئێران، کە دەیان ساڵە بۆ مافە ڕەواکانی و مافەکانی مرۆڤ خەبات دەکا، هەمیشە بڕوای بە ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ پرسی کورد هەبووە. بەڵام کۆماری ئیسلامی هەمیشە بە پێچەوانە جووڵاوەتەوە. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (لە ١٩٧٩)، جووڵانەوەی سیاسیی کورد داوا ڕەواکانی گەلی کوردی بە شێوەی ئاشتییانە پێشکەش کردن، بەڵام ڕێژیم ڕێزی بۆ هەڵوێستی ئاشتییانەی کوردان بۆ وتوویژ دانەنا. بە پێچەوانە، ئەو بە هێزی سەربازی هێرشی کردە سەر کوردستان و شەڕێکی دوورودرێژ و خوێناویی بەسەر گەلی کورددا سەپاند کە تەنانەت تا ئەمڕۆ بە شێوەی جۆراجۆر درێژەی هەیە.

لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە، کۆماری ئیسلامی سیاسەتی نەگۆڕی دژی گەلی کورد ڕەچاو کردووە کە پێکهاتووە لە: سەرکوت، تێرۆر، ئێعدام، دەستبەسەر کردن و سەپاندنی حوکمی قورس بەسەر چالاکانی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، و لە هەمان کاتدا بە ئامرازی ئەمنییەتی کوردستان هەڵاواردە دەکا.

جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان زەرەر و زیانێکی بەرچاوی لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرکەوتووە، بەتایبەتی لە ئاکارە تێرۆریستییەکانی. جووڵانەوەی کورد هەمیشە سیاسەتی ناتوندوتیژیی ڕەچاو کردووە و پێی وا بووە وتوویژ باشترین ئامرازە بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی دێموکڕاتیک بۆ پرسی کورد. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک ئەندامێکی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست، بڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسی و ئازادی هەیە و هەمیشە ڕێزی بۆ گیانی مرۆڤ، پێکەوە ژیان و مافی یەکسان بۆ هەمووان هەبووە. بەڵام تا پرسی گرووپە ئەتنیکییەکان (لەنێویاندا کورد) ئازادی و مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک دەستەبەر نەکرێن، ئێران ئاشتی و سەقامگیریی بە خۆیەوە نابینێ. لەبەر ئەو هۆیە، پێویستە پرسی کورد لە ئێران، نەوەک هەڕەشەیەک بەڵکوو وەک دەرفەتێک بۆ ئاشتی و سەقامگیریی سەیر بکرێ. چاوەڕوانیی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران، لە پێش هەموویانەوە گەلی کورد و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، بە تایبەت ئینترناسیۆنال سۆسیالیست، ئەوەیە کە لە بەرانبەر ڕێژیمێکدا کە هیچ بەرپرسیارییەک بەرانبەر بە خەڵکی خۆی و یاسا نێونەتەوەییەکان ناگرێتە ئەستۆ، پشتگیریی لە گەلانی ئێران بکەن.

کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا بەتەمایە لە پرسی ئەتۆمی وەک کارتی فشار دژی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کەڵک وەرگرێ و لەو گەمەیەدا، خەڵکی ئێران، کۆمەڵگەکەی و وڵاتی بە بارمتە گرتووە. ڕێژیمی ئێران پێشتریش نیشانی داوە کە لە بەرجام تەنیا بۆ خۆ دەرباز کردن لەو قەیران و ناکۆکییانە کەڵکی وەرگرتووە کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەڕەشە لە مانەوەی دەکەن.

وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێشتریش ڕایگەیاندووە، هەڵوێستی خۆمان دووپات دەکەینەوە کە بەرجام و پرسی ئەتۆمی ئاجێندایەکی نێونەتەوەیین، بەڵام پرسی سەرەکیی ئێران قەیرانی نێوخۆیی و ناکۆکیی نێوان خەڵک و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە پرسی سەرەکی، ڕێژیمێکی سیاسییە کە دەسەڵاتی بەسەر خەڵکی وڵاتەوە هەیە کە مافەکانیان پێشێل دەکا و حاشا لە ماف و ئازادییە گەردوونییەکانیان دەکا.

جەختکردنی لە ڕادەبەدەری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و مێدیا لەسەر وتوویژە ئەتۆمییەکان بە تەنیایی، بە داخەوە سەرنجی نێونەتەوەیی لە پێشێلکارییەکان دژی مافەکانی مرۆڤ و دۆخی سیاسی و ئابووری ناوخۆی وڵات دوور کردۆتەوە. لە هەمان کاتدا پەتای کۆڕۆنا و لێنەهاتوویی ڕێژیم لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دۆخەکە، قورساییەکی زۆرتری خستۆتە سەر شانی خەڵک.

ئێمە داوا لە هەڤاڵانمان لە ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست دەکەین کە چاودێریی هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کوردان لە ئێران بکەن و پرسی کورد بۆ ئاستی نێونەتەوەیی بەرز بکەنەوە. ئێمە داوا لە ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست دەکەین کە دەورێکی کاراتر لە پرسە هەنووکییەکانی ناوچە بگێڕن و پشتیوانی پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بن. ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی بایەخەکان و پێڕەوی نێوخۆی ئەو ڕێکخراوە، پێشنیار دەکەین کە ئینترناسیۆنال سوسیالیست کۆبوونەوەیەک لە نێوان سەرجەم ئەندامان، لەناویاندا حیزبە کوردییەکانی ئەندام لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، ڕێک بخا تا باس لە ناکۆکییەکانی ناوچە بکەن.

سپاس بۆ سەرنجتان!

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی گرووپی کاری کوردان لە ئەنترناسیونالْ سۆسیالیست



دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١١ی بانەمەڕ (١ی مەی ٢٠٢١ی زایینی) گرووپی کاری کوردان لە ئەنترناسیونالْ سۆسیالیست بە بەشداریی بەڕێز "لویس ئەیالا" سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست " و حەوت حیزب و لایەنی سیاسیی هەر چوار پارچەی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا، بەڕێزان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوڕێیەتیی مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزب لە ئەنترناسیونالْ سۆسیالیست، بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

ئەم کۆبوونەوەیە، سێ تەوەری لەخۆ گرتبوو کە بریتی بوون لە:

یەکەم: وتاری هەرکام لە حیزب و لایەنەکان لەسەر خۆیان و ڕاو بۆچوونیان لەسەر دۆخی هەنووکەیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

دووهەم: کاری ئێمە و ڕێزگرتن لە مافی سیاسی و مرۆیی خەڵکی کوردستان.

سێهەم: بەرنامەی کار و ئاکامی دانیشتنەکە.

سەرەتای کۆبوونەوەکە، بەڕێز لویس ئەیالا، سکرتێری ئەنترناسیونالْ سۆسیالیست باسێکی لە کۆبوونەوە و چالاکییەکانی "ئێس ئای" و هەروەها پەتای کۆڕۆنا لە ئەفریقا و بەتایبەت دۆخی نالەباری هیندوستان کرد و هەروەها لەو پێوەندییەدا گوتیان کە لەگەڵ حیزبەکانی ئەندام لە هیندوستان لە وتووێژدایە و ئاگاداری بارودۆخی کۆڕۆنا و تووشبوونی خەڵکێکی زۆر بە نەخۆشی کۆڕۆنا و قوربانییەکانی هەن.

بەڕێز لویس ئەیالا لەدرێژەی قسەکانیدا پەڕژایە سەر کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و باسی لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و کورد و جێگە و پێگەی کورد لە ناوچەدا کرد و تیشکی خستە سەر ڕۆڵی ئەنترناسیونالْ سۆسیالیست بۆ بەرجەستە کردنەوەی کێشەی کورد. هەروەها باسێکیشی لەسەر بەشێکی بەرچاو لەو حیزب و لایەنانە کرد کە داوای ئەندامەتی، یان بەرزکردنەوەی پلەی ئەندامەتییان لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەیان کردووە.

لە درێژەی کاری کۆبوونەوەکەدا هەر کام لە حیزب و لایەنەکان لەسەر بەشەکانی جیای کوردستان قسە و ڕاو بۆچوونی خۆیان خستە ڕوو کە لەو بەشەدا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

لە بەشی کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیەدا، وێڕای ئاکامگیری کۆبوونەوەکە، هێندێک پێشنیار و بۆچوون بۆ دەستووری کاری و بەرنامەی "ئێس ئای"ەوە بۆ داهاتووی کورد خرانە ڕوو.

ئەم حیزب و لایەنە سیاسییانەی کە بەشداری ئەم کۆبوونەوە بوون، بریتی بوون کە:

- حیزبی دێموکراتی کوردستان
- یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان
- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- پارتی دێموکراتیکی گەلان (HDP)
- پارتی یەکێتی دێموکراتیک (PYD)

# بایەخ و ڕێکارەکانی بەدواداچوون و بەڕەسمی ناسینی کۆمەڵکوژیی کورد

## (بەشی یەکەم)



د. ئاسۆ حەسەنزادە

دوای ئەوەی لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا ئەنجومەنی نوێنەران و سەنای ئەمریکا داوای بەڕەسمی ناسینی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکانیان لە سەرکۆماری ئەمریکا کردبوو، سەرەنجام ڕۆژی ٢٤ی ئاپریلی ٢٠٢١، جۆ بایدن ئەم چاوەڕوانییەی وەدی هێنا و بەمجۆرە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە لیستەی زیاتر لە سی دەوڵەتی دنیاوە زیاد بوو کە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکانیان بەڕەسمی ناسیوە. ئەو دەوڵەتانە زۆربەیان دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەتی ئورووپایین، بەڵام دەوڵەتانی دیکەی وەک ڕووسیە و هێندێک دەوڵەتی ئەمریکای لاتین و باشووریش لەو نێوەدا وەبەرچاو دەکەون.

جیا لەو مشتومڕ و کاردانەوانەی بڕیارەکەی جۆ بایدن لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و بەتایبەتی بۆ پێوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیە بەدووی خۆیدا هێنا، لەنێو کوردیش‌دا کە بە ئاشکرا قوربانی تاوانە دژە مرۆییەکان و یەک لەوان کۆمەڵکوژی بووە بەڵام هێشتا نەیتوانیوە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا ئەوە بکا کە ئەرمەنییەکان توانیویانە بیکەن، ئەم بڕیارە سەرنجی خەڵک و بژاردەکانی ڕاکێشا و جارێکی دیکە ئەو پرسیارەی هێنایەوە گۆڕێ کە ئایا دەبێ کورد چی بکا بۆ ئەوەی شەپۆلەکانی قەڵاچۆی سیستماتیکی خۆی بەنێونەتەوەیی بکا؟ بڕیارەکەی بەڕێوەبەریی ئەمریکا بەتایبەتی لەو بارەوە سەرنجڕاکێش بوو کە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لە کاتێکدا لەلایەن شوێندانەرترین دەوڵەتی دنیاوە بەڕەسمی ناسرا کە جێگە و پێگەی دەوڵەتی ئەرمەنستان لە ساڵ و مانگەکانی ڕابردوودا لە لاوازیی دابوو. ئەوەش نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەگەر بێت و بژاردەکانی گەلێک ژیرانە و هەماهەنگ بجوڵێنەوە، دەکرێ دۆخێکی سەخت کە لە قۆناغێکدا گەلێک لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی تێی دەکەوێ، بە هەوڵ و هیمەتی لۆبیی ئەو گەلە لە دیاسپۆرا قەرەبوو بکرێتەوە و بەمجۆرە هێزی هەندەرانی ئەو گەلە بە هانای کۆمەڵگەی سەرەکیی خۆی لە وڵاتەوە بێ و بیگەڕێنێتەوە ڕیزی سەرەوەی باس و خواسی نێودەوڵەتی.

ئێستا ئایا بەڕەسمی ناسینی نێونەتەوەیی کۆمەڵکوژی و تاوانە دژە مرۆییەکانی دیکەی ئەنجامدراو دەرهەق بە گەلێک بۆچی گرینگە و گەلێکی وەک گەلی کورد بە پەنابردن بە کامە ڕێکار و ئامرازانەوە دەتوانێ بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ بدا و دەرفەت و بەربەستەکانی سەر ئەم ڕێگایە کامانەن، پاش کورتە ئاوڕدانەوەیەک لە باکگراوند و بنەما نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە لێپێچینەوە لە تاوانە دژە مرۆییەکان، تێ دەکۆشین بە کورتی بایەخ و ڕێکارەکانی ئەم لێپێچینەوەیە لە کۆنتێکستی گەلی کورددا دەستنیشان بکەین. دیارە دەزانین کە بەهۆی دابەشبوونی کوردستان و واقعییەتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و یاسای نێونەتەوەیی، هەروەها نەبوونی یەکگرتوویی لەنێو کورددا، بۆ ڕێکارە قانوونییەکان کوردی هەر پارچەیەکی کوردستان ناچارە بەجیا بەدواداچوونی کەیسەکانی خۆی بکا.

### کورتە ئاوڕێک لە باکگراوند و بنەما نێونەتەوەییەکان

لەگەڵ ئەوەدا کە بیرۆکە و هەوڵی ناساندنی تاوانە دژەمرۆییەکان بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە و پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، ئەوە تەنیا لە پەراوێزی تاوانەکانی نازی لە شەڕی دووەمی جیهانی‌دا بوو کە ئیرادە و هۆشیارییەکی نێونەتەوەیی لەو پێوەندییەدا شکڵی گرت. دادگاکانی نورەمبێرگ و تۆکیۆ بۆ پێڕاگەیشتن بە جینایەتەکانی شەڕی دووەم بنەما یاساییەکانی بەتاوان ناساندنی ئەو جینایەتانەیان داڕشت و لەگەڵ پەسندکرانی پەیمانی ساڵی ١٩٤٨ بۆ پێشگیری و سزادانی تاوانی ژێنۆساید و پەیمانەکانی ١٩٤٩ی ژنێڤ سەبارەت بە قانوونی بەشەردۆستی و پەیمانی ١٩٦٨ بۆ پێشگیری لە کاریگەریی تێپەڕینی کات لەسەر سزادانی تاوانباران، چەمکە پێوەندیدارەکان تۆکمە بوونەوە. ئەدەبیاتی یاسایی ئەم بوارە دواتر بە بڕیارەکانی دادگاکانی لاهە و ئارووشا بۆ پێڕاگەیشتن بە تاوانە دژە مرۆییەکانی یووگۆسلاڤیی پێشوو و ڕوواندا و هەروەها دادگاکانی تایبەت بە سیرالیۆن و کامبۆج دەوڵەمەند کرا و چڵەپۆپەی ئەم پرۆسە دادگەرییەی تاوانە دژە ئینسانییەکانیش، پەسندکرانی پێڕەوی دیوانی جینایی نێونەتەوەیی (١٩٩٨) بوو کە بە ستاتووی ڕۆم ناسراوە و لەڕاستیدا کۆبەندی قانوونەکانی لاهە و ژنێڤ و عورفی نێونەتەوەیی لەو بوارەدا لە خۆی دەگرێ.

ژێنۆساید یان ژێنۆسید لە زمانی کوردی‌دا بە دەستەوشەی کۆمەڵکوژی وەرگێڕدراوە کە لەبەر ئەوەی جێ کەوتووە، ئێمەش لێرەدا بەکاری دەبەین. دیارە بەلەبەرچاوگرتنی مەبەستی دانەری ئەم وشەیە (ڕافایەل لیمکین، یاساناسی ئەمریکایی بە ڕەچەڵەک جوولەکەی پۆلۆنی) و ئەو نێوەرۆکەی لە ئەدەبیاتی قەزایی نێونەتەوەیی دادەچۆڕێ، لەو باوەڕەدایین کە دەستەوشەی "وەچەکوژی" باشتر مانای ژینۆساید دەگەیەنێ، چونکە لێرەدا قسە لە هەوڵی بنەبڕکردنی گەلێک یا گرووپێک بەهۆی جیاواز بوونی ئەو گەلەیە، بەچەشنێک کە هێندێک لە پسپۆڕان زاراوەی "ئێتنۆساید"یش بەکار دەبەن کە بە مانای کوشتنی گرووپێکی ئێتنیکییە. بەڵام دەبێ بزانین (و سەرنجدان بەمە بۆ کورد زۆر پێویستە) ژێنۆساید تەنیا یەکێک لە چەمکەکانی ئەو بوارەیە و دوو چەمکی تاوانکاریی دیکەش هەن کە بریتیین لە تاوانی شەڕ و تاوان بەدژی مرۆڤایەتی. پێناسە و توخم و کردەوەکانی پێکهێنەری هەرسێکی ئەم تاوانانەش لە ماددەی ٢ی پەیمانی پێشگیری و سزادانی تاوانی ژێنۆساید و ماددەکانی ٧ و ٨ ی ستاتووی ڕۆم‌دا دیاری کراوە. کاتێکیش دەڵێین تاوانی دژە مرۆیی مەبەستمان هەرسێکیانە.

### ڕێکارەکانی لێپێچینەوە لە تاوانە دژە مرۆییەکان

دەبێ بزانین کە بەڕەسمی ناسین یان سەلماندنی ئەو تاوانانە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا (وەک بۆ نموونە بڕیارەکەی بایدن) وەک جێگرەوەی لێپێچینەوەی قەزایی لە تاوانەکان (لەو حاڵەتانەدا کە ئەمەیان بە هۆکاری مێژوویی یان لەبەر بەربەستە سیاسی و قانوونییەکانی وەخت مومکین نیە)، گرینگ و جێگای سەرنج و بایەخە، دەنا ڕێکاری ئیدەئاڵ هەر بەدواداچوونی قەزایی تاوانە دژە مرۆییەکانە کە لەڕووی دادخوازییەوە هیچ شتێکی دیکە نایگاتەوە.

### ١/ لێپێچینەوەی قەزایی لە تاوانە دژە مرۆییەکان

بۆ ئەوەی دەرفەتی لێپێچینەوەی قەزایی لە تاوانە دژە مرۆییەکان بڕەخسێ یان دەبێ حکوومەتی ئەو دەوڵەتەی تاوانەکان لە سایەی ویدا ئەنجام دراون ڕووخابێ و دەسەڵاتی جێنشین ئیرادەی پێویست بۆ دروستکردنی زەمینەی وەها لێپێچینەوەیەکی هەبێ، یان دەبێ ڕێکارێکی دادوەریی نێونەتەوەیی چالاک بکرێ.

لە ئاستی نێوخۆییدا جاری وایە پاش ڕووخانی حکومەتی بەرپرسیار ئەو ئیرادەیە بەفەرمی نیشان دەدرێ و پرۆسەیەکی قەزاییشی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەو بەرهەم و ئاکامەی لێ ناکەوێتەوە کە لە دادخوازییەکی ڕاستەقینەدا چاوەڕوان دەکرێ. بۆ نموونە لە کەیسی کۆمەڵکوژیی گەلی کورد لە عیراق‌دا کە تەنیا پارچەی کوردستانە کە حکومەتی بەرپرسیار لە تاوانەکان ڕووخابوو، بەهۆی باڵادەستیی ئاجێندای سیاسی بەسەر ئاجێندای دادوەری‌دا، موحاکمەی سەرکردەکانی ڕێژیمی بەعس لە چوارچێوەی دادگای باڵای تاوانەکاندا تەواوی پۆتانسیەلی خۆی بۆ خستنەبەر لێکۆڵینەوە و تۆمارکردنی هەموو هەقیقەتی جینایەتەکانی دەرهەق بە کورد و سزادانیان بەکار نەبرد. ڕاستە بڕیارەکانی ساڵەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠١٠ی دادگای باڵای تاوانەکان لە کەیسەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و کەیسی بارزانییەکان و فەیلییەکان و سەرکوتی ڕاپەڕین، هەروەها بڕیاری ساڵی ٢٠٠٨ی پارلمانی عێراق سەبارەت بە ژێنۆسایدی کورد، بەرزترین و باوەڕپێکراوترین بەڵگەکانی دانپێدانانی نێوخۆیی کۆمەڵکوژیی کوردیان خستە دەست. بەڵام سەرنجڕاکێشە کە تاوانباری پلە یەکی کۆمەڵکوژیی کورد لە عیراق واتە سەدام حوسێن، لەگەڵ ئەوە کە موفاتحەی تاوانەکانی دەرهەق بە کورد لە دادگاکەیدا کرا، بەڵام ئەوەی لەسەری حوکم و سزا درا کۆمەڵکوژیی کورد نەبوو، لەحاڵێکدا کە کۆمەڵکوژیی کورد گرینگترین بەشی تاوانەکانی سەدام لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەشی‌دا پێک دێنا. ئەولاتر لەمەش، کەمایەسیی گەورە شلبوونەوە و تەنانەت ڕاوەستانی پرۆسەی دادخوازی بەهۆی کاریگەریی باری ئەمنی و ئاڵۆزییە سیاسییەکان و شپرزەیی کوردی باشوور خۆی و لە هەمووشی خراپتر نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسیی شێلگیر لەلای حکومەتی فیدراڵ بۆ ئاکامدارکردنی بەڕەسمی ناسینەکە لەبواری قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکاندا بوو.

تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر ئاستی نێونەتەوەیی، بەهۆی بوونی کۆمەڵێک بەربەستی سیاسی و قانوونی کەناڵەکانی وەشوێنکەوتنی بەرپرسیارێتیی تاوانباران و هاودەستانی تاوانە دژە مرۆییەکان لەو ئاستەدا زۆربەی جار ئەستەمن. کۆسپی هەرە گەورەش لەبەردەستدانەبوونی دادگاگەلێکە کە ئامادەی وەرگرتن و لێپێچینەوە و موحاکمەی کەیسەکان بن. لێرەدا سێ دەستەی سەرەکی لە کەناڵی دادوەریمان هەیە کە پێویستە لانیکەم یەکێکیان بەردەست بن:

١/ دادگایەکی نێونەتەوەیی تایبەت کە بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (وەک لە کەیسی ڕوواندا و یووگۆسلاڤی و هی دیکەدا) دروست دەکرێ. بایەخی ئەم کەناڵە سەرباری زەحمەت بوونی لەڕووی زەمینەی سیاسییەوە ئەوەیە کە پێویست ناکا چاوەڕوانی ڕووخانی حکومەتی بەرپرسیار لە تاوانەکان بین.

٢/ دادگایەکی نێونەتەوەیی دائیمی، واتە لە ئێستادا دیوانی جینایی نێودەوڵەتیی لاهە کە کارەکەی لێپێچینەوە لە تاوانگەلێک لە چەشنی ئەو تاوانانەیە کە دەرهەق بە کورد کراون، بەڵام کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە هەتا دەوڵەتی پێوەندیدار (لێرەدا دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان و ئەو دەوڵەتانەی بۆ نموونە بە فرۆشتنی چەکی کۆمەڵکوژ هاودەستییان کردووە) سەڵاحییەتی دیوان قبووڵ نەکەن و نەشڵێن کە سەڵاحییەتی دیوان بۆ جینایەتەکانی بەر لە ساڵی ٢٠٠٢ ش قبووڵ دەکەن، هیچ جۆرە دەرەتانێکی سکاڵا تۆمار کردن نییە. مەگەر ئەوە کە دیسان لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش دەستی داواکاری گشتیی دیوان بۆ تۆمەتبارکردنی بەرپرسیارانی کۆمەڵکوژی ئاوەڵا بکرێ (وەک لە کەیسی عومەر حەسەن ئەلبەشیری ڕێبەری سوودان دا دیتمان).

٣/ دادگا نێوخۆییەکانی وڵاتانی دەرەوە بەتایبەتی لە ئورووپا و ڕۆژئاوا بەگشتی چونکە لە بواری ئیعتباری قانوونی و سەنگی سیاسی بایەخ و شوێندانەرییەکی زۆرتریان هەیە. کۆسپی هەرە گەورە لێرەدا ئەوەیە کە بۆ ئەوەی دادگای وڵاتێک سکاڵایەک وەربگرێ، پێویستە چ لە ڕووی سەرزەمینییەوە (شوێنی ڕوودانی تاوانەکە) و چ لە ڕووی کەسێتییەوە (ناسنامەی ئەنجامدەر یان قوربانیی تاوانەکە)، پێوەندییەکی بە وڵاتی سێهەم واتە وڵاتی دادگاکەوە هەبێ، دەنا دادگا سەڵاحییەتی پێڕاگەیشتن بە کەیسەکەی نییە. هەڵبەت دەشزانین کە لە سەرەتای ساڵەکانی نەوەدی زایینییەوە لە هێندێک وڵاتی وەک بێلژیک و تەنانەت بریتانیا هەوڵ درا سەڵاحییەتی جیهانیی دادگاکان بۆ پێڕاگەیشتن بە جینایەتە دژە مرۆییەکان بە یاسا پەسند بکرێ، چەمکێک کە لە ساڵانی دواییدا لە هێندێک دەوڵەتی دیکەی ئورووپاش‌دا زیندوو بۆتەوە. مانای سەڵاحییەتی جیهانی ئەوەیە کە بۆ ئەوەی دادگای وڵاتەکە سەڵاحییەتی هەبێ، ئەو پێوەندییە سەرزەمینی و کەسێتییەی باس کرا پێویست نییە. لەسەر ئەو بنەمایەش بوو کە کۆمەڵێک کەیس بەدژی ڕێبەرانی سیاسیی ئەمریکا و ئیسرائیل و هێندێک وڵاتی ئەفریقایی وەک کۆنگۆ لەبەردەم دادگا نێوخۆییەکانی وڵاتانی ئورووپایی کرانەوە. بەڵام لەسەریەک دەتوانین بڵێین بەهۆی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان و هەستیاریی سیاسی دەسپێشخەرییەکی لەم چەشنە و پشتگیری نەکرانی لەلایەن دیوانی نێونەتەوەیی عەدلەوە، تا ئێستا سەڵاحییەتی جیهانی بەشێوەیەکی کارا جێبەجێ نەکراوە و لەسەریەک ئەزموونێکی

درێژە بۆ لاپەڕەی ٩

# زمانی دایک لە ڕوانگەی دیکتاتۆرێکی بێدەسەڵاتەوە



ژیوار ڕەسوولی

ئەگەر زمان بۆ زۆرینەی خەڵکی سەر گۆی زەوی تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی‌کردنە، ئەوا بۆ کورد زمان ئامرازی خۆپێناسەکردنیشە. ئەگەر بۆ نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان زمان پێناسەی وڵاتەکەیانە، ئەوا بۆ کورد زمان شوناس و یەکێک لە ئامرازە هەرە ستراتیژییەکان بۆ مانەوەیەتی، یان باشترە بڵێین ئەوەی کە کورد لەنێو ئەو هەموو دێو و درنجەدا بە درێژایی مێژوو لەنێو نەچووە و هەر لەسەر پێیە، هۆکاری سەرەکیی ئەوەیە کە زمانەکەی ماوە و قسەی پێ دەکرێ و نەتەوەیەک شانازیی پێوە دەکا. کەواتا هیچ زێدەڕۆیی نییە کە بڵێین مانەوە و نەتوانەوەی کورد بەندە بە زمانەکەی.

لە دەرەوەی مانەوە وەکوو کولتوور و مێژوو، ئەوا زمان بۆ کورد، جوغرافیاشە. کەم نەتەوە هەن کە بە ڕادەی کورد، زمان و جوغرافیاکەی تەواوکەری یەکتر بن. کورد وەکوو نەتەوەیەک کە بە درێژایی مێژوو بە کوردی قسە دەکا، لەسەر خاکێکیشە بە ناوی کوردستان، کەواتە هەم زمانەکە پێناسەی جوغرافیاکە دەکا و هەمیش جوغرافیای کوردستان پێناسەی نەتەوەی کوردە. بۆیە زمانێک کە هەم شوناسە و هەمیش جوغرافیایە، زۆر بە ئاسانی دەتوانێ ئایدیۆلۆژیش بێت. ئایدیۆلۆژی بەو مانایەی کە ڕوویەکی پتەوی نەگۆڕی هەیە و پاساوی گەورەی گۆڕانکاری بە مانای گەشەکردنیشی تێدایە، ئایدیۆلۆژیا بۆ ئەوەی ڕووە پیرۆز و بەهاتەوەرەکەی بە نەگۆڕی بمێنێتەو، دەبێ گەشە بکا، دەی زمانیش لانیکەم بۆ ئێمەی کورد ڕێک لەو چوارچێوەیەدایە، هەم ئایدیۆلۆژیایە بۆ مانەوە، هەمیش بەردەوام لە گەشەکردن‌دایە.

کەواتە مادام زمانی کوردی، هەم شوناسە، هەم جوگرافیایە و لەئاکام‌دا هەمیش ئایدیۆلۆژیایە، کەواتە هەم بۆ خۆمان و هەمیش بۆ داگیرکەرەکانی کوردستان ڕووە سیاسییەکەی زۆر لە ڕووە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکەی زەقترە. چونکی ئێمەی کورد بۆ مانەوەمان دەمانەوێ سەرەتا زمانەکەمان بپارێزین، دەی دیکتاتۆرەکانیش بۆ لەنێوبردنمان سەرەتا لە لەنێوبردن و ئاسیمیلەکردنی زمانەکەمانەوە دەست پێ دەکەن. جا ئەو شەڕە هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوەکانی (فارس، تورک، عەرەب) لەگەڵ کورد دەکرێ و، هەتا ئەم کاتەش هەر بەردەوامە. بەڵام سەرەڕای ئەشکەنجە، لەسێدارەدان، گەڵەکۆمەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و تەنانەت پاکتاوکردنیش لەدژی کورد، کەچی کورد هەر دەستی بەزمانەکەیەوە گرتووە، بۆ ئەوەی لەهەر شوێنێک پسا، پاساوێکی هێندە گەورەی هەبێ، کە هەر لەوێوە دەست پێ بکاتەوە. هەمیشەش زمان پاساوە ئاڵتوونییەکەی تێهەڵچوونەوەی بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی کوردستان بووە، چونکە هەم جوغرافیای نیشتەجێبوونی بۆ پێناسە کردووین و هەمیش جیاوازییە جەوهەرییەکەی لەگەڵ ئەوانیتر بۆ هێشتووینەتەوە، هەر بۆیە سەیر نییە کە داگیرکەرانی کوردستان و حکومەتە ناوەندییە مەیلەو فاشیستییەکان بەو ڕادەیە قەڵسە لە زمانی دایکیی نەتەوە بندەستەکان لەنێو وڵاتەکەیان بگێرن.

حەسەن ڕوحانی سەرۆک‌کۆماری ئێران لە دوا لێدوانی‌دا بەبۆنەی ڕۆژی «معلم»-ی ئێران (ڕۆژی مردنی مورتەزا موتەهەری) گوتوویەتی کە نابێ «خوێندنی زمانی دایکی»، لەگەڵ «خوێندن بە زمانی دایکی» تێکەڵ بکەی. بەبۆچوونی ڕوحانی خوێندنی زمانی دایکی کێشەی نییە، بەڵام خوێندن بە زمانی دایکی پیلانی دوژمنانە و بۆ لێدان لە زمانی فەرمی فارسی وەکوو زمانی فەرمیی وڵاتە. ڕستە ستراتیژییەکەی ڕوحانی ئەوە نییە کە دژی خوێندن بە زمانی دایکییە، بەڵکوو ئەو پێی‌وایە هێنانە ئارای باس‌وخواستی زمانی دایکی لەبەرامبەر زمانی فارسی بە پیلانی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەزانێ کە دەیانەوێ ناوەندیەتی لە زمانی فارسی بستێننەوە.

بەو پێیە ئەو ترسەی ڕوحانی ئەگەریش تێکەڵ بە وەهم بێت، لەجێی خۆیەتی، چونکە لانیکەم بۆ کورد زمان شوناسێکی نەتەوەیی و جوغرافییە و لە ئەنجام‌دا پرسێکی سیاسییە. پرسی سیاسیش دەبێ مامەڵەیەکی سیاسییانەی لەگەڵ‌دا بکرێ، بەڵام بەدرێژایی مێژوو لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمەوە کە ئێران وەکوو دەوڵەت-تاک نەتەوە بە زەبروزەنگ خۆی داڕشتەوە، لەهیچ جۆرە بنبڕکردن و ئاسیمیلاسیۆنی زمانی کوردی قسووریان نەکردووە، هەموو هێزی ڕەق و نەرمیان تاقی کردەوە کە نەتەوە غەیرە فارسەکان و بەتایبەت کوردەکان زمانی خۆیان لەبیر بچێتەوە و هەموویان ببنە بەشێک لە ئێرانی یەک وڵات، یەک نەتەوە و یەک زمان! بەڵام بەردەوام ئەنجامەکە پێچەوانە بووە و، ئەگەرچی لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەوە خەڵکی کوردستان ناچار کراون بەزمانی فارسی بخوێنن و بنووسن، بەڵام هێشتاش کوردەکان بە کوردی بیر دەکەنەوە، بەلووچ و عەرەب و ئازەرییەکانیش هەروەتر. کەواتە دەسەڵاتدارانی ئێران دەبێ لەوە تێ‌بگەن کە ئینکاری زمانی کوردی، بژاردەکانی بەردەم کوردەکان بۆ خەباتەکەیان زیاتر دەکا.

حەسەن ڕوحانی کە کەمتر لە سێ مانگی لەسەر ئەو کورسییە ماوە و ئەگەرچی بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ بووەتە سەرۆک‌کۆمار، بەڵام هیچ دۆسییەکی ستراتیژیی وڵات لەلای ئەو نەبووە، قەیرانێکی تاقەت‌پرووکێنی ئابووری وڵاتەکەی تەنیوە، ڕێژەی هەڵاوسان، بێکاری و هەژاری هەموو پێوانەکانی شکاندووە و لەو دۆخەدا سەدان میلیۆن دۆلاری ئەو خەڵکە هەژارە لە سووریە، لوبنان، عێراق و سووریە و یەمەن خەرج دەکرێ، کەچی هەمووی لەبەرچاوی ئەو دەکرێ و دەسەڵاتی قسەلەسەر کردنیشی نییە. کەچی باس لە کارەساتی خوێندن بە زمانی دایکی دەکا، کەچی لەبیری کردووە کە هەشت ساڵ لەمەوپێش بۆ ڕاکێشانی دەنگی ئەو نەتەوانەی بە فارسی قسە ناکەن، ڕاگەیاندراوێکی نۆ ماددەیی بڵاوکردەوە و بەڵێنی خوێندن بە زمانی دایکیی دا، ئەو بەدروستی پێی‌وابوو کە زمان بابەتێکی ستراتیژییە بۆ کوردەکان، کوردستانیانیش بەدروستی بەدوای ئەو بەڵێنە بەدرۆیەدا نەچوون و دەنگیان پێ نەدا، چونکە دەیانزانی دیکتاتۆر بۆیە دیکتاتۆرە چونکە جیاوازییەکان نابینێ و، بۆیە فاشیستە چونکە لەوانیتر تۆقیوە.

### عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

# پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێڕاق پێوەندییەکی سەربەرزانە بوو

**دیمانە: عەلی بداغی**

١٧ی بانەمەڕی ئەمساڵ چل ساڵەی ڕووداوی تاڵی بۆمبارانی زیندانی "دۆڵەتوو"یە. لەم هێرشە ئاسمانییەی سووپای عێڕاقدا ٦ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوون و ٤٢ کەس لە بەندکراوانی زیندان کوژران و پتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون. دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی هەر ئەوسا و لە هەموو ئەو ماوەیەشدا کە لەو ڕووداوە تێپەڕیوە، بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی بەراوەژوونیشاندانی ڕووداوەکەی داوە و گێڕانەوەکەی بە ئاقارێکیتردا بردووە.

"کوردستان" لە ٤٠ ساڵەی بۆمبارانی زیندانی "دۆڵەتوو"دا بۆ بیرهێنانەوە و خستنەوەڕووی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەو ڕووداوە، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێکهێناوە:

**مامۆستا دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی زۆر لەسەر زیندانی دۆڵەتوو ڕۆیشتووە، بە دروستکردنی فیلم، بە بەڵگەسازیی بە درۆ. بەڕێزتان کە بەرپرسێکی پایەبەرزی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات کوردستان بوون چۆن باس لەم ڕووداوە مێژووییە دەکەن؟**

ئەو ڕووداوە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، ڕووداوێکی یەکجار زۆر دڵتەزێن بوو، هەر لەبەر ئەوە نا کە ئێمە بۆخۆمان شەش پێشمەرگەمان تێیدا شەهید بوون، لەبەر ئەوەی زیندانێک کە لە حیمایەتی ئەو حیزبەدا بوو بەناحەق و ناڕەوا کەوتە بەر هێرشێکی بێڕحمانە و، بوو بە بەشێک لە شەڕێکی هەر لە بنەڕەتدا ناڕەوا کە لەنێوان دوو دەوڵەتدا لەئارادا بوو. لەبەر ئەوەی بووە هۆی کوژرانی خەڵکێکی زۆر لەو هەڵخەڵەتاوانە کە حیزبی دێموکرات بۆوەی ڕانەگرتبوون بیانکوژێ یان بۆ هەتا هەتایە لە بەندیخانەیان ڕابگرێ. چونکە سروشتییە کە لە شەڕدا زۆر جار دوو لایەنی شەڕ تووشی ئەو حاڵەتە دەبن کە ئەفرادی یەکتر ئەسیر و زیندانی دەکەن. بەڵام حیزبی دێموکرات ئەگەر سەیری مێژووەکەی بکەی و بەڵگەنامە و نووسراوەکانی بخوێنیتەوە دەبینی کە بە هەزاران کەسی لە هێزەکانی دوژمن گرتووە و دوایە ئازادی کردوون.

کەوایە ئەم ڕووداوە بۆ ئێمە خەسارێکی گەورە بوو کە وێمان کەوت و هەر ئەوکات لە بەیاننامەیەکدا کە وردەکارییەکانی تێدا هاتوون، ڕاشکاوانە و بە توندترین زمان مەحکوومان کرد.

**مامۆستا پێش ئەوەی بێمە خزمەتتان چاوێکم لەو بەیاننامەیە کرد و ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو هەر بەو زمان و دەربڕینەی سەرەخۆشی لە بنەماڵە شەهیدەکانی حیزب کراوە، هەر بەوجۆرەش هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوەکانی کۆماری ئیسلامی کراوە. مامۆستا دەزگای تەبلیغیی ڕێژیم زۆر لەسەر ئەوە دەڕوا کە زیندانی دۆڵەتوو شوێنێکی زۆر نەشیاو بۆ ڕاگرتنی بەندییەکان بووە، زیندانییەکان ئەشکەنجە کراون، تەنانەت دەگوترێ نایاسایی ئێعدام کراون. دەمەوێ بپرسم حیزبی دێموکرات چۆن زیندانەکانی بەڕێوە بردووە؟**

لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زیندان هیچکات ئامانج نەبووە، هیچکات پێمان خۆش نەبووە زیندانمان هەبێ، بەڵام هەموو دەوڵەتێک، هەموو دەزگایەک، بتەوێ و نەتەوێ بۆ پێشگیری لە هێندێک لادان و تاوانی کۆمەڵایەتی ناچارە جێیەکی هەبێ ئەو کەسانەی خەتایان کردووە ، بۆ ماوەیەکی کەم یان زۆر تێدا ڕابگرێ. بۆ ئێمە زیندان بەو جۆرە بووە. هەمیشە ئامۆژگاریی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بۆ پێشمەرگەکان و بۆ فەرماندەرانی پێشمەرگە ئەوە بووە کە لەگەڵ دیلەکان دەبێ ڕەفتاری موتەمەدینانەیان هەبێ. تەنانەت زۆرجار گوتراوە باشە ئەوە نییە ئەوان ئەسیری ئێمە دەکوژن! جوابی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە کۆماری ئیسلامی ئولگووی ئێمە نییە کە ئێمە ڕەفتارەکانی ڕەچاو کەین و، عەکسی ئەوە، لە زۆر جێگادا ئەوەی ئەو دەیکا پێچەوانەکەی دەکەین بۆ ئەوەی ڕەفتارێکی ئینسانی و پێشکەوتووانە و عەسریمان هەبێ لە بەرامبەر ئەودا. هەروەها لە قەوانینی شەڕدا کە ڕاستە شەڕ بۆخۆی بێقانوونییە، بەڵام لە سەحنەی نێودەوڵەتیدا قانوونی تایبەت بە شەڕیش هەیە کە دەبێ ڕەچاو بکرێن.

لەبارەی ئەوەش کە زیندانەکە چۆن بووە، ئێمە زیندانمان لە شاخی بووە، خۆ لە شار نەبووین. پێشمەرگەکانی پارێزەری زیندان لە چ خانوویەکدا ژیاون زیندانییەکانیش لە خانووی ئاوادا ژیاون. تەنانەت نانی زیندانییەکان و پێشمەرگەکان لە یەک جێ کراوە، جا چ بە تەندوور بووبێ، چ بە سێڵ. چێشتی پێشمەرگەکان و زیندانییەکان لە یەک مەنجڵدا لێنراوە و بەسەر هەر دووکیاندا دابەش کراوە. ڕاخەر و پێخەفی پێشمەرگەکان چی بووە، هی زیندانییەکانیش هەر ئەوە بووە. بەڵام مەعلوومە وەزعییەتی ڕیفاهی زۆر باش نەبووە، جێی خەو زۆر باش نەبووە. خواردنیش هەمیشە زۆر باش نەبووە، کێشە و گرفتیش هاتۆتە پێش. دەنا ئەو حەمامەی کە زیندانییەکان خۆیان لێ شووشتووە هەر ئەوە بووە کە پێشمەرگەکان خۆیان لێ شتووە. لەو بارەیەوە ئێمە زۆر بە سەربەرزییەوە توانیومانە زیندان و زیندانەکانمان بە خەڵکی دونیا پێشان بدەین. ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێری ڕۆژنامەکان هاتوون و ئەو دیمەنەیان دیوە کە دیمەنێکی ئینسانییە. مەسەلەن ڕەنگە ئەوە سەرنجڕاکێش بێ کە هەم لە ڕووی ئەمنیەتی و هەم لە ڕووی هێزی کارەوە بەشێکی زۆر لە کار و ئەرکەکانی زیندان بە زیندانییەکان سپێردراون. یانی بۆ ئەوەی زیندانییەکان لە بێکاری سەریان لێ ئەستوور نەبێ، بەشێکی زۆری ئەو کارانە بۆخۆیان دەیانکرد. تەنانەت نان لە زۆربەی کاتەکاندا زیندانییەکان دەیانکرد.

**دیارە ئەو کارانە لە دەزگای تەبلیغیی ڕێژیمدا بە بێگاری ناویان هاتووە.**

بەڵێ بە بێگار ناویان بردوون. بەڵام ئەو کارانە بۆ ئەوە بوون ئەوان وەختی پێوە خەرج بکەن. پاشان لە باری ئەمنییەتییەوە خاترجەمیی خۆیان هەبوو، ئێمەش خاترجەم بووین کە هیچیان لێ ناکرێ و لە هەمووی گرینگتر ئەو چێشتەی کە ئەمن دەیخۆم زیندانی بۆم لێدەنێ، نەک ئەوەی کە زیندانی دەیخوا ئەمن بۆی لێنێم و خراپی لێبنێم. هەموو ئیمکاناتەکە لە بەردەستی ئەواندایە. چێشتەکە لە یەک مەنجەڵدا کوڵیوە، بەرپرسانی زیندان و پارێزەری زیندان و خودی زیندانییەکان هەموو لەوە دەخۆن. چەندی مومکینە دەتوانین بڵێین ڕەفتارەکان ئینسانی و شارستانیانە بوون.

**سیستەمی دادڕەسی و بەدواداچوونی قەزایی چۆن بووە. مەسەلەن دەڵێن هەر پێشمەرگە یان بەرپرسێک هاتووە حوکمێکی داوە، تەنانەت حوکمی ئێعدام؟**

لە بنەڕەتڕا وا نەبووە کە هیچ پێشمەرگە یان بەرپرسێک حوکمی زیندانی بدا. ئێمە ئیددیعا ناکەین کە سیستەمێکی دادوەریی ڕێکوپێک و بێنەقسمان هەبووە. نەخێر، ئێمە دەوڵەت نەبووین، ئێمە پارتیزان بووین. بەڵام لێپرسینەوە هەبووە، لێکۆڵینەوە هەبووە بێئەوەی ئەشکەنجەی دەگەڵ بێ. دوایەش پەروەندەیان بۆ دەکرایەوە. ئەو کەسانەی کاری قەزاییان کردووە بەشێکیان هەر قازییش بوون، یانی قانوونیان خوێندبوو، بەشێکی دیکەشیان ئەزموونی کاری لەو چەشنەیان هەبووە. لەبارەی حوکم و بڕیارەکانیشەوە، پێموانییە هیچ زیندانییەک لای ئێمە هەموو ماوەی زیندانەکەشی کێشابێ. مەسەلەن ئەگەر حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی دراوەتێ، دەبینین پاش دوو ساڵ یان سێ ساڵان ئازاد کراوە.

**مامۆستا بێینە سەر ئەسڵی بابەتەکەمان کە باس لە بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتووە. دۆڵەتوو بۆ بۆمباران کرا؟ ئایا نیزیکایەتیی بەشێک لە حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە مەقەڕەکانی حیزبی دێموکرات هۆکار بوو؟ یان هۆکاری دیکەی هەبوو.**

ئەمن بە هیچ جۆرێک وای بۆ ناچم کە هۆکارەکە هەر ئەوە بووبێ. چونکی جاری وا هەبووە لەوانیان داوە و دەکرا لە زیندان نەدەن، لەحاڵێکدا لە زیندانیان دا و لەوانیان نەدا. بەڵام بتەوێ و نەتەوێ دەورانی شەڕ بوو و شەڕیش لە نێوان دوو دەوڵەتدا بوو کە هیچیان ئەرزەشیان بۆ قانوونی نێونەتەوەیی دانەدەنا. ئامانجەکە ئەوە بوو کە چەندی بکرێ پتر زەربە لە لایەنی بەرامبەر بدەن و زیاتری لێ بکوژن. باشە ئەوە دامان نا کە زیندانی دۆڵەتوو هێزەکانی ڕێژیمی تێدا بووە، ئەدی سەردەشت چی کە بۆمبارانی شیمیایی کرا. بانە و مەهاباد و ناوچەکانی دیکەی کوردستان چی کە بۆمباران کران، زەردەی دالاهۆ چی کە بە بۆمبی شیمیایی لێی درا. باسەکە ئەوەیە کە دوو لایەنی شەڕ دەیانەوێ زەبر لە یەکتری بدەن. لە عەینی حاڵدا ڕەنگە پێت سەیر بێ کە دەڵێم دەوڵەتی عێڕاق، -نایشارمەوە و شاراوەش نەبوو کە ئێمە پێوەندییمان لەگەڵی هەبوو؛ بەڵام -هێندەش چارەی ئێمەی نەدەویست. هیچ بۆی موهیم نەبوو زیندانیی ئێمە، یان پێشمەرگەی ئێمە دەکوژرێ. هەربۆیەش ئەوکات ئەو کردەوەیە، یانی ئەو بۆمبارانەمان بە شێوەیەکی زۆر توند و بە کەلیماتی زۆر توند مەحکووم کرد.

**بە هێنانی وشەی فاشیست لە بەیاننامەکەدا؟**

بەڵێ بە عەمەلیاتێکی فاشیستیمان ناو برد. شتێکی لەوە سەیرترت پێ بڵێم، ئێستا دەقیقەن لەبیرم نییە، بەڵام ئەمریکای موتەمەدین لە ئەفغانستان، زیندانێکی بۆمباران کرد کە دەشیزانی زیندانە و ٨٠٠ کەسی تێدا کوژرا. ئەوە ئیدی شەڕە و شەڕ بۆخۆی خراپە، بێ مانایە و شتی بێ مانای دیکەشی تێدا دەقەومێ. بەڵام ئەوەندەی کە پێوەندیی بە ئێران و عێڕاقەوە هەیە ، ئەوان هەر دووکیان چیان بۆ کرابێ، لەدژی یەکتری کردوویانە. مەسەلەن ئێران چەندی ئیفتیخار بەوە دەکرد کە مووشەکەکانی لە بەغدا دەدا، بەڵام لە بەغدا لە کوێی دەدان! یەک مووشەکیش لە کۆشکی کۆماری نەکەوت. یەک مووشەکیش لە بنکە نیزامییەکان نەدرا، وە خەڵکی دەکەوت. عێڕاقیش کە لە ئێرانی دەدا هەر وە خەڵکی دەکەوت.

**مامۆستا دەمەوێ باسی ئەو گومانی پیلانە بکەم کە ٤٠ ساڵە ڕێژیم لەسەری دەڕوا. ئەوە کە ئەو عەمەلیاتە بە چاوساغیی حیزبی دێموکرات کراوە و لە کاتی بۆمبارانەکەدا بەرپرسانی زیندان و پێشمەرگەکان شوێنەکەیان چۆڵ کردووە، یان تەنانەت دوای بۆمبارانەکە کۆمەڵێک زیندانی کە ویستوویانە ڕابکەن، کەوکوژی کوشتوویانن؟**

سەرتاسەری ئەوانە قسەی بێبنەما و تۆمەت و بوختانن کە هەر لە کۆماری ئیسلامی دەوەشێنەوە. هەر ئەوە کە ئێمە شەش پێشمەرگەمان شانبەشانی زیندانییەکان شەهید بوون بۆخۆی دەلیلێکە. لە پاشان ئەو زیندانییانەش کە ئیجازە بدەن بڵێم ئەوانیش شەهید بوون، جەنازەکانیان بە قەدر و حورمەتەوە لە زیندانی دۆڵەتوو ڕا گواسترانەوە بۆ سەر جادەی پیرانشار_سەردەشت و لەوێ تەسلیمی ئەو نوێنەرانە کراون کە دەوڵەت لە سەردەشتەوە ناردبوونی وەریانگرن. پاشان بە فەرزی مەحاڵ حیزبی دێموکرات ویستبێتی زیندانییەکان بکوژێ، ئەوە بۆمبارانی بۆ چییە بۆخۆی دەیکوشتن و تەواو. بەڵام خۆ ئەوان کاریان بەوە نییە شت هەیە یان نییە، ئەوان لە ماڵی خۆیاندا دادەنیشن و قسە ساز دەکەن. بۆ نموونە وەبیرم دێ، ئەو وەختەی مەهاباد گیرا، ساڵی ١٣٥٨ کە ئێمە بەجێمان هێشت، کۆماری ئیسلامی تەبلیغاتی ئەوەی دەکرد کە دەبێ ئێمە پلاکاردی بەخێرهێنانی ئەرتەشی ئیسرائیلمان ئامادە کردبێ. قسەیە و ئەو دەیکا! ڕەنگبێ خەڵکی ساویلکەش هەبێ باوەڕیان پێ بکا کە هیوادارم نەبێ. بەڵام چونکی ئەوانە ئەوەندە وەستان لە تۆمەت و ئیفترا و بوختان و درۆهەڵبەستن، ڕەنگە یەکێک هەر باوەڕیان پێ بکا. ئەرێ باشە کەس نییە بپرسێ بڵێ ئەو ئەرتەشی ئیسرائیلە بە کوێدا دەهات! بەسەر چەند وڵاتی عەرەبیدا دەهات بە مەخفی تا لە مەهاباد حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەی کورد پێشوازیی لێ بکەن. یانی ئەو شتانەی ئەوان دەیانڵێن هەر لایەقی خۆیانە.

**مامۆستا بەشێک لەو بوختانانە ڕووی لەو ڕۆژنامەنووسانەیە کە هاتوون و ڕوومالی ڕووداوەکانی ئەوکاتی کوردستان و خەباتی پێشمەرگانەیان کردووە و ڕێژیم بە سیخوڕیان ناو دەبا. دەڵێ ئەوان هاتوون و لە زیندان وێنەیان گرتووە و ئەو وێنانە دراونەتەوە ڕێژیمی بەعس؟**

دەزانی چۆنە، هەر من بۆخۆم بەبێ ئەوان دەڵێم پێموایە ڕۆژنامەنووسانیش، ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییانە کە دێن، ڕێکخراوە تەندروستی و پزشکییەکانیش کە دێن، خەڵکی وڵاتی خۆیانن، دڵسۆزی وڵاتی خۆیانن و وڵاتی خۆیان خۆش دەوێ. ڕەنگە زانیارییەکیش بە نەفعی وڵاتی خۆیان کۆ بکەنەوە. بەڵام هەموو ئەوانە، لە دنیایەدا وا ناسراون کە بێخەتان. یانی کابرا تابلۆیەک لە پشت یان لە سینگی دەدا کە لێ نووسراوە پرێس و ڕۆژنامەنووسە. ئیدی ئەگەر شەڕەکە موتەمەدینانە بێ، وەنێو شەڕەکە دەکەوێ و هیچکەس حەقی نییە تەقەی لێ بکا. لەبەر ئەوەی ئەوانە ئەمینن و هاتوون ڕووداوەکان وەکوو ئەوەی هەیە تۆمار بکەن و بیدەن بە ئەفکاری عموومی. بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسە فەڕانسەوییەکان هەروەها پزیشکە فەڕانسەوییەکانیش، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ میللەتی کورددا دەتوانین بڵێین، ئینسانی شەریف بوون و لە نییەتی خزمەت بەولاوە هیچ نییەتێکی دیکەیان نەبووە. جا ڕەنگە وەختێک ڕۆژنامەنووسێک کە لایەنگری میللەتی کوردە، حەتمەن موخالیفی ئەو کوشت و کوشتارەش بێ کە کۆماری ئیسلامی لە میللەتی کوردی دەکا، دەوڵەتی عێراق یان دەوڵەتی تورکیە دەیکا. بەڵام بێتەرەفیی موتڵەقیان پاراستووە. بۆیە بە هیچ جۆر



**هەمیشە ئامۆژگاریی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بۆ پێشمەرگەکان و بۆ فەرماندەرانی پێشمەرگە ئەوە بووە کە لەگەڵ دیلەکان دەبێ ڕەفتاری موتەمەدینانەیان هەبێ. تەنانەت زۆرجار گوتراوە باشە ئەوە نییە ئەوان ئەسیری ئێمە دەکوژن! جوابی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە کۆماری ئیسلامی ئولگووی ئێمە نییە کە ئێمە ڕەفتارەکانی ڕەچاو کەین و، عەکسی ئەوە، لە زۆر جێگادا ئەوەی ئەو دەیکا پێچەوانەکەی دەکەین بۆ ئەوەی ڕەفتارێکی ئینسانی و پێشکەوتووانە و عەسریمان هەبێ لە بەرامبەر ڕێژیمدا**

**کە چووینە ژووریَ دوکتور قاسملوو ئەمنی بە بەرپرسەکەی بەعس ناساند و گوتی ئەوەش وەزیری تەبلیغاتی ئێمەیە. مەسئوولەکە گوتی یانی بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەو نووسیویەتی! ئەمنیش بێ ڕاوەستان گوتم یانی عەمەلیاتی دۆڵەتوو جەنابت دەستوورت دابوو؟ دوکتور قاسملوو هەڵیدایە گوتی: "بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەمن نووسیومە، ئەتۆ حەق بە خۆت دەدی زیندانم بۆمباران بکەی، زیندانیم بکوژی، پێشمەرگەم لێ شەهید بکەی، بەڵام حەق بە من نادەی مەحکوومی بکەم! حیزبی دێموکرات پێوەندیی ئاوا نازانێ**

بوختانێکی وا بەوانەوە ناچەسپێ.

**تەنانەت لە ئاماری کوژراوەکانیشدا ئاماری جۆراوجۆر بڵاو دەکەنەوە و باس لەوە دەکەن کە ژمارەی کوژراوەکان ١٨٠ کەس بووە.**

زیندانی دۆڵەتوو لەو وەختەدا ١٨٠ کەسی لێ نەبوو هەتا ١٨٠ کەسی لێ بکوژرێ. بۆیە بەتەواوی ڕەتی دەکەمەوە، بەڵام ئەوەندی ئەمن بزانم و ئەوەندی ئێمە ئاگاداریین لە بریندارەکانیش کەسیان نەمرد. هێندێک کە برینەکانیان سەخت بوون تەحویل دەرانەوە و ئەوانەش کە برینەکانیان سووک بوون لە لای خۆمان مانەوە و ئەوانیش کەسیان لێ نەمرد کە بڵێین ئاماری کوژراوەکان دوایە زیادی کردبێ.

**مامۆستا هەر لە درێژەی ئەو چەواشەکارییانە ماوەیەک لەوە پێش لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی‌دا خەلەبانێکی ئەرتەش بانگ کرابوو، باسی ئەوەی دەکرد گۆشتی خەلەبانەکان لای کوردەکان قیمەتێکی زۆری کردووە و کیلۆی بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن مەزەندە کراوە. وا بزانم حیزب خەلەبانێکی بە بریندار گرتبوو، بەسەرهاتی ئەو چیی بوو؟**

مەسەلەکە ئەوەیە ئەو خەلەبانی هێلیکۆپتری کوبرایە کە ئێمە کوردەکان گۆشتەکەی کیلۆی بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن دەکڕین و دیارە نازانن ٥٠٠ میلیون تمەنی ئەوکات چەندە بووە. یەک میلیۆن تمەنی ئەو وەختی دەیکردە دەوری ٢٠هەزار دۆلار، واتە ٥٠٠ میلیۆن دەیکردە ١٠میلیۆن دۆلار، قسەیەک کە دەبێ هەر ئەوان بیکەن و هەر لە خۆیان جوانە.

**ئەدی مامۆستا بەسەرهاتی ئەو خەلەبانە چی بوو؟**

جارێ باسی خەلەبانەکە ناکەم باسی خەلەبانی هێلیکۆپتێرەکە دەکەم. باشە ئەو هیلیکۆپتێرە کە ئێمە بەرمان داوەتەوە و جەنازەی خەلەبانەکەی لەبەر دەستی ئێمەدا بووە، بۆ بە پووڵ گۆشتەکەیمان دەکڕی. ئەوە نییە کەلاکەکەی لە بەردەستی خۆماندایە، لە کێی دەکڕین؟ ئەگەر لەبەر دەستی ئەواندایە، یانی ئەوان گۆشتی کەلاکی کوژراوەکانی خۆیان بە پووڵ دەفرۆشت؟ ئەو پرسیارە لە خۆیان ناکەن، یانی بۆ ئەو کەسانەی کە ساویلکەن و باوەڕیان پێ دەکەن ئەوەندە کار لەسەر مێشکیان دەکەن کە مەجالی بیرکردنەوەیان بۆ نەمێنێ. ئەوە لە کام بازاڕدا بوو، لە کام قەسابخانە بوو کە گۆشتی خەلەبان دەفرۆشرا. لە پاشان من ڕووداوێکت بۆ بگێڕمەوە.

ئەمن بۆخۆم چاوم لێ بوو دوو تەیارە لە ئاسمانی ناوچەی مەنگوڕایەتیی مەهاباد دەرکەوتن. بە چاو دەمدین، بەڵام نەمدەزانی کامیان ئی کام وڵاتن. یەکێکیان مووشەکێکی هاویشت کە وە ئەوی دیکە کەوت. یانی هەموویم دیت. بەڵام ناوچەکە شاخاوییە و بە کەمتر لە ٥ سانیە یان ١٠ سانیە هەر دووکیان ون بوون. دوایە دەرکەوت لە دەوروبەری چوار پێنج کیلۆمیتر ئەولاتر ئەو تەیارەیەی لێی دراوە بەر بۆتەوە و تەیارەی ئێرانیش بووە. ئەو تەیارەیە بەر بۆوە و خەلەبانەکەی بە بریندار کەوتە دەستی پێشمەرگە. دەوڵەتی عێراقیش بەمەی زانی. هەرچی لە توانای‌دا بوو هەوڵ و تەقەلای دا بۆ ئەوەی ئێمە ئەو زیندانییەی ڕادەست بکەین، حیزبی دێموکرات نەچووە ژێر بار. حیزب گوتی ئەوە خەلەبانی ئێرانییە و لە خاکی ئێران و لە ناوچەی ئێمەدا کەوتۆتە ژێردەستی ئێمە و، ئێمەش خەڵکی ئێرانین و دەیدەینەوە بە دەوڵەتی ئێران. ئەوەندی کرا دەرمان کرا و دوایە بە حورمەتەوە تەسلیمیان کرایەوە. باشە وەختێکی گۆشتی خەلەبانی هێلیکۆپتەر بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن دەکڕین، خەلەبانی فانتۆم بۆ بەخۆڕایی دەدەین بەوان؟[پێکەنین] ئارەزوو دەکەم بەردەنگەکانی ئەوان پتر بیر بکەنەوە.

داستانێکی دیکەت بۆ بگێڕمەوە؛ کابرایەکیان بە ئەسیر گرتبوو لە ناوچەی سەردەشت. لێی دەپرسن بۆ هاتوویە ئێرە؟ دەڵێ: "هاتووم بۆ شەڕ". بۆ شەڕی کێ؟ دەڵێ بۆ شەڕ دژی کافرەکان. باشە کافر کێن؟ دەڵێ: "ئێوە". پاشان لێی دەپرسن باشە ئەتۆ پێشتر هاتوویە کوردستان؟ دەڵێ: "بەڵێ ئەمن لەوەپێش لەو سەردەشتەی خزمەتم کردووە و ژاندارم بووم". لێی دەپرسن باشە لە سەردەشت گوێت لە بانگ نەدەبوو؟ وەکوو لە خەو ڕاچەنێ دەڵێ با. دەڵێن مزگەوتی لێ نەبوو؟ وەکوو ئەوە لە خەو هەستابێ دەڵێ بەڕێوەڵڵا مزگەوتیشی لێ بوون. باشە نوێژیان نەدەکرد، ڕۆژوویان نەدەگرت؟ دەڵێ با. چی و چی، دەڵێن ئەی بۆ ئێدی بە کافریان دادەنێی. کابرای ئەسیر دەڵێ: "ئەمن ئێستا هیچ قسەم نەماوە و ئەوەی ئێوە دەیڵێن هەمووی ڕاستە. بەڵام بریا ئێوەش تەنیا چەند ڕۆژ لەبەر دەستی ئاخونددا بوایەن و قسەی بۆ کردبان، داخوا ئێوەش دەتانگوت میللەتی کورد کافرە یان نا".

**مامۆستا بێینە سەر کاردانەوەکانی حیزبی دێموکرات بە بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو، دیارە جەنابت بە کورتی باست لە بەیاننامەکە کرد؟**

بەیاننامەکەمان وەکوو عەرزم کردی و بۆخۆشت خوێندووتەتەوە، بەیاننامەیەکی توند بوو. بەسەرهاتێکیش هەیە وابزانم جارێکی دیکەش هەر لە وتووێژێکی دیکە لەگەڵ خۆت باسم کردووە. لەبیرمە ماوەیەک پاش بەیاننامەکە بوو، دوکتور قاسملوو سەفەری دەرەوەی دەکرد و بە بەغدادا دەڕۆیشت. ئەمنیش لەگەڵی بووم هەتا بەغدا، لەوێ بەڕێم کرد و جا گەڕامەوە. لە کەرکووک لامان دا. لە مەرکەزێکی کە وابەستە بە موخابەراتی عێراق بوو. ئەوان بەشێکیان هەبوو تایبەت بە کاروباری ئێرانییەکان. شەهید دوکتور قاسملوو پێشتر چووبوو، بەڵام من نەچووبووم. لەو وەختەدا ئەمن بەرپرسی تەبلیغاتی حیزب بووم. کە چووینە ژووریَ بەخێرهاتنیان کردین دوکتور گوتی ئەوەش وەزیری ئیعلام (تەبلیغات)ـی ئێمەیە. هێشتا دانەنیشتبووین، مەسئوولەکە گوتی یانی بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەوە نووسیویەتی! ئەمنیش بێ ڕاوەستان گوتم یانی عەمەلیاتی دۆڵەتوو جەنابت دەستوورت دابووا؟ ئەوەمان گوت و دانیشتین. چایان هێنا. دوکتور قاسملوو هەڵیدایە گوتی: "بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەمن نووسیومە، [ئێستا نازانم ئەو نووسیبووی یان نا، بەڵام ئەمن نەمنووسیبوو] ئەتۆ حەق بە خۆت دەدی زیندانم بۆمباران بکەی، زیندانیم بکوژی، پێشمەرگەم لێ شەهید بکەی، بەڵام حەق بە من نادەی مەحکوومی بکەم! حیزبی دێموکرات پێوەندیی ئاوا نازانێ.

کابرا بە ڕاستی کەوتە پتە پت و زۆر بە تەنگاوی عوزری هێنایەوە و گوتی قسەیەک بوو کردمان. ڕووداوەکەش هەڵەیەک بوو کرا، دەنا ئێمە چۆن زیندانی ئێوە بۆمباران دەکەین، هەڵەی خەلەبان بووە و لەو قسانە و پاساوی بۆ هێنایەوە.

**مامۆستا هەموو هەوڵی ڕێژیم ئەوەیە کە بڵێ حیزبی دێموکرات گوێ‌لەمستی حیزبی بەعس بووە و، لەو بەستراوەییەدا هیچ سنوورێکی نەپاراستووە. پێم خۆشە لێرەوە بچینە نێو پێوەندییەکانی حیزب دێموکرات و حیزبی بەعسەوە.**

پێم‌وابێ جارێکی دیکەش ئیشارەم پێ کردووە، پاش ڕووخانی دەوڵەتی عێراق [دەوڵەتی پێشوو] ساڵێک دوو ساڵ دواتر لێرە دوکتور مەحموود عوسمان‌مان میوان بوو. لە کۆبوونەوەیەکدا قسەی بۆ خەڵک کرد. شاهیدییەکی زۆر جوانی دا. باسی ئەوەی کرد کە پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندییەکی سەربەرزانەیە، ئەو هەموو مەدرەکە، بە سەدان تۆن ئەوراقی دەوڵەتی وەدەست هێزەکانی دژی بەعس کەوت لاپەڕەیەکی تێدا نەبوو کە نیشانەی ئەوە بێ حیزبی دێموکرات خزمەتی دەوڵەتی عێراقی کردبێ. عەکسی ئەوەش شتی موسبەتی تێدا بووە.

**باشە مامۆستا دەوڵەتی بەعس داواکاریی لەوچەشنەی لە حیزبی دێموکرات نەبووە؟**

بەڵێ بوویەتی، بەڵام وەڵامی نەدراوەتەوە. ئەمن لەبیرمە و بۆخۆم شایەت بووم کە دەوڵەتی عێراق داوایان لە ئێمە کرد کەسێکی دژی ئەوان تێرۆر بکەین، جوابی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە ئێمە تێرۆر بۆخۆمان ناکەین چۆن بۆ ئێوەی دەکەین.

**بەڵام ئەوکاتە نێوان ئێران و عێراق شەڕ بوو، بێ‌گومان هەم عێراق دژی ئێران شەڕی دەکرد و هەم ئێران شەڕی بەسەر کورددا سەپاندبوو. ڕەنگە ئامانجی هاوبەشیش هەبووبێ بۆ زەربەلێدانی دوژمنی هاوبەش.**

بەهەرحاڵ بتەوێ و نەتەوێ کاتێک دوو هێز بەرامبەر بە هێزێکی دیکە شەڕ دەکەن لە باری گشتییەوە لە یەک سەنگەردان. چوونکی هەردووکیان بەرابەر بە هێزێک شەڕ دەکەن، کەواتە دەتوانین بڵێین ئێمە و دەوڵەتی عێراق بەو مانایە لە یەک سەنگەردا بووین بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی. هەردووکمان لە دژی ئەو شەڕمان دەکرد. بەڵام ئەوە هەم بە عەمەل و هەم بە قسە بەوان گوتراوە کە شەڕی ئێمە دژی دەوڵەتی ئێران هەم لە باری سروشتەوە و هەم لە باری ئامانجەوە فەرقی هەیە لەگەڵ شەڕی دەوڵەتی عێراقێ دژی دەوڵەتی ئێران. ئەوەی ئێمە شەڕی پارتیزانییە لەباری تێکنیکییەوە و هی ئێوە شەڕێکی جەبهەیی بە تانک و تۆپ و فڕۆکە و کاتیوشا و ئەوانە. لە باری ئامانجیشەوە ئێمە دەمانەوێ ئەو دەوڵەتە ناچار بکەین دان بە حقووقی ئێمە دابنێ لە چوارچێوی وڵاتەکەماندا، لە حاڵێکدا ئێوە دەتانەوێ بە قەولی فارس "کشور گشایی" بکەن. ئەوەتا ناوچەیەکی زۆری خوزستانتان داگیر کردووە و پێتان بکرێ پتریش داگیر دەکەن. کەوابێ شەڕی ئێمە بە جودایە و شەڕی ئێوەش بە جودا. تەنانەت جارێکی داوایان کرد پێشمەرگەی ئێمە بچێ لەگەڵ هێزەکانی ئەوان لە ناوچەی ئالانی سەردەشت عەمەلیاتێکی هاوبەش لەسەرهێندێک پایەگای ڕێژیم بکەن. ئێمە جوابمان دانەوە و گوتمان پێشمەرگەی ئێمە ئەگەر شەو داهات هەر هێزێکی چەکدار ببینێ، دەنگی دەدا و ئەگەر ناوی شەوی پێ نەبوو لێی دەدا. کەوابێ ئەگەر ئێوەش بێن پێشمەرگەی ئێمە لێتان دەدا. نەک عەمەلیاتی هاوبەشتان لەگەڵ ناکەین لێشتان دەدەین.

**کەواتە نەبووە کە مەسەلەن هێزێکی عێراقی بە هاوکاریی ئێمە هاتبێتە کوردستان بۆ شناسایی، یان بۆ زەربە لێدان لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی؟**

بەهیچ جۆرێک هیچ هاوکارییەکی عەمەلەیاتی لە نێوان پێشمەرگە و ئەواندا نەبووە، دیارە ئەوان لە کوردستانیش عەمەلیات و تەنانەت جینایەتیشیان کردووە، هەم دەوڵەتی عێراق لە ئێران و دەوڵەتی ئێران لە عێراق. ئەوە شتێکی دیکەیە. بەڵام وەکوو بڵێین ئێمە پێکەوە عەمەلیاتی هاوبەشمان کردبێ، قەت نەبووە.

**مامۆستا بۆ وەبیرهێنانەوە خراپ نییە باس لەوە بکەین کە لەو هەڵوێستە مێژوویانەدا تەنانەت حیزب بەیاننامەی ڕەسمیی هەیە ڕوو بە حکوومەتی مەرکەزی، کە ئەگەر حکوومەتی مەرکەزی مل بۆ داخوازەکانی کورد ڕاکێشێ ئێمە ئامادەین کە پێشمەرگەکانمان لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی تاران لە دژی حکوومەتی عێراق بچنە بەرەی شەڕەوە؟**

ئەوە ئەو وەختە بوو کە شەڕەکە هەڵایسا و حیزبی دێموکرات بەیاننامەیەکی دەرکرد و ڕایگەیاند کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی تەنیا لە قسەدا ئیعلان بکا کە ئێمە مافی خودموختاری بۆ میللەتی کورد بە ڕەسمی دەناسین، ئێمە هەموو هێزەکانمان لە جەبهەی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ئێران دەگێڕینەوە و شان بە شانی ئەوان لەدژی هێزەکانی عێراق دەکەوینە شەڕ. بەڵام لە جیاتیی ئەوەی ئەوە قەبووڵ بکەن ئەوەندی بۆیان کرا هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان بەرینتر کردەوە.

**مامۆستا نووکە ڕمبی تەوبلیغاتە ژاراوییەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر دوکتور قاسملوویە. بەڵام جەنابت پێشتر باسی ئەوەت کردبوو کە ڕێژیمی بەعس زۆر پیس لە دوکتور قاسملوو وەڕەز و بێزار بوو؟**

زۆر تەبیعی بوو، چونکی دوکتور قاسملوو شەخسییەتێکی نێونەتەوەیی بوو و خەڵک قسەی لێ دەبیست. ئەو دواییانە لە ئەدەبیات و لە ئەسناد و با بڵێین فایلەکانی وڵاتانی خاریجی‌دا زۆر شت دەرکەوتن کە دوکتور قاسملوو ئەو وەختی لە دژی دەوڵەتی عێراق کردوونی و دەوڵەتی عێراق بەوانەی دەزانی. ڕەنگە جارێکی دیکە ئەوەشم باس کردبێ وختێکی کە خەبەری تێرۆری دوکتور قاسملوو هات ئەمن یەکسەر گوتم کاری عێڕاقە. شەهید دوکتور سەعید گوتی: "شتێک هەیە ئەتۆ ئاگات لێی نییە". گوتم چی. گوتی: "دانوستانێک هەبووە لە نێوان ئێمە و کۆماری ئیسلامی‌دا". گوتم جا ئەوجار مەعلوومە، چونکی ئەوان نەهاتوون دانوستان بکەن و هاتوون دوکتور قاسملوو تێرۆر بکەن. یانی بەو ئەندازەیە شکم لە حکوومەتی بەعس بوو. دیارە دوکتور قاسملوو بۆ خۆی کەسایەتییەکی گەورە و دیپلۆماتێکی پایەبەرز بوو، لە عەینی حاڵدا مەسئوول و ڕێبەری حیزبێکی گەورەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بوو کە شەڕی لە دژی دوژمنەکەی ئەوان دەکرد. کەوابێ هەم لەگەڵ حیزبەکەی مودارایان دەکرد و هەم لەگەڵ دوکتور قاسملوو. دیارە ئەگەرچی زۆر بەحورمەتەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەڵام ڕوونە کە چۆن لە دوکتور قاسملوویان دەڕوانی.

**لەبەر ئەوە کە دوکتور قاسملوو بە قسەی نەدەکردن و بە دڵی نەدەکردن؟**

ئەی خۆ لە جێیەکی دیکە لە قسە بۆ ڕادیۆدا باسم کردووە، وتووێژێک هەبوو لەبیریشم نەمابوو بەڵام ئەو ماوەیە کاک محەممەدڕەزا ئەسکەندەری داینابوو، لە بارەی مەرگی هێمنی شاعیرەوە. دوکتور قاسملوو زۆر جار کە دادەنیشتین دەیگوت ئەوانە [بەعس] فاشیستن. جا مامۆستا هێمنی ڕەحمەتی جارێکی سناریۆیەکی دروست کردبوو بە شۆخی لەسەر سوڵحی ئێران و عێڕاق [دوای ڕێککەوتنی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر] کە ئێمە گیراوین و هەموومان ئێعدام دەکەن و بردوویانین و ڕیزیان کردووین بۆ ئێعدام. هەرکەس لەو وەختەدا قسەیەک دەکا یان عەمەلێک دەکا. قسەکەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە دەیگوت ها برادەران پێم نەگوتن ئەوانە فاشیستن. جا شتی ناخۆش وەبیر پیاو دێتەوە. هەر ئەو مامۆستا هێمنەی کە ئەو سیناریۆیەی ساز کردبوو و باوەڕی پێی هەبوو، کەچی وەختی خۆی کە جەماعەتی حەوت کەسی پەیدا بوون ئەویش دوکتور قاسملووی بە بەعسی ناو برد، بەداخەوە.

**مامۆستا لە بارەی دوکتور قاسملووە ماوەیەک لەوە پێش بەڵگەنامەیەک بڵاو بۆوە کە دوکتور قاسملوو نامەیەکی بۆ سەدام حوسین نووسیوە و لەوێدا مام جەلال تاڵەبانی بە "برای بەڕێزم" ناو دەبا، یانی لەو نامەیەدا کە دەکرا کەسیش قەت پێی نەزانێ ڕوو بە سەرکۆمار و دیکتاتۆرێکی وەک سەدام یەکێک لە دژبەرە هەرە سەرسەختەکانی ئەو بە برای خۆی ناو دەبا کە ئەوە دەگمەن و هەر لە کەسێکی وەک د. قاسملوو دەوەشێتەوە. هەر ئەوە بەشێک نەبوو لەو ڕق و قینەی بەعس لە د. قاسملووی هەبوو؟**

ئەو ئازادمەنیشییەی حیزبی دێموکرات کە دەتوانین بڵێین بەشێکی بۆ دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە، چونکی ئەو ڕێبەر و ئولگوو بوو بۆ هەمووومان، زۆری دڵی دەوڵەتی عێراق دەئێشاند. مەسەلەن دانوستانی ساڵی ١٩٨٣ کە لە نێوان دەوڵەتی عێراق و یەکیەتیی نیشتمانی پەیدا بوو، لە ڕێگای حیزبی دێموکراتەوە بوو. هەوەڵین ئەڵقەی ئەمن لەوێ بووم لەگەڵ دوکتور قاسملوو. براکەی سەدام، بەرزان تکریتی کە ئێعدام کرا، خوا هەڵناگرێ زۆر بە ئەدەبەوە ڕوو بە د. قاسملوو گوتی: دوکتور ئەگەر ئێمە پەیامێکمان هەبێ بۆ کاکە جەلال، ئێوە لەو سنوورانە هیچ ئیمکانتان هەیە پێی بگەیەنن؟ دوکتور گوتی: ئەو قسەیە یانی چی؟ ئێمە ئەگەر هاتووین شەوێ میوانی مام جەلال بووین. بەڵێ ڕوونە کە پێی دەگەیەنین. یانی هیچکات ئێمە ئەوەمان نەدەشاردەوە. تەنانەت بێ ئەدەبییە ئەوەی دەگێڕمەوە. جارێکی لەسەر هێندێک لە کێشەکانمان کە لە قەندیلی هاتبووە پێشێ، لەگەڵ بەرپرسانی بەعس لە سلێمانی دانیشتبووین. مەرحووم کاک غەفوور هەمزەیی مەسئوولی پێوەندییەکانمان بوو. چووبووین لەگەڵ قائید فەیلەقی ئەوێ و نوێنەرێک کە لە بەغدارا هاتبوو دانیشتبووین. هەروا کە قسەمان دەکرد ئەمن گوتم ئێمە خێری وانمان دەوێ، یانی کوردی عێراق. چونکی داوایان لێ دەکردین ئێمە لە قەندیل ڕێگە نەدەین ئەوان بەوێ‌دا بێن و بچن. گوتم شتی وا چۆن دەبێ، ئەگەر ئەوە مافێک بێ مافەکە بەوانە هەتا ئێمە. ڕەنگە حەق بەوان بێ بە ئێمە بڵێن لێرە مەبن، چونکی ئێرە خاکی ئەوانە، نەک ئێمە داوایەکی ئاوامان لەوان هەبێ.

دوایە کە هاتین بچینە ڕانیە و لەوێ شتەکان تەتبیق بدەین، کاک غەفوور هەمزەیی گوتی: ئەرێ ئەتۆ دەزانی دەڵێی چی، ئاگات لە زمانی خۆت هەیە؟ گوتم ئا خۆ دەزانی ئەمن مەشرووب ناخۆمەوە و مەست نەبووم. بەڵێ، زۆر چاک دەزانم دەڵێم چی. با ئەوان بزانن کە ئێمە دوژمنی کوردی عێراق نیین، بەڵکوو خێری وانمان دەوێ.

**مامۆستا وەکوو دوا پرسیار هەربێینەوە سەر باسی زیندانەکەی دۆڵەتوو. چل ساڵەی بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو لای جەنابت بیرهێنەرەوەی چ شتێکە؟**

دیسان هەر ئەو دوو شتە وەبیر پیاو دێنێتەوە. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو دیاردەی شەڕە چەندە زیانبار بووە بۆ بەشەرییەت و، چ جینایەتی گەورەگەورەی لێ دەخولقێن و شەڕ چۆن هەموو سنوورەکانی ئەخلاق، دین، سیاسەت تێ‌دەپەڕێنێ. پاشان شتێکیش زیاد دەبێ ئەوەی کە ئەحمەدی خانی دەیڵێ و ئەمن شێعرەکەی ئەحمەدی خانیم وەک خۆی لەبیر نییە و تەرجەمە موکریانییەکەیم لەبیرە کە دەڵێ:

**"یەک هێرشێ بۆ سەر ئی دی بێنێ**
**هەر کوردە دەبن شەڵاڵی خوێنێ"**

کوردەکە لەو نێوەدا بەهەر دوو تەڕەف لێی دەدرێ. ئەوە یەکێکە لەو بیرەوەرییە تاڵانە کە لە ڕووداوی زیندانی دۆڵەتوو و دەیان ڕووداوی لەو بابەتە چ لە دیوی ئێران بووبێ چ لە دیوی عێراق بووبێ ، چ لە دیوی تورکیە بووبێ، تەنانەت لە سوورییە بووبێ کە پیاو دەیبینێ.

**مامۆستا زۆر سپاس لەوەی کاتت دانا بۆ ئەم وتووێژە.**

ئێوەش ساغ و سلامەت بن.

***

# بایدێن و کێشەکانی لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا

ئامانج زیبایی

ئیدارەی نوێی ئامریکا لە وەرزی یەکەمی دەستبەکاربوونی خۆی لە لە ئاستی نێوخۆییدا چەند دەسکەوتێکی گرینگ و بەرچاوی وەدەست هێناوە کە گرینگترینیان کۆنترۆڵکردنی پەتای کرۆنایە.

هەڵسەنگاندنی کارنامەی سێ مانگەی شێوە و جۆری بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە ئامریکا و کۆمەڵە وڵاتێکی دیکەش دیاردەیەکی باوە. ڕۆژی ٢٠ی ژانوییە کە جۆ بایدێن وەک چل‌وشەشەمین سەرۆک‌کۆماری ئامریکا دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەم وڵاتە بەدەست کرۆناوە پەکی کەوتبوو و ڕەوتی کوتانی کرۆنا زۆر بە خاوی دەچووە پێش، بەڵام دوای دوو مانگ لە هاتنە سەر کاری ئیدارەی بایدێن ٢٠٠ میلیۆن کەس، واتە یەک لە سێی حەشیمەتی ئەم وڵاتە کوتران، کە ئەم هەڵمەتە وەک سەرکەوتنێکی گەورە چووە گیرفانی بایدێن. سەرکەوتنێکی دیکەی بایدێن کە ئەویش هەر بەجۆرێک لێکەوتەی پەتای کرۆنا، سستی و لاوازیی کەرتی ئابووریی ئەم وڵاتە بوو کە تیمی کاری بایدێن لەو بەشەش‌دا توانی بە وەرگرتنی پاکێجێکی دوو تریلیۆن دۆلاری لە کۆنگرە بازاری ئامریکای پێ ببوژێنێتەوە.

تەوەرێکی دی لە کار و چالاکییە بەرچاوەکانی بایدێن لەو وەرزەدا پێوەندیی هەبوو بە سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا کە بەشێکیان بریتی بوون لە پێداچوونەوە بە پێوەندییەکانی ئامریکا لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی خۆی، ناتۆ، گرووپی ٧، گەڕانەوەی ئامریکا بۆ ڕێککەوتنی هەرێمی پاریس، بووژاندنەوەی بەرجام لەگەڵ ئێران و کشاندنەوەی هێزەکانی ئامریکا لە ئەفغانستان. بەڵام بایدێن لەگەڵ ئەوەش‌دا بۆ بەردەوامی لە سیاسەتەکانی تووشی ئاستەنگیش بۆتەوە. سەرەڕای ئەوەی سەرۆکی نوێی کۆشکی سپی بەڵێنی دابوو لە چوارچێوەی حیزبی‌دا نەجووڵێتەوە، بەڵام هەنووکەش بۆ جێخستنی بەرنامەکانی هەر پشتی بە ڕێژەی ئەندامانی کۆنگرە و سێنا بەستووە و دەنگی کامیلا هەریس وەک جێگری سەرۆک‌کۆمار یەکلاکەرەوەی کێشەکانی نێوان کۆماری‌خوازەکان و دێمۆکراتەکانە.

ئاستەنگێکی دیکەی بایدێن لە سیاسەتی دەرەوەدا ئیسرائیلە کە لە ئەگەری بووژاندنەوەی بەرجام‌دا بێتوو بەرژەوەندییەکانی لەبەرچاو نەگیرابن، ئەم وڵاتە بە لۆبیی بەهێزی خۆی لە ئامریکا ئیدارەی سیاسیی بایدێن تووشی سەرئێشە دەکا. ئەمریکا ئەگەر بیەوێ بگەڕێتەوە بۆ بەرجام دەبێ بەشێکی گرینگ لە سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران هەڵگرێ، ئەمەش یانی دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە دراو و سەرچاوەی ئابووریی پتر کە ئاکامەکەی لە بەهێزبوونی میلیشیاکانی سەر بە ڕێژیم‌دا دەردەکەون؛ بەوەش هەم ئەمنییەتی ئیسرائیل و هەم بەشێک لە وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچە لەرزۆک دەبێ. بەرنامە مووشەکی و سیاسەتە نێوخۆییەکانی ئێران لەمەڕ پێشێلکردنی مافی مرۆڤیش چەند ئالنگارییەکانی دیکەن کە لە پێوەندی لەگەڵ بووژانەوەی بەرجام‌دا بەرەورووی کۆشکی سپی دەبنەوە.

ئاستەنگێکی دیکەی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ بەرجام و ئێران‌دا هەڵبژاردنەکانی سەرۆک‌کۆماریی ئێرانە، کە بە ئەگەری زۆر سەرۆک‌کۆماری نوێی ئێران لە باڵی بناژۆخواز بێ و؛ هاتنەسەرکاری کەسێکی توندڕەوی سەر بە سپای پاسداران دەتوانێ پەرە بەکێشەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدا. هەروەها ببێتە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر ئیسرائیل و ئەوەش کاریگەری لەسەر سیاسەتی کۆشکی سپی دابنێ. هەر ئەم هاوکێشە و ئەگەرانە هۆکارێکن کە کۆماری‌خوازەکان بە ئاسانی مل بۆ داخوازییەکانی بایدێن ڕانەکێشن و ئەمەش ببێتە ئاستەنگێکی سەرەکی بۆ تێپەڕاندنی پرۆژە یاساکان و لابردنی گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامی. هاوکات هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی ئیسرائیل بۆ سەر میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە ناوچە و تەنانەت کردەوە نیزامییەکانی ئیسرائیل لە نێوخۆی ئێرانیش دەتوانێ پێشهات و ڕووداوی چاوەڕوان‌نەکراوی لێ بکەوێتەوە کە لەودا ئامریکا وەک هاوپەیمانی سەرەکیی ئیسرائیل ناتوانێ لێی بێدەنگ بێ.

بەربەستێکی دیکەی بەر دەم سیاسەتەکانی بایدێن دەکرێ نارەزایەتییەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بێ کە لە ئێستادا ئەگەرچی بەهۆی پەتای کۆرۆناوە کەمتر خۆ دەردەخەن؛ بەڵام گڕکانێکی هەڵچوون کە هەر ئان‌وساتێک مەترسیی تەقینەوەیان هەیە. پەرەسەندنی نارەزایەتییە گشتییەکان و خوێندنەوەی واقعبینانەی دۆخی نێوخۆی ئێران لە ئێستادا ئەو ڕایەی لای بەشێکی زۆر لە کۆماریخوازەکان دروست کردووە کە واباشترە لە بەرەی خەڵکی ئێران بن نەک بەرامبەریان. هاوکات یارمەتیدەری خەڵکی ئێران بن بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانی حکوومەتێکی دێموکراتیک.

دوای ئاشکرابوونی فایلی دەنگیی جەواد زەریف ڕاستییەکی دیکەش بۆ ئیدارەی بایدێن ئاشکرا بوو کە ئەویش لە خۆیدا دەتوانێ لە پرۆسەی دانووستانەکان لەگەڵ ئێران‌دا کێشەی لێ بکەوێتەوە. ئەویش دانانی وەزیری دەرەوەی ئێران بەو ڕاستییەیە کە دەزگای بەناو دیپلۆماسیی ئێران لە خزمەت سپای پاسداران‌دایە و وتووێژەکانی ئێران لەڕاستی‌دا "کات" و "سەرچاوە" دەستەبەرکردن بۆ سپای پاسدارانە. سپای پاسدارانیش کە لە لایەن ئامریکاوە بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناسراوە و ئەمەش پتر نووکەڕمبی ڕەخنەگرانی سیاسەتەکانی بایدین بەرەو کۆشکی سپی ئاراستە دەکا.

بایدێن لە وەرزی دووهەمی کاری تیمەکەی‌دا دەبێ چاوەڕوانی هەندێ لە گۆڕانکارییەکان لە ئێران، بەتایبەت هەڵبژاردنەکانی سەرۆک‌کۆماری لەو وڵاتە بێ، تا بەو پێیە بتوانێ پلانەکانی خۆی لەسەر دابڕێژێ.

# تێپەڕینی کات و گۆڕانی ڕێژیمەکان جینایەت و قڕکردنی میللەتان لەبیر ناباتەوە

عومەر باڵەکی

لە بەرەبەری ١٠٦ ساڵەی، تاڵیادی کوشتاری ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٩١٥ی زایینی بە دەستی سپای عوسمانی، جۆ بایدن، سەرکۆماری ئەمریکا لە بڕیارێک‌دا بەفەرمی ئەو کۆمەڵکوژییەی بە ژینۆساید ناساند. هەرچەند دەوڵەتی ئەمریکا یەکەم دەوڵەت نییە کە ئەو کۆمەڵکوژییەی بە ژینۆساید ناسیووە و، پێشتریش چەند وڵاتێکی زلهێزی ئورووپاییش ئەو کوشتارەیان بە ژینۆساید ناسیوەو و لە هەمان کاتدا زیاتر لەسەد ساڵ بە سەر ئەو کارەساتەدا تێ‌دەپەڕێ؛ بەڵام دیسان ئەو بڕیارەی سەرکۆماری ئەمریکا لە سەردەمی ئیستادا زۆر گرینگ و لە دوو ڕوانگەوە بایەخی خۆی هەیە:

یەکەم، ئەوەی کە دەوڵەتەکان بەتایبەتی دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا ماوە بە ماوە و بەدوای یەک ئەو کارەساتە تاوانکارییە مەحکووم دەکەن و بە ژینۆسایدی دادەنێن، ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە بە تێپەڕبوونی کات تاوان بە دژی مرۆڤایەتی و کوشتاری بە بەرنامەی میللەتێک لەبیر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناچێتەوە و ڕۆژێک هەر دێ کە ئەو کردەوەیە مەحکووم بکرێ و دەوڵەتان داوای لێبووردن لەو نەتەوانە بکەن کە تووشی کارەساتی قڕکردن بوون و قەرەبوو بکرێنەوە.



دووهەم، بڕیاری لەو شێوەیە دەچێتە خانەی کۆنڤانسیۆنی "قەدەغە و سزادانی تاوانی ژینۆساید" کە لە ٩ی دیسامبری ١٩٤٨م واتا ڕۆژێک دوای پەسندکردنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بە پەسندی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان گەیشتووە. ئەم کۆنڤانسیۆنە ساڵی ١٩٥١وەک قانوونێک کە بەرپرسایەتی دەخاتە سەر شانی دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوەیەککگرتووەکان، کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

ڕافائیل لمکین قانوون‌زانی لەهێستانی و مامۆستای زانکۆ بۆ یەکەم جار دەستەواژەی ژینۆسایدی بەکار هێنا دوای ئەوەی گوێی لە چەرچیل، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بریتانیا بوو کە لەبارەی ئەو کوشتارە بێ‌بەزەییانەی خەڵکی لەهێستان بە دەستی سپای ئاڵمان قسە دەکرد و لە قسەکانی‌دا بۆ ئەوەی گەورەیی تاوانەکانی سپای نازی دەر بخا گوتی: "ئێمە لە ئێستادا شاهیدی بەڕێوەچوونی تاوانێکین کە هیچ ناوێکی نییە". ڕافائیل لمکین دەڵێ مەبەستی ئێمە لە دەستەواژەی "ژینۆساید" لەنێوبردن و فەوتاندنی دەستە یا گرووپێکی میللی یا ڕەگەزی‌یە. ئەو دەستەواژەیە لە ڕاستی‌دا لە تێکەڵکردنی دوو وشەی یونانیی کۆن (genes) بە مانای تایفە یا ڕەگەز و(cide) بەمانای کوشتن پێک هاتووە و ناوبراو

بە هێنانی ئەو دەستەواژەیە لە سەردەمی ئیستادا مانایەکی نوێی پێ بەخشی کە بەرپرسایەتیی نێودەوڵەتیی بۆ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان لە پانتایی کۆی زەوی پێک دێنێ. هەڵبەت ژینۆساید بەو واتایە نایە کە میللەتێک یا گرووپێکی ئێتنیکی لە یەک چرکەسات‌دا لە نێو بچێ بەڵکوو ژینۆساید خۆی لەو گەلاڵە و بەرنامەیەدا دەبینێتەوە کە بە کرداری جیاواز لایەنی بەڕێوەبەر بە دژی ساختاری ئەو نەتەوەیە کە مەبەستی قڕکردنی هەیە بە شێوازی جۆراجۆر بەڕێوە دەچێ. بەپێی بڕیارنامەی ژمارە ٩٦ی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان لە ١١ی دێسامبری ١٩٤٦م بە کۆی دەنگ پێداگری دەکا لەسەر گرینگیدان بە بەربەرەکانی لەگەڵ تاوانی ژینۆساید و لە بەشێکی ئەو بڕیارنامەیەدا بە کردارێکی تاوانکارانەی دادەنێ و دەڵێ: "ژینۆساید بەپێی ڕێوشوێنەکانی قانوونی نێونەتەوەیی جینایەتە و دنیای پێشکەوتوو مەحکوومە و بکەرانی ئەو جینایەتە چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە تاوانەکە بەشدار بووبن، دەبێ سزا بدرێن".

هەر بەو جۆرە کە لە سەرەوە باس کرا جینایەت و تاوانی ژینۆساید بە تەواوی لەگەڵ تاوانەکانی دیکە جیاوازیی هەیە، چونکە بەڕێوەبردن و بە ئەنجام گەیاندنی تاوانی ژینۆساید پێویستی بە "نییەتی تایبەت" هەیە کە قڕکردنی بەشێک یا تەواوی نەتەوەیەکە کە لە بەرنامەی لایەنی تاوانباردایە. دیارە دەبێ ئەوەش بزانین کە بەڕێوەبردنی ژینۆساید بێ دەستتێدابوونی دەوڵەت جا چ ڕاستەوخۆ یا ناراستەوخۆ ئیمکانی نییە، بۆیە هەر تاوانێکی ژینۆساید لە هەر وڵاتێک‌دا ڕوو بدا دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بەرپرسیارن و بەپێی قانوونی نێونەتەوەیی لە سەریانە لەو دادگایانەدا کە بە مەبەستی لێپرسینەوە لە تاوانی ژینۆساید پێک دێن، وەڵامدەر بن و بەرپرسیارەتی هەڵبگرن.

> **ژینۆساید بێ دەستتێدابوونی دەوڵەت جا چ ڕاستەوخۆ یا ناراستەوخۆ ئیمکانی نییە، بۆیە هەر تاوانێکی ژینۆساید لە هەر وڵاتێک‌دا ڕوو بدا دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بەرپرسیارن و بەپێی قانوونی نێونەتەوەیی لە سەریانە لەو دادگایانەدا کە بە مەبەستی لێپرسینەوە لە تاوانی ژینۆساید پێک دێن، وەڵامدەر بن و بەرپرسیارەتی هەڵبگرن**

لانیکەم لە مێژووی هاوچەرخ‌دا بە تایبەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەتا کۆتاییەکانی ئەو سەدەیە نەتەوەی کورد یەکێک لەو نەتەوانە بووە کە کەوتۆتە بەر شاڵاوی قڕکردن (ژینۆساید) لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی حوکمڕانییان بەسەر کوردستان‌دا کردووە جا چ سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانی و ڕێژیمی پاشایەتی ئێران بووبێ یا سەردەمی ئەو دەوڵەتانەی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە لەسەر کەوڵی ئیمپراتوریی عوسمانی پێک هاتن و کوردستانیان بەسەردا دابەش کرا، دەستیان لە سەرکوت و ئەزیەت وئازاری گەلی کورد نەپاراستووە و بە هەموو شێواز و ئامرازێک بۆ تواندنەوە و قڕکردنی نەتەوەی تێکۆشاون. چەند نموونەیەک:

کوشتاری کوردانی دێرسیم لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٧–١٩٣٨ز کە بەپێی سەرچاوەکان باس لە کوشتن و قڕکردنی ٥٠ هەتا٧٠ هەزار کورد لە لایەن سپای عوسمانییەوە دەکرێ و یەکێک لەو نموونە بەرچاوانەیە لە ژینۆسایدکردنی گەلی کورد. هەروەها ئەنفال یان بە واتایەکی دیکە ژینۆسایدی ئەنفال بە کۆمەڵکوژیی کوردانی باشووری کوردستان دەگوترێ کە لەلایەن ڕێژیمی بەعسی عێراق لەژێر ناوی کەمپەینی ئەنفال، لە ساڵی ١٩٨٦.ز دەستی پێ کرد و لە ساڵی ١٩٨٩.ز کۆتایی پێ هات. بەپێی سەرچاوەکان لەو کۆمەڵکوژییەدا باس لەکوژرانی و بێ‌سەروشوێن‌کرانی ١٨٢،٠٠٠ کەس لە پیر و لاو و ژن و پیاو دەکرێ کە لە زێدی خۆیان ڕاگوێزران و قڕ کران. هەرچەند هەتا ئیستا وڵاتانی سوئێد، نۆروێژ و بریتانیا بە شێوەیەکی ڕەسمیی کۆمەڵکوژیی ئەنفال‌یان بە ژینۆساید ناو بردووە، بەڵام ئەم پرسە تا ئێستا نەچۆتە نێو بەرنامە و پلانی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ ئەوەی بە بڕیارێکی ئەو ڕێکخراوەیە ژینۆسایدی ئەنفاڵ بە نێودەوڵەتی بکرێ.

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران گەلی کورد لەو پارچەیە لە کوردستانیش بێبەش نەبوون لە کوشتاری بەکۆمەڵ کە نییەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی بە دواوە بووە و لەو بارەوە دەتوانین کوشتاری خەڵکی بێ دیفاعی قاڕنێ وەک یەکێک لەو نموونانە بێنینەوە کە نزیک بە ٧٠ کەس لە خەڵکی ئەو گوندە بێ هیچ تاوانێک لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێک‌دا بە دڕندانەترین شێوە کوژران.

ئەو چەند نموونەیە ئاماژە بەو ڕاستییەن کە گەلی کوردیش هاوچەشنی گەلی ئەرمەن لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی تاوانی ژینۆسایدی بە بەربەرینی و بەبەرنامە و ئامانجی دیاریکراوەوە دەرحەق کراوە، بەڵام بەداخەوە هەر وەک باس کرا لە گەڵ بوونی قانوونی نێونەتەوەیی سەبارەت بە تاوانی ژینۆساید، بەڵام کەمتر لە لایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بە تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکانەوە ئاوڕ لەو تاوانانە دراوەتەوە کە دەرحەق بە نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان کراوە و بەهۆی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان‌دا بەڕێوەچوون و بە داخەوە ئەو وەچەکوژییانە نەبۆتە پرسێکی نێودەوڵەتی کە ڕەنگە بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجەی بەسەر کورددا داسەپاوە. بەڵام بەشێکیش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی کورد بۆ خۆی کە هەتا ئێستا بۆ ناساندنی هەموو ئەو جینایەت و تاوانانەی دەرحەقی کراوە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بە دێکیۆمێنت‌کراو و یەککگرتووانە لە سەردەمی ئێستادا کاری بۆ بکا و بیروڕای جیهانیی و نێودەوڵەتی بۆ ئەو پرسە ڕاکێش بکا.

گرینگیی بە نێودەوڵەتی کردنی تاوانی ژینۆسایدی کورد لەوەدایە کە گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئێستاش ئەو ترسەی لەسەرە کە بە هۆی زاڵبوونی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر جووڵانەوەکانی کوردستان‌دا و بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستی تاوانەکانی ئەو دەوڵەتانە کە دەرحەق بە کورد وکوردستان، کراوە و دەکرێ، دەرگای ژینۆسایدێکی دیکە بە ڕووی خەڵکی کوردستاندا بکرێتەوە و لە سەرەتاکانی سەدەی ٢١دا دیسان کورد لە زێد و نیشتمانی خۆی دەربکرێ و ڕووبەڕووی قڕکردنێکی دیکە بێتەوە. بۆیە پێویستە کورد هەموو تواناکانی خۆی بەکار بێنێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تووشی کارەساتی ژینۆساید لە هەر شکڵ و وێنەیەک دابێ، نەبێتەوە.

***

کوردستان
● ژمارە: ٧٩٧
١٥ی بانەمەڕی ١٤٠٠ _ ٥ی مەی ٢٠٢١

# دوکتورینی کۆماری ئیسلامی
# میکانیزمی «مەیدان-شەڕ» و «دیپلۆماسی- فریو»


شاروخ حەسەنزادە

ڕەشەممەی ١٣٩٩ "سەعید لەیلاز"، ماموستای زانکۆی "بهێشتی"ی تاران و بەرپرسی "ئێران خۆدرۆ دیزێل"! چاوپێکەوتنێکی سێ کاتژمێر و ١١ خولەکی دەگەڵ وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، "محەممەد جەواد زەریف" کردووە کە لە ٥ی بانەمەڕی ئەمساڵ بەشێوەیەکی گوماناوی کەوتە دەست کاناڵێکی میدیایی دەرەوە و بڵاو کراوە. ئەو چاوپێکەوتنە دوورودرێژە کە بە قسەی خۆیان ئامانجیان ئەوە بووە وەک مێژووی زارەکیی دەوڵەتی ١٢ـەهەمی ئەو ڕێژیمە تۆمار بکرێ و لە شوێنی خۆ هەڵبگیرێ و لەکاتی خۆیدا بڵاو بکرێتەوە، هەڵای زۆری لە ئاستی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی ساز کردووە بە جۆرێک وەک باسی ڕۆژەڤی میدیا جیهانییەکانی لێ هاتووە. لێرەدا و لە چەند ئێپیزۆددا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین.

### وتووێژ

لەم فایلە دەنگییەدا، "زەریف" زۆر بە وردی باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەزگای دیپلۆماسیی ئێران دەکا، بەشی هەرە زۆری قسەکانی لە دەوری دانوستانەکانی "بەرجام" خول دەخوا و وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە چالاکیی کۆمەڵەی ژێر دەسەڵاتی میناکی لێ دێنێتەوە. کەڵکەڵەی سەرەکیی ئەو، گوتوبێژەکان لەهەمبەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران دەگەڵ وڵاتانی ٥+١، کێشە و ناکۆکییەکان، چۆنیەتیی واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لەمپەڕ و ئاستەنگەکانی نێوخۆیی و هەروەها زۆر لایەنی شاراوە و نادیار چەقی باسەکەی زەریف پێک دێنن. بەڵام خاڵی جێی سەرنجی قسەکانی کە ئەزقەزا بۆخۆیشی زۆری حەز لێیە ئەم بەشە مەبەستدار زەق بکاتەوە زاڵبوونی ڕۆڵی "مەیدان" (وەک هێمای سیاسەتەکانی سپای پاسداران و حزووری مەیدانی و شەڕەکانی لە ناوچەکە) بە سەر "دیپلۆماسی"دایە. بەڵگە و شاهیدی زۆریش بۆ ڕاستیی بۆچوونەکانی دێنێتەوە، وەک ئەوەی کە لە زاری "جان کێری" (وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی وڵاتی ئەمریکا) زانیویەتی کە ئیسرائیل ٢٠٠ جار لە سووریە هێرشی کردۆتە سەر هێزەکانی ئێران، یان هەر لە "کێری"ی بیستووە کە فڕینەکانی "ئێران ئایر" بە جێگای کۆمپانیای "ماهان" بۆ سووریە شەش قات زیادیان کردووە و داوای لە قاسم سولێمانی کردووە ئەو کارە نەکا، بەڵام ئەو وڵامی داوەتە کە: تەنانەت ئەگە دیپلۆماسی ٢٠٠٪ـیش خەساری وێ کەوێ ئەو لە پڕۆژەکانی خۆی هەر بەردەوام دەبێ.

وەزیری دەرەوە ئێران لەم وتووێژەدا لەهەمبەر ئەمنییەتیبوونی پرسە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لە پێوەندیی نێودەوڵەتیدا تووشی دژوازی دەبێ و دەڵێ: گرووپێک لە وڵات بەرژەوەندییان لەوەدایە کە هەموو شتێک بە ئەمنییەتی بکرێ، چونکە ڕۆڵی ئەوان بەرچاوتر دەبێ. ئەو دەڵێ: ئەم گرووپە کەمینەیە جگە لەوەیکە هێزی تێکدانی دۆخەکەیان هەیە، توانای وەڕێخستنی شەپۆڵێکی بەربەرینیشیان هەیە! ئەو پێیوایە، جێگای نیزامییەکان و دیپلۆماتکاران لە ئێران پێچەوانەیە و هیچ بایەخێک بۆ ئەسپاردنی پرسگەلی سیاسی بە دیپلۆماتکاران داناندرێ. ئەو دەڵێ دەگەڵ قاسم سولێمانی لە هەموو باسێکدا هاوڕا نەبووین بەڵام هەستمان دەکرد کە دەبێ دەگەڵ یەکتر هاوتەریب کار بکەین! زەریف هەروەها دەڵێ: دەتوانم بە شەهامەتەوە بڵێم کە من زیاتر دیپلۆماسیم خستە خزمەتی "مەیدان"، هەتا ئەوەیکە "مەیدان" لەپێناو "دیپلۆماسی"دا جوولەی هەبێ. ئەو زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێ: سەفەری سولێمانی بۆ ڕووسیە بەبێ چاودێری و تەنانەت ئاگاداری دەگەڵ وەزارەتی دەرەوە و بە "ئیرادەی ڕووسیە" و بە مەبەستی "لەنێوبردنی دەسکەوتەکانی وەزارەتی دەرەوە" کرا و پێ دادەگری کە، "کاتێک ڕوسیە ئەو دیدارەی قبول کرد کە بەرجام واژۆ کرابوو". لێرەدایە کە دەڵێ: ئەساسەن لە ئێران دەسەڵاتی دووفاقەمان نییە و تەنیا "دەسەڵاتی تاقانە" هەیە، چونکە ئەوە "مەیدان"ـە کە بڕیاردەرە.

ناوبراو لە سەر درەنگ زانینی بەردانەوەی فرۆکە ئۆکراینیەکە لە ١٨ی بەفرانباری ٩٨ بە مووشەکەکانی سپای پاسداران دەڵێ: ڕۆژی چوارشەممە فرۆکەکە کەوتبووە خوارێ. ئەمن نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی لە کۆبوونەوەی شوڕای بەرزی ئەمنییەتدا بەشداریم کرد. لێرەدا زۆر بەشێوەیەکی قیزەونانە دەڵێ: لەو کۆبوونەوەیەدا ڕامگەیاند، ئەگە هەر بەڕاستی دەزانن مووشەکی وێ کەوتووە بڵێن با بزانم چۆن دەتوانین "عیلاج"ـی بکەین! بەڵام ئەوان بە تووڕەییەوە لێم وەدەنگ هاتن، دەتگوت کوفری ئیبلیسم کردووە، گوتیان، هەستە بڕۆ تویتێک بنووسە و بڵێ شتی وا نەبووە. گوتم: من وەزیری دەرەوەم، بۆ مەگەر قەرارە من پاساوی بۆ بێنمەوە...!!

وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە توێتوێی قسەکانیدا زۆر زیرەکانە باس لە پێوەندییە بەربڵاوەکانی دەگەڵ دیپلۆماتکارانی جیهان دەکا و مانۆڕی ئەوە لێ دەدا کە چەندەی لابی هەیە و چەندە خەڵک دەناسێ. تەنانەت لە نێوخۆش لە ساڵەکانی ١٣٦٧ـەوە کەوتووەتە بەر ڕەحمەتی "ئاغا" و لەو دوو شوێنەوە سەنگەر لە دژبەرانی دەگرێ!

زەریف لەسەر پێوەندی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەت ئەمریکاش قسە دەکا و پێیوایە کە دەکرێ ئێران دەگەڵ هەموو وڵاتێک تەنانەت ئەمریکاش پێوەندییەکی لانیکەمیی هەبێ. لەپێوەندی لەگەڵ ڕووسیەدا ئەو پێی وایە: ئەو قسەیەی کە دەگوترێ "قاسم سولێمانی "پوتین"ـی بۆ مەیدانی شەڕ ڕاکێشا دوور لە ڕاستییە، پوتین بۆخۆی بڕیاری دابوو بێتە مەیدانی سووریە، هەربۆیە سەفەری سولێمانیی بۆ ڕووسیەی تەدارەک دی و هاتە نێو شەڕەکە.



دواتریش هێزی ویشکانیی ئێرانیشی بۆ شەڕی سووریە ڕاکێشا و بەسەر ئاسمانی ئێراندا هێرشی دەکردە سەر سووریە و هەوڵی دەدا کە ئێران زیاتر لەو شەڕە بگلێنێ هەتا بتوانێ "دەستکەوتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران" واتە "بەرجام" لەنێو بەرێ. ئەو نایشارێتەوە کەسێکی دیکەش لە سەرەوە یزەریف سێبەری دیار بووە، ئەویش قاسم سلێمانی بوو. ئەو دەگەڵ ڕوسەکان دانیشتنی تایبەتیی هەبووە و پڕۆژەی هاوبەشی نیزامی و ئەمنییەتییان هەبووە و لەویش بترازێ "عەلی ئەکبەر ولایەتی"، ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی خامنەییش لە مەیداندا بووە. کەوابوو هەم لە بواری نیزامی و هەمژی لە دیپلۆماسیدا دوو کەسی دیکە لە سەرەوەی زەریف ڕۆڵیان بووە، بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەو دیمەنەیە کە زەریف لە قاسم سولێمانی وێنای دەکا. زەریف وا دەنوێنێ کە سولێمانی بەجۆرێک پیاوی ڕووسەکان بووە و تەنانەت ئەوان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران قورساییان هەبووە و خەتیان داوەتێ. ئەو لە قسەکانیدا زۆرجار ئاماژە بەوە دەکا کە، دوای ڕێککەوتنی بەرجام هیچکات نەیتوانیوە سولێمانی وەک فەرماندەی مەیدان لەسەر شەڕە ناوچەییەکان بگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە یارمەتییەک بە دیپلۆماسی بکا و بەتەوسەوە دەڵێ: بەرزترین دامەزراوەی بڕیاردەر لە ئێران شوێنکەوتووی ڕەوتی "مەیدان"ن، چونکە لەم وڵاتە مەیدانە کە دەسەڵاتی تەواوی هەیە و کێشەکان یەکلایی دەکاتەوە. ئەو دەسەڵاتەی کە لە شەڕی یەمەن سەرجەم هێزەکانی سپای قودس و دەوڵەت و دەزگای دیپلۆماسیی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا و لە کێشەی سووریەش بەدوای خواست و "ئیرادە"ی ڕووسیەدا چوو. بەوپێیە خواستی ڕووسیە تەنیا دزەکردن لە سیاسەتی ئێران (بەیتی ڕێبەری) نەبووە، بەڵکوو ئەوان کارگێڕ و پیادەنیزامیشیان بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانیان لە مەیداندا هەبووە.

لە سەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە دروشمی "نە شرقی نە غربی جمهوری اسلامی" کە ئێستاش بەسەر دەرگای وەزارەتی دەرەوەدا هەڵاوەسراوە، بەڕواڵەت سیاسەتی ڕەسمیی ڕێژیم بووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا خامنەیی بە لای "ڕۆژهەڵات- چین و ڕووسیە"دا شکاوەتەوە کە بەرهەمەکەی هاوکاریی ئێران و ڕووسیە لە سووریە یان گرێبەستی هاوکاریی ٢٥ ساڵەی ئێران و چین بەجێگای، "ڕوانینی ڕۆژئاوا" کە بەرهەمەکەی "بەرجام" بوو، ئاقارێکی تازەتری بەخۆوە گرتووە.

### هەڵبژاردن

بۆچوونێک هەیە کە پێیوایە بڵاوکردنەوەی ئەو فایلە دەنگییە پڕۆژەی خودی نیزام بووە و بە ئانقەست ئەو هاتوهوریایەیان ساز کردووە و ئەمە بە ڕەوتێکی بەلارێدابەری خەڵک لە بەربەرە هەڵبژاردنەکانی بەهاری ئەمساڵدا دەزانێ. دوای بەشداریی زۆر لاوازی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ڕەشەممەی ڕابردوو (پارڵمان) ئەگەری ئەوە هەیە جارێکی دیکە کۆمەڵگەی ئێران بەشێوەیەکی زۆر تەکووزمەندتر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بایکۆت بکەن و بەمجۆرە شەرعییەتی ڕێژیم جارێکی دیکەش لە نێوخۆ و دنیای دەرەوە بچێتە ژێر پرسیار. ئەو بۆچوونە لەسەر ئەو باوەڕەیە زەریف بە قسەکانی دەیەوێ پەیامێک بداتە خەڵک کە، لەو سیستەمەدا دوو ڕەوتی دژبەیەک بوونی هەیە، ڕەوتێک کە خامنەیی و سپای پاسداران نوێنەرایەتیی دەکەن و هەموو نەهامەتییەکانی وڵات لە سۆنگەی شێوەی ئیدارەکردنی وڵات لەلایەن ئەوانە و، لەبەرامبەردا "ڕێفۆرمخوازەکان"ـەن کە بە شێوازێکی نەرم، پێشکەوتوو، نیشتمانی و بە ڕوانینی دیپلۆماسی هەوڵی چارەسەری کێشەکانی وڵات دەدا. ئامانجی سەرەکیش هاندانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانە.

بۆچوونێکی دیکەش هەیە کە پێیوایە ناکرێ تەواوەتیی نیزام لەگەڵ ئەم سیناریۆیە بووبێ، چونکی بەو لێفە هەڵدانەوەیە و هەموو ئەو شتانەی هاتوونەتە سەر بەرە. زیانباری سەرەکی تەنیا دەتوانی خودی کۆماری ئیسلامی بێ.

### بزووتنەوەی کورد و دوکتورینی کۆماری ئیسلامی

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بزووتنەوەی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی باوەڕی بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران بووە. بۆ ئەو مەبەستەش بە کردەوە گەورەترین باجی داوە. ئەگەرچی پێشتریش خوێندنەوەی ئۆپۆزسیۆن هەر ڕێک ئەوە بوو کە زەریف خۆیای دەکا، بەڵام بە هەڵسەنگاندنی قسەکانی ناوبراو بەتایبەت لەهەمبەر تێرمی، هێزی "مەیدان" و "دیپلۆماسی" جارێکی دیکە بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران سیستەمێکی "مەیدانی"یە و لە "دیپلۆماسی"ـیش وەک ئامرازی فریو کەڵک وەردەگرێ. ڕێژیمی ئێران وێڕای هەموو ئەو کێشە و ئاڵۆزییانەی نێوخۆ نیزامێکی یەکدەستە و هیچ دەرفەتێک بە "دیپلۆماسی"ـی ڕاستەقینە و سیاسەتی "دیالۆگ" بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆیی و دەرەکییەکان کە هیچ باوەڕی پێیان نییە، نادا و لە هەمان کاتدا بۆ مانەوەی ئەم دەستەڵاتە هەموو هەوڵێکی یاسایی و نامرۆڤانە دەدا.

---

# تەنزی تاڵی ئەندامەتیی ئێران لە «کۆمیسیۆنی پێگەی ژن»دا


فەریبا ڕەشیدی

حەوتووی ڕابردوو ڕێژیمی ئێران لەلایەن وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ وەک ئەندام لە «کۆمیسیۆنی پێگەی ژن»ی سەر بەو ڕێکخراوەیە هەڵبژێردرا. کاری ئەو کۆمیسیۆنە ئەوەیە یەکسانیی ڕەگەزی گەشە پێ بدا و ژنان لە جیهاندا لە ژێردەستەیی دەربکات.

ڕەنگبێ زۆر کەس پێی وابێ هەواڵی هەڵبژاردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک ئەندام لە کۆمیسیۆنێکی وادا زیاتر شۆخ و جەفەنگ و بۆ پێکەنینە، بەڵام بەداخەوە ئەوە ڕاستییەکی تاڵە. گرووپی چاودێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەخنەی توندی هەبوو لەو کارە و، بەرپرسی ئەو گرووپە هەڵبژاردنی ئێرانی وەک ئەندام لەو کۆمیسیۆنەی بەوە شوبهاند کە کەسێکی دەروون نەخۆشی هەڵوەدای سوتاندن و ئاگرکردنەوە (Pyroma-nia) بکەیتە بەڕێوەبەری دەزگای ئاگرکوژاندنەوەی شارێک. ئەو قسەیە ڕاستە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نەک هەر هەڵوەدای سوتاندن و ئاگرخستنەوەیە، بەڵکوو زیاتر لە چوار دەیەیە بەبێ وچان ئاگری کۆنەپەرستیی لە کۆمەڵگە بەر دەدا و بەختی میلیۆنان لە کچان و ژنانی وڵاتی ئاگر تێبەر داوە و کردوونی بە هاووڵاتیی پلەی دوو و سەرکوتکراو.

ڕێژیمی ئێران خۆی یەکێک لەو دەزگایانەیە کە ئەو کۆمیسیۆنە دەبێ بیکاتە ئەولوییەتی کاری خۆی کە سنووری بۆ دابنێ و دەستکورتی لە چەوساندنەوەی ژناندا. ڕەنگبێ ئەم ئامارە لەجێی خۆیدا بێ کە هەر لە کوردستان و تەنیا لە ماوەی ٨ی مارسی ٢٠٢٠ بۆ ٨ی مارسی ٢٠٢١ دا لانیکەم ٣٤ ژنی کورد بە تاوانی چالاکیی مەدەنی، سیاسی و مەزهەبی حوکم دراون. هەروەها هەڵبژێرانی ئێران بۆ ئەم کۆمیسیۆنە لە حاڵێکدایە کە ناوی ئێران وەک وڵاتێک کە زیاترین حوکمی ئێعدامی تێدا بەرێوە دەچێ لە سەرووی لیستی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تۆمار کراوە. هاوکات ئەندامەتیی ئێران لەو کۆمیسیۆنە لە حاڵێکدایە کە جاوید ڕەحمان، ڕیپۆرتەری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران کەمتر لە دوو مانگ لەمەوبەر نیگەرانیی زۆری خۆی سەبارەت بە بارودۆخی خراپی ژنان لە ئێران دەربڕی و باسی لەوە کرد کە ئەم توێژە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەگشتی وەک هاووڵاتیی دەرەجە دوو سەیر دەکرێن.

ڕێژیمی ئێران ڕژیمی فەرزکردنی پۆششی زۆرملێیە بە سەر ژناندا. ڕێژیمی ئەژمارکردنی دوو ژنە بە یەک پیاو کاتێک لە دادگادا شایەتی دەدەن. ڕێژیمی نەبوونی مافی چوونەدەر لە وڵاتە بۆ ژن بەبێ ئیزنی مێرد یان باوک یا هەر پیاوێک کە وەک سەرپەرست بۆی دیاری کرابێ. ڕێژیمی نیوەبوونی میرات و بەشەماڵی ژنە بەنیسبەت پیاو. ڕێژیمێکە کە تەنانەت بەوە ناخی دەلەرزێ کە ببینێ ژنان و کچان لە یاریگایەکدا تیپێکی وەرزشی هان دەدەن و خۆشیی دەکەن.

لە ڕێکەوتی ٢٣ی جۆزەردانی ١٣٩٦ ئەنجومەنی شۆڕشی فەرهەنگیی ئێران جێبەجێکردنی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ی یونسکۆی لە دەستووری کاری دەوڵەت دەرهاویشت. ئەو بڕیارە پاش ئەوە هات کە خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، جێبەجێکردنی ئەو بەڵگەنامەیەی بە ڕێگەپێنەدراو ڕاگەیاند. ڕێبەری کۆماری ئیسلامی وەک ڕەخنە لەو بەڵگەنامەیە گوتی: "ئێرە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لەسەر بنەمای ئیسلام و قورئان دامەزراوە. شێوازی پڕ لە هەڵە و وێرانگەر و دژەئەخلاقی ڕۆژئاوایی لێرە جێی نابێتەوە. هەر بۆیەش پەسندکردنی بەڵگەنامەیەکی لەو چەشنە بێ واتایە."

مەنشووری ماف و ئەرکی ژن لە کۆماری ئیسلامیی ئێران (١٣٨٣) کە لەسەر بنەمای دەقە ئایینییەکانەوە دارێژراوە، ماف و ئەرکی ژنی لە چوارچێوەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییدا لە ١٤٩ خاڵدا دیاری کردووە کە پتر لە کۆمەڵێک یاسای سەدەکانی نێوەڕاست دەچن تا یاسای سەدەی بیست و یەک. تۆ بڵێی ئەو وڵاتانەی دەنگیان بە ئەندامەتیی ئێران لە "کۆمیسیۆنی پێگەی ژن" داوە، لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و دۆخی ژنان لەو وڵاتە ئاگادار نەبووبن؟ ئەویش لە کاتێکدا چالاکان و هەڵسوڕاوانی ژن لە ئێران لە ساڵی ٢٠٢٠ زیاتر لە پێشوو لەگەڵ هەڕەشە و گرتن و سەرکوتی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم ڕووبەڕوو بوونەوە. بۆ نموونە زێنەب جەلالیان، ژنە چالاکی سیاسیی کورد کە سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپاوە، سالانێکە بە دەرد و ئازاری نەخۆشیگەلێکی زۆرەوە دەناڵێنێ و پێویستیی خێرای بە چارەسەری هەیە، کەچی تەنانەت لە مافی مەرەخەسییەکی دەرمانی و چارەسەریی پزیشکی بێبەشە.

ئەم بڕیارەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان زەبرێک بوو لە پەیکەری بزووتنەوەی ژنان لە ئێران درا، پێدەچێ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بەرانبەر ئەو هەموو کارەساتەدا و لە بەرانبەر کاری سیستەماتیکی ڕێژیمی ئێران بۆ سەرکوتکردنی ژنان کەڕ و کوێر بێت. بە داخەوە، وڵاتانی ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا تەنیا ڕێککەوتن و گرێبەستی دانوستانە نێونەتەوەییەکانی خۆیانیان بەلاوە گرینگە و بەو کارەیان نەک هەر پشتی خەباتی ژنان و کچانی ئێران چۆڵ دەکەن، بەڵکوو بە کردەوە بەدژی دەوەستنەوە.



# هەڵسەنگاندنی ساڵانەی هەڕەشە بۆ سەر ئەمریکا

## (ئاکارە شەڕانشۆیەکانی ئێران)



و: کەماڵ حەسەنپوور

### ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی نیشتمانی وڵاتە یەکگرتووەکان

**پێشەکی**

ئەو ڕاپۆرتە ساڵانەیەی هەڕەشەکانی سەرانسەری دنیا بەرانبەر بە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، بە گوێرەی بەشی ژمارە ٦١٧ لە یاسای مۆڵەتنامەی هەواڵگریی FY21 بەڕێوە چووە. ئەو ڕاپۆرتە ڕەنگدانەوەی زانیاریی گشتی کۆمەڵگەی هەواڵگرییە کە هەموو ڕۆژەکانی خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی فرەلایەنە، سەربەخۆ و دەستکاری نەکراوە کە بڕیاردەرانی سیاسی، جەنگاوەران و کارمەندانی بەشی بەربەرەکانی لەگەڵ تاوانکاریی لە نێوخۆ بۆ پاراستنی گیانی ئەمریکایییان و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە هەر شوێنێکی دنیا پێویستییان پێیەتی.

ئەو هەڵسانگاندنە جەخت لەسەر هەڕەشە هەرە جیددی و ڕاستەوخۆکان بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکان لە ماوەی ساڵی داهاتوودا دەکاتەوە. شێوەی ڕیزکردنی بابەتەکانی پێشکەشکراو لەو هەڵسەنگاندنەدا بە مانای ئاستی گرینگی یان پلەی هەڕەشەکان لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی هەواڵگرییەوە نییە. هەموویان پێویستیان بە بەرپەرچدانەوەی پتەوە، لە نێویاندا لەو شوێنانە کە جەخت کردنەوە لەسەریان لە داهاتوویەکی نزیکدا لەوانەیە پێش بە هەڕەشەی مەزنتر لە داهاتووی دوورتر بکا، وەک ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا و خراپتربوونی بواری ژینگە.

هەر وەک یاسا دەخوازێ، ئەو ڕاپۆرتە پێشکەشی کۆمیسیۆنی هەواڵگریی کۆنگرە و هەروەها کۆمیسیۆنی هێزە چەکدارەکانی کۆنگرە و ئەنجومەنی پیران بکرێ.

زانیاریی بەردەست تا ٩ی ئاپریلی ٢٠٢١ بۆ ئامادە کردنی ئەو هەڵسانگاندنە کەڵکی لێ وەرگیراوە.




**ئاکارە شەڕانشۆیەکانی ئێران**

ئێران هەڕەشەیەکی بەردەوامە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچە و هەوڵ دەدا دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکان بنکۆڵ بکا و پشتگیری لە دانیشتووانی شیعە لە دەرەوە بکا، لە دەوڵەتانی جیراندا نفوزی خۆی پتەو بکا و دەسەڵاتی خۆی بنوێنێ، زەختی نێونەتەوەیی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە و هەڕەشەکانی بۆ سەر سەقامگیریی ڕێژیمەکەی بگەیەنێتە نزمترین ئاست. ئەگەرچی خراپتربوونی ئابووری ئێران و ناوبانگە خراپەکەی لە ناوچەدا تەگەرە دەخەنە سەر ئامانجەکانی، بەڵام تاران بۆ برەودان بە ئامانجەکانی هەوڵ دەدا کەڵک لە زنجیرەیەک ئامراز وەرگرێ، وەک دیپلۆماسی، پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، کڕین و فرۆشی کەرەستەی سەربازی و هێرشی بەکرێگیراو و هاوبەشەکانی. ئێمە چاوەڕوان دەکەین کە ئێران لە ساڵانی داهاتوودا ڕیسکی ئەوتۆ بکا کە بتوانێ گرژییەکان پەرە پێ بدا و هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی بکا.

– ئێران خۆی لە خەباتێک لە دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاپەیمانە ناوچەییەکانی‌دا دەبینێ، کە لە ڕوانگەی ئەو وڵاتەوە جەخت لەسەر سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران دەکەنەوە و ئامانجیان گۆڕینی ڕێژیمە.

– ئاکارەکانی تاران ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی ئەو وڵاتەیە لەمەڕ دوژمنایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسڕائیل و وڵاتانی کەنداو، توانایی نواندنی دەسەڵات بە چەکوچۆڵەی ئاسایی و هێزە بەکرێگیراوەکانی و خولیاکەی بۆ ئەستاندنی دەسکەوتی سیاسی و ئابووری لە کۆمەڵگەی ناونەتەوەیی.

– بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، ویستی ئێران بۆ هێرش بەستراوەتەوە بۆ لێکدانەوەی ویستی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بەرپەرچدانەوە، تواناییەکانی بۆ بەڕێوەبردنی هێرش بێ هەڵایساندنی ناکۆکیی ڕاستەوخۆ و ئەگەری خستنە مەترسی سووککرانی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان.

– وێدەچێ ڕێبەرانی ڕێژیم لە تێوەگلان لە وتووێژی سیاسی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە داهاتویەکی نزیکدا، بە بێ سووک کرانی گەمارۆکان یان یارمەتی مرۆیی یان گەڕانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بەرجام، دوودڵ بن. ئێران درێژە بە بەرپەرچدانەوەی زەختی وڵاتە یەکگرتووەکان دەدا، ئەگەرچی تاران وریایە کە خۆی لە تێوەگلان لە ناکۆکیی تەواو [لەگەڵ ئەمریکا] ببوێرێ.

**ئێران سوورە لە سەر پاراستنی دەستڕۆیشتوویی لە سووریە**

– لەگەڵ دامرکانی ناکۆکییەکان لە سووریە، ئێران بەتەمای حزووری سەربازیی هەمیشەیی و مامەڵەی ئابووری لەگەڵ ئەو وڵاتەیە. بێگومان تاران ئەو شتانەی بۆ پەرەپێدانی دەستڕۆیشتوویی ناوچەیی، پشتیوانی لە حیزبوڵڵا و هەڕەشە لە ئیسڕائیل دەوێن.

– ئێران وەک هێزێکی تێکدەری سەقامگیری لە یەمەن دەمێنێتەوە، چونکە پشتیوانیی تاران بۆ حوسییەکان، لە نێویان‌دا بە دابین‌کردنی مووشەکی بالیستیک و دەریایی و هەروەها سیستەمی بێ سەرنشین، هەڕەشەن بۆ سەر هاوبەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییەکانیان، بە تایبەتی بە هێرشەکان بۆ سەر عەرەبستانی سعودی.

– تاران وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئیسڕائیل دەمێنێتەوە، هەم ڕاستەوخۆ بە هێزە مووشەکییەکەی و هەروەها ناڕاستەوخۆ بە پشتگیریی لە حیزبوڵڵا و تاقمی تێرۆریستیی دیکە.

– ئێران وەبەرهێنانەکانی لە ئەفغانستان دەپارێزی و ئاکارەکانی لەوانەیە هەڕەشە لە سەقامگیریی بکەن. ئێران بە ئاشکرا پشتیوانی لە وتووێژی ئاشتی لە ئەفغانستان دەکا، بەڵام لە بارەی مانەوەی درێژخایەنی ئەمریکا لە ئەفغانستان نیگەرانە. لە ئاکامدا، ئێران خەریکی پتەوکردنی پێوەندییەکانی هەم لەگەڵ دەوڵەت لە کابول و هەروەها تالیبانە تا بتوانێ سوود لە هەر ئاکامێکی سیاسی وەرگرێ.

**توانایییە سەربازییەکانی ئێران**

تواناییە فرەلایەنە سەربازییەکانی ئێران و هەڵوێستە تێکەڵاوەکەی لەمەڕ شەڕ، بە کەڵکوەرگرتن لە توانایی ئاسایی و نائاسایی، تا داهاتوویەکی دووروودرێژ بە بەردەوامی هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی لە ناوچە دەکەن.

– ئێران ستراتیژییە ئاساییە سەربازیەکانی خۆی نیشان داوە، کە بە شێوەی سەرەکی لەسەر چاوترسێن کردن و توانایی تۆڵەکردنەوە لە هێرشبەران دامەزراوە، بۆ وێنە هاویشتنی چەند مووشەکی بالیستیک دژی بنکەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق لە کاردانەوە بە کوژرانی فەرماندەی هێزی قودس، قاسم سولەیمانی لە ژانوییەی ٢٠٢٠. ئێران مەزنترین هێزی مووشەکیی بالیستیکی لە ناوچەدا هەیە و، سەرەڕای ئالنگارییە ئابوورییەکان، تاران هەوڵ دەدا چەکوچۆڵە ناباوەکانی گەشە پێ بدا و هی نوێش وەدەست بێنێ.

– ئۆپەراسیۆنە شەڕە نائاساییەکانی ئێران و ڕایەڵەی هاوبەشی میلیشیایی و بەکرێگیراوانی، توانایی بە تاران دەبەخشن کە بەرەو بە بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەدا بدا، قووڵایی ستراتیژیکی خۆی بپارێزێ و بژارە نارێکەکانی تۆڵەکردنەوە دابین بکا.

– هێزی قودسی سپای پاسداران و بەکرێگیراوەکانی دەوری سەرەکیی لە دەسەڵاتی سەربازیی ئێراندا دەگێڕن.

**هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و نێوخۆی وڵات**

لێکدانەوەی ئێمە ئەوەیە کە ئێران درێژە بە خولیای پەرەپێدانی ڕایەڵەکانی لە ناوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بدا، ئامانجێک کە زیاتر لە دە ساڵە هەیەتی، بەڵام مەزنترین مەترسی دژی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دەرەوەی وڵاتن، بە تایبەتی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئاسیا.

– ئێران هەڕەشەی کردووە تۆڵەی کوژرانی قاسم سولەیمانی لە ژانوییەی ٢٠٢٠، لە کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان بکاتەوە و پێشووتر هەوڵی داوە هێرشی کوشندە لە وڵاتە یەکگرتووەکان‌دا بەڕێوە ببا.

– لە چەند ساڵی ڕابردوودا، پۆلیسی وڵاتە یەکگرتووەکان ژمارەیەک کەسی پێوەندیدار بە ئێرانی گرتووە کە سیخوڕ بوون و هەوڵیان داوە کاریگەرییان لەسەر بەرهەڵستکارانی ئێرانی لە وڵاتە یەکگرتووەکان هەبێ، یان زانیارییان لەسەر کۆ بکەنەوە و هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران دەستیان لە کوشتن و ڕفاندن لە ئەورووپا، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئاسیا هەبووە.

– ئێران وێدەچێ بۆ بە ئامانج گرتنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئاسیا گەلێک ئامادە بێ، چونکە کەلوپەل و بەکرێگیراوی لەو ناوچانە هەن کە دەستیان بە چەک و تەقەمەنی ڕادەگا.

**بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی**

ئێمە بەردەوامین لەو لێکدانەوەمان کە ئێران ئێستا خەریکی چالاکیی گەشەپێدانی ئەو بەشە سەرەکییانەی چەکی ئەتۆمی نییە کە پێمان‌وایە بۆ دروستکردنی ئامێرێکی ئەتۆمی پێویستن. بەڵام، دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنی بەرجام لە مانگی مای ٢٠١٨، کاربەدەستانی ئێرانی وازیان لە بەڵێنییەکانیان هێناوە و دەستیان کردۆتەوە بە چالاکیی ئەتۆمی کە سنوورەکانی دیاریکراو لە بەرجامیان تێپەڕاندووە. ئەگەر گەمارۆکانی سەر ئێران سووک نەکرێن، لەوانەیە کاربەدەستانی ئێرانی بیر لە زنجیرەیەک بژارە بکەنەوە، لە پیتاندنی ئۆرانیۆم تا ٪٦٠ تا داڕشتن و دروست کردنی ڕێئاکتۆرێکی ٤٠ میگا تۆنی ئاوی قورس.

– ئێران بەردەوام باسی دەستپێکردنەوەی چالاکییە ئەتۆمییەکانی وەک جوابی کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجامی کردووە و ڕایگەیاندووە کە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بەڵێنییەکانی لە چوارچێوەی بەرجامدا ڕەچاو بکا، ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ لەبەرچاو گرتنی بەڵێنییەکانی خۆی.

لە ژووەنی ٢٠١٩ بەولاوە، ئێران قەبارەی پیتاندنی ئۆرانیۆمی خۆی بۆ ئەوبەری سنووری دیاریکراو لە بەرجام‌دا زیاد کردووە. لە سێپتامبری ٢٠١٩ بەولاوە، ئێران سنوورەکانی دیاریکراو لەمەڕ توێژینەوە و گەشە پێدانی سانتریفیوژی پێشکەوتووی پاشگوێ خستووە و دەستی بە پیتاندنی ئۆرانیۆم لە بنکەی فۆردۆ لە ژێر زەوی کردۆتەوە. لە ژانوییە، ئێران دەستی بە پیتاندنی ئۆرانیۆم تا ٪٢٠ کرد و توێژینەوە و گەشەپێدانی بۆ بەرهەمهێنانی کانزای ئۆرانیۆم بۆ سووتەمەنی ڕێئاکتۆرێکی توێژینەوە دەست پێکرد و لە مانگی فێورییە، لە ئەزموونێکی تاقیگەییدا، گرامێک کانزای ئۆرانیۆمی سروشتی بەرهەم هێنا.

**دەستێوەردانی سایبەری، هەواڵگری، کارتێکەریی و هەڵبژاردن**

لێهاتوویی و ویستی ئێران بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنی هێرشبەرانەی سایبەری ئەو وڵاتە دەکاتە هەڕەشەیەکی مەزن بۆ سەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕایەڵەکان و زایناریی هاوپەیمانان. ئێران توانایی هێرش‌کردنە سەر ژێرخانی هەستیار و هەروەها چالاکی کارتێکەریی و هەوڵگریی هەیە.

– ئێران لە نێوان ئاپریل تا جولای ٢٠٢٠ بەرپرسی چەند هێرشی سایبەریی بۆ سەر دامەزراوەکانی ئاوی ئیسڕائیل بووە کە بە گوێرەی ڕاپۆرتی مێدیاکان بوونە ئاسەواری کورتخایەن کە وردەکارییەکانی بڵاو نەکراونەوە.

– ئێران بە شێوەی پەرەئەستێن لە کەڵک وەرگرتن لە دنیای سایبەری بۆ ئۆپەراسیۆنی کارتێکەریی، لەنێویان‌دا ئۆپەراسیۆنی شەڕانشۆیانەی کارتێکەریی لەسەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی لە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٢٠، بەردەوام بوو و ئێمە چاوەڕوانین کە تاران جەخت لە سەر ئۆپەراسیۆنی نهێنی کارتێکەریی بکا، وەک بڵاو کردنەوە زانیاریی هەڵە لە بارەی هەڕەشەی ساختە یان ژێرخانی دەستکاری‌کراوی هەڵبژاردن و بڵاو کردنەوەی ناوەرۆکی دژە ئەمریکایی.

– ئێران هەوڵ دەدا کاریگەریی لەسەر لایەنەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٢٠ی سەرۆک کۆماریی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ناردنی پەیامی هەڕەشەدار بۆ دەنگدەرانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەبێ و ئەکتەرە سایبەرییەکانی ئێران لە دێسامبری ٢٠٢٠ زانیارییان لەسەر کاربەدەستانی هەڵبژاردنی وڵاتە یەکگرتووەکان بڵاو کردەوە تا هەوڵ بدەن متمانە بە هەڵبژاردنی وڵاتە یەکگرتووەکان بنکۆڵ بکەن.

تێبینی:

ئەو ڕاپۆرتە ٢٧ لاپەڕەیە و باسی زۆر ناچە و وڵاتی دیکەی تێدا کراوە، بەڵام تەنیا بەشی پێوەندیدار بە ئێران وەرگێڕدراوەتەوە سەر کوردی.

---






برایم چووکەڵی

زەحمەتکێشانی هەر نەتەوەیەکی زوڵملێکراو بەردی بناغەی قەڵای پۆلایینی خۆراگری و بەربەرەکانین کە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجیان و ژیانی سەربەستی‌دا لە هێچ کەند و لەندێکی سەر ڕێگایان ناپرینگێنەوە. ئەوە زەحمەتکێشانی کوردستانن کە تاڵییەکانی ژیان و کوێرەوەرییەکانی ڕێگای خەبات بۆ ئازادی بە نرخی گیان هەڵدەبژێرن. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەرمایە مرۆییە دەوڵەمەندە بەشی شێری پێ بڕاوە کە لەو ژمارەیەدا باس لە یەک لەوان، فەرماندەی لێهاتوو شەهید عەوڵای زەبیحی ناسراو بە «میرزا عەوڵای نێشکۆڵان» دەکەین.

لە کاتێکدا کە بەشێک لە دانیشتووانی کوردستان هەوای ئازادی هەڵدەمژی و لەژێر سیبەری ئاڵا و کۆماری کوردستان‌دا خەڵک تام و چێژی ئازادییان دەچێشت، لەو سەروبەندەدا کوڕێکی ژیکەڵانە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی نێشکۆڵانی ناوچەی سەردەشت چاوەکانی بە دنیای ڕوون کردەوە و ناوی عەبدوڵڵایان بۆ هەڵبژارد.

عەبدوڵلا لە لێرەوارە سەرسەوزەکان و ئاو وهەوای دڵڕفێنی سەردەشت‌دا گەورە بوو. زۆر زوو لە خوێندن دابڕا و وەبەر کاری وەرزێری نرا.

عەوڵای تازەلاو لەنێو خەڵکی ئاوایی‌دا خۆشەویست بوو. ئەگەرچی سەوادی قوتابخانەی کەم بوو، بەڵام زیرەک و خوێندەوار بوو و لەنێو خەڵکدا بە میرزا عەوڵا ناوبانگی دەرکرد. ئەو هێمن و لەسەرەخۆ و خۆشەویستی جێگەی باوەڕی خەڵکی ناوچەکەی بوو، و زۆر جار کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی چارەسەر دەکرد.

ستەمی نەتەوایەتی و زۆرداریی ڕێژیمی پاشایەتی میرزا عەوڵای بەرەو سیاسەت و کوردایەتی هان دا. بۆیە لە سەردانێک‌دا بۆ باشووری کوردستان پێوەندیی تەشکیلاتیی لەگەڵ کادرەکانی حیزب دامەزراند و بوو بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان. دواتر چەکی پێشمەرگایەتیی لە شان کرد و لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزب‌دا سازمان درا.

میرزا عەوڵای نێشکۆڵان لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧لە خەباتە پڕشکۆکەی ئەو کات‌دا وێڕای هاوسەنگەرانی «دووڕگە ئارام»ەکەی حەمەڕەزا شایان شڵەژاند. ئەو لە زۆربەی شەڕ و بەرپرچدانەوەی پەلامارەکانی هێزەکانی پاشایەتی بۆ سەر جووڵانەوەکەی کوردستان چالاکانە بەشداریی کرد و وەک پێشمەرگەیەکی ئازا بەگژ ساواک و ژاندەرمەکان‌دا چۆوە. پاش نسکۆی خەباتە ڕەواکەی ئەو ساڵانە هاتەوە باشووری کوردستان و کادرێکی لێزان و پێشمەرگەیەکی لێهاتوو ئەو ئەزموونەی خستە خزمەت حیزب و شانی بەر ئەرکە پیرۆزەکانی دا.

بەدەست‌پێکردنی خۆپیشاندانەکانەکان لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیی لێ کەوتەوە، میرزا عەوڵای نێشکۆڵان گەڕایەوە بۆ سەردەشت و وەک فەرماندەیەکی بەوەج لە دەست‌بەسەرداگرتنی پاسگاکانی ناوچەی سەردەشت ڕۆڵێکی باشی گێڕا. پاش ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دامەزرانی شوڕای نیزامی لە سەردەشت، میرزا عەوڵا وەک ئەندامی شوڕای نیزامیی سەردەشت دیاری کرا و بەرپرسایەتیی بەشیک لە ناوچەی سەردەشتی پێ سپێردرا. هەروەک چاوەڕەوان دەکرا لە ڕێکخستنی خەڵکی ناوچەی ئالانی سەردەشت و لە ڕێکخستنی تەشکیلاتی‌دا زۆر کاری گرینگی کرد. ئەو کە کەسایەتییەکی خۆشناو بوو، لەباری ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە کەسێکی پێگەیشتوو بوو، هەر ئەوانەش کەسایەتییەکی تایبەتی لە میرزا عەوڵا دروست کردبوو.

میرزا عەوڵا لە ڕەوتی کار و تێکۆشانی حیزبی‌دا وەک فەرماندەری لکی ٣ی هێزی شەهید موعینی لە ناوچەی سەردەشت دیاری کرا. ئەو لەو بەرپرسایەتییەش‌دا زۆر ئازایانە لێوەشاوەیی خۆی دەرخست و لە شەڕی ٣ مانگەدا چەندین حیماسەی بۆ نەتەوەکەی خوڵقاند و دەرسێکی لەبیرنەکراوی بە هێزی داگیرکەر دا. سەرکەوتوویی نیزامیی ئەو لکەی میرزا عەوڵا فەرماندەیی دەکرد، وایکرد کە لەناوچەدا ناوبانگ دەربکا کە لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی بە فەرماندەری هێزی تایبەت -کە دواتر بوو بە هێزی شەهید هەژار- دیاری کرا. میرزا عەوڵا ئەو ئەرکەشی بە سەرکەوتوویی ڕاپەڕاند و دواتر وەک پارێزگاری ئەمنیەتی بنکەی دەفتەری سیاسی دیاری کرا.

چاوخشاندنێک بە سەر بەشێک لەو «وەسیەت‌نامە»ی میرزا عەوڵا پێمان دەڵێ ئەو کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی حیزب خاوەنی چ بیرکردنەوە و بیروباوەڕێک بووە: «ئەگەر مردم شیوەن و ڕۆڕۆم بۆ مەکەن، ڕەشم بۆ مەپۆشن، چاوبەفرمێسک مەبن. دایکان، خوشکان، برایان، دەست لە خەبات هەڵ مەگرن، ئەگەر بۆ کورد دەمرم جێگای شانازییە، چونکە لەسەر خاکی خۆمم و، ئەو مردنە مردن نییە و زیندوو مانەوەیە، چونکە بۆدیفاع لە گەل و خاکی کوردستانە. بەڵام ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە کە ڕۆژی شەهیدبوونی پێشەوایە، یادێکم بکەن.... هاوڕێیانم با بە تێکۆشانی بێ‌وچان ئاوپڕژێنی جەرگم بکەن، لە نیشتمان‌پەروەری‌دا پێڕەوی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەن. بمرم یا زیندوو بم پێم‌خۆشە ئەندامی ئەو حیزبە بم.»

شەهید میرزا عەوڵا لە قۆناغی زۆر سەخت‌دا ئەرکی وەستۆ دەگرت و لەبەڕێوەبردنی هیچ ئەرکێکی قورس دریغی نەدەکرد. ئەو کە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی وەک جێگری فەرماندەری هێزی شەهید موعینی دیاری کرابوو، یەک لەو فەرماندە ماندوونەناسانە بوو کە هەمیشە لەکاتی پێویست‌دا بڕیاری دەدا و ئەگەر فشاریشی لەسەر بوایە خۆی نەدەدۆڕاند و لە سەخترین هەلومەرج‌دا و لە هیچ کات‌وساتێک‌دا دوودڵی پێوە دیار نەبوو.

میرزا عەوڵا لە دوو قۆناغی خەبات‌دا و لە دوو دەسەڵاتی سەرەڕۆی پاشایەتی و ئیسلامی‌دا بەوپەڕی سەداقەتەوە ئەرکەکانی بەڕێوە برد و تاکاتی شەهیدبوونی هەم بە قەڵەم و بە زمان، هەم بە گیان‌بەخشین خزمەتی بە نەتەوەکەی کرد. مخابن کە ڕۆژی ٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە ناوچەی مەریوان لە شەڕی نێوخۆی گوڵی تەمەنی هەڵپڕووکا و درێژەدانی خەباتی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

# مەسەلەی وەدیهاتنی مافی کرێکاران هاوتەریبە لەگەڵ مەسەلەی میللی نەتەوەیی کورد و لێک جیا ناکرێنەوە

## (ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١ی مەی، ڕۆژی جیهانیی کرێکار)




**خەڵکی تێکۆشەری ئێران!**
**جەماوەری شۆڕشگێری کوردستان!**
**کرێکاران و زەحمەتکێشانی ستەملێکراو!**

هەر بەو جۆرەی کە ئاگادارن ١ی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار لە هەموو وڵاتانی جیهان بە ڕێکخستنی میتینگ و ڕێپێوانی گەورە بە مەبەستی هاوپشتی لەگەڵ چینی کرێکار و زەحمەتکێشی سەرانسەری جیهان جێژن دەگیرێ و یاد دەکرێتەوە.

ئەمساڵیش وەک ساڵی ڕابردوو لە بارودۆخێکدا ١ی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار پیرۆز دەکرێ کە پەتای عالەمگیری کرۆنا جیهانی تەنیوە و بە داخرانی کارخانە و کارگە و شوێنی کارەکان زیاتر لە هەموو چینێک چینی کرێکار و زەحمەتکێش و هەژاری کۆمەڵگەکان کە کەوتۆتە تەنگانەوە و لەژێر فشاری تاقەتپڕووکێنی مانەوە لەژێر سێبەری مەترسیداری کۆڕۆنا ناچارن لە شوێنەکانی کار ئامادە بن.

دیارە لە کەس شاراوە نییە کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو تا ڕادەیەکی زۆر زەرەر و زیانەکانی کە بەر کرێکاران و چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە کەوتوون قەرەبوو کراوەتەوە بەڵام بەو حاڵەشەوە گوشارێکی بەرچاو کەوتۆتە سەر ژیانی بەشەر و لە ڕاستیدا هاتنی ئەم پەتایە (کۆوید١٩) نەک تەنیا زەرەری گیانیی زیاتری لە بەشی فەقیر و دەستکورتی کۆمەڵگەی جیهانی داوە بەڵکوو بۆتە هۆی ئەوەی کە تا دێ فشاری ماڵیی زیاتریش هەر بکەوێتە سەر ئەم تەبەقە زوڵملێکراوەی جیهان.

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەم پەتایە و لەم بارودۆخە جیهانییە بێبەش نەبووە و تەنانەت دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە دۆخی ئێران لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهان خراپترە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنی ئەم پەتایە بە ناکارامەیی لە ڕادەبەدەری خۆیان و بە لەبەر چاو نەگرتنی نیگەرانییە جیهانییەکان و لە کاتێکدا هەموو دنیا دەرگاکانی خۆی لەسەر وڵاتی چین داخست، درێژەی بە هاتوچۆیەکانی شیرکەتی ماهانئەیر دا و بووە هۆکاری سەرەکیی هاتن و پەرەسەندنی ئەو ویرووسە لە ئێران. دواتریش بە درۆ و دەلەسە کە کردەوەی هەمیشەییەتی ئاماری تووشبووان و گیانلەدەستداوانی شاردەوە و تا ئێستاش ئەم سیاسەتە هەر بەردەوامە. لە لایەکی ترەوە زۆربەی وڵاتانی دنیا بە کوتانی واکسێن بە شێوەیەکی بەربڵاو خەریکی واکسینەکردنی خەڵکی خۆیانن بەڵام، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەبەر ڕاگرتنی ڕواڵەتی دژە ئامریکایی خۆی بڕیاری نابەرپرسانەی قەدەغەی هاوردەکردنی واکسێنی ئامریکایی و ئینگلیسی دەرکردووە کە لە ڕاستیدا ئەمە دەکرێ وەک نەسلکوژی چاوی لێ بکرێ و جەنایەت بە دژی خەڵکی ئێران دێتە ئەژمار.

ئەم گوشارانەی ئەو دواییانە تەنیا یەکێک لە هۆکارەکانی بارودۆخی خراپی ئێستای کرێکاران، زەحمەتکێشان، فەقیر و هەژار و بە گشتیی خەڵکی ئێرانە.

کرێکاران و زەحمەتکێشان لە سەرەتاییترین مافی خۆیان کە خۆڕێکخستن لە ڕێکخراوە سێنفییەکان بێت بێبەشن. لەگەڵ هەڵسووڕاوانی کرێکاری بە توندترین شێوازی مومکین هەڵسوکەوت دەکرێ و بە تاوانی جۆراوجۆر دەستبەسەریان دەکەن و سزای شەلاقیان بۆ دەبڕنەوە.

گەندەڵیی لە ڕادەبەدەری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، سیاسەتی هەڵە و نابەجێی ئابووری و لە هەموو گرینگر سیاسەتی نابەرپرسانەی دەرەکی چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانی وای کردووە کە ڕادەی بێکاری، گرانی و هەڵاوسانی هەوسارپساو و بە گشتیی داڕمانی ژێرخانی ئابووریی ئەم وڵاتە هیچ سنوورێک نەناسێ. ناوەندەکانی کار و بەرهەم هێنان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دادەخرێن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵکی زیاترن کە لە کارەکانییان بێکار دەکرێن و کۆماری ئیسلامیش کەمترین بەرپرسایەتییەک لە ئاست ژیان و بژیوی خەڵک وە ئەستۆ ناگرێ.

ئەم بارودۆخە نالەبارە کرێکاران و مامۆستایان و بازنشستەکان و بە گشتیی هەموو چین و توێژەکانی کۆماری ئیسلامی وە زاڵە هێناوە و هیچ ڕێگەیان جیا لە دەربڕینی نارەزایەتی بۆ نەماوەتەوە کە ئەویش لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی قەبوول ناکرێ و بە توندترین شێواز سەرکوت دەکرێ و هەموو دەرەتانێکیان لە خەڵک سەندۆتەوە.

پارێزگاکانی کوردستانی ئێران بەپێی ئامارە فەرمییەکانی دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی لە خراپترین بارودۆخ دان و بێکاری و هەڵاوسان لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە. هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هیچ سەرمایەگوزارییەکی بنەڕەتی و پیشەیی لە کوردستان نەکراوە و بە تەواوی هەوڵ دراوە کە کوردستان نەبێتە بەشێکی پیشەیی و هەمیشە نیگەرانیی ئەمنی زاڵ بووە بەسەر مەسڵەحەت و ژیان و بژیوی خەڵکی کوردستان. بارودۆخی نالەباری خەڵکی کوردستان و نەبوونی کارخانە و کارگەکان و بە گشتیی نەبوونی کار بۆتە هۆکارێک کە خەڵکی هەژار و بێدەرەتان بۆ دابینکردنی نانی ڕۆژانەی بنەماڵەیان ڕوو بکەن کارە تاقەت پڕووکێنەکان، کە لەوانە دەکرێ ئاماژە بە کۆڵبەری بکرێ و سەرەڕای ئەوەش ڕۆژ نییە کە هەواڵی گیان لەدەستدانی کۆڵبەر یا چەند کۆڵبەرێک بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی نەبیستینەوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانی لە کرێکاران، زەحمەتکێشان، مامۆستایان، خانەنشینکراوان و ژنان و بەگشتیی هەموو چین و توێژە بەشخوراوەکان کوردستان و ئێران بۆ وەستهێنانی سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان، جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوە کە مەسەلەی وەدیهاتنی مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەشخوراوانی کوردستان هاوتەریبە لەگەڵ مەسەلەی میللی نەتەوەیی کورد و هیچیان لە یەک جیا ناکرێتەوە. پێکهێنانی کیانێکی کوردی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکرات، سێکۆلار و فێدراڵدا کە ناوەندی هاوکاری خەباتی بۆ دەکا تێیدا مافی چین و توێژە جیاوازەکان و بە تایبەت کرێکاران پارێزراو بێت و ئەولەوییەتی حکوومەتێکی کوردی دەبێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١ی مەی ٢٠٢١**
**١١ی بانەمەڕی ١٤٠٠**

* * *

درێژەی لاپەڕەی ٣

سەرکەوتوو نەبووە.

دوو حاڵەت هەن کە لەواندا پرسی سەڵاحییەت بە چەشنێکی لەبارتر خۆی دەردەخا. یەکەم بریتییە لە سەفەر یان پەنابردنی هێندێک لە بەرپرسانی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و دۆزرانەوەی هاودەستە دەرەکییەکانیان کە لێرەدا بوونی هەم ئەوان و هەم قوربانییەکان لەسەر خاکی ئەم دەوڵەتانە دەتوانێ وەک پاساوبەخشێک بۆ سەڵاحییەتی دادگا نێوخۆییەکانی ئەو دەوڵەتانە بەکار بێ. سکاڵا بەرزکردنەوە بەدژی ئەو کەسانە ئەگەر لە کۆتاییدا بەهۆی بەربەستە سیاسی و قانوونییەکان سەریش نەگرێ، لانیکەم ئەو سوودەی هەیە کە یارمەتی بە ورووژاندنەوە و بەمێدیایی کردن و وەبیرخستنەوەی سەرکوتی کورد و هاندانی بیروڕای گشتیی وڵاتانی دەرەوە بۆ بەرەسمی ناسینی ژینۆسایدی کورد دەکا.

حاڵەتەکەی تر بابەتی بەرپرسیارێتیی ئەو لایەنە حکومەتی و کۆمپانیایانەیە کە چەکی کۆمەڵکوژ و مەوادی کیمیایی و بایۆلۆژیی قەدەغەکراویان داوە بە دەوڵەتانی سەرکوتکاری کورد. بۆ نموونە بەپێی زۆر بەڵگەنامەی باوەڕپێکراوی پیشەسازیی سەربازیی عیراق و ئەرشیڤەکانی تیمەکانی پشکنینی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرچاوە هەواڵگرییەکان، لیستەی ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشێوەی مەعقوول دەکرێ شکی هاودەستی لەگەڵ ڕێژیمی سەدامیان لێ بکرێ لەبەردەستدایە کە لە کۆمپانیاکانی بریتانیا و ئاڵمان و ئوتریش و فەڕانسە و هولەند و ئیسپانیا ڕا بگرە تا ئەوانەی ئەمریکا و هیندوستان و ژاپۆنی تێدایە. بەڵام جیا لە کێشەی سەڵاحییەتی دادگاکان کە ئاماژەی پێ کرا، پەلکێشکردنی بەکردەوە و کارای ئەم کۆمپانیایانە بۆ بەردەم دادگای وڵاتەکانیان لەگەڵ کۆمەڵێک کۆسپ بەرەوڕوویە: جیا لەوە کە زۆر لە کۆمپانیا پێوەندیدارەکان لە ساڵانی ڕابردوودا ناو و کەسێتییان گۆڕاوە، بەشی بەرچاوی مەوادی دابینکراو مەوادێکن کە هەم لە بواری دەرمانسازی و کشتوکاڵدا بەکاردێن، هەم لە بواری دروستکردنی چەکوچۆڵی قڕکردندا. لەلایەکی دیکەوە، خستنە ژێر پرسیاری ڕابردووی ئەو کۆمپانیایانە کە بە مۆڵەت و ئاسانکاریی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و وەزارەتی بازرگانیی وڵاتەکانیان مامەڵەیان لەگەڵ ڕێژیمەکانی ناوچە کردووە، ناڕاستەوخۆ دەست بردن بۆ پرستیژی ئەو وڵاتانە و ئەمنیەتی ئابووری و بازرگانیی وانە. لە هەمووشی ئەستەمتر، دۆزینەوەی پێوەندیی هۆکاری (العلاقة السببية) لەنێوان مەوادی دابینکراو لەلایەن کۆمپانیاکە و و تاوانەکاندایە. سەختیی سەلماندنی ئەم پێوەندییە هۆکارییە بەتایبەتی لە هێندێک هەوڵ کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دادگاییکردنی کۆمپانیاگەلێکی وەک "تالیسمان" و "ئالکۆلاک" کە لە سوودان و عیراق چالاک بوون بە ڕوونی نیشانی دەدا کە سەرخستنی هەوڵی لەم جۆرە پێویستی بە کارزارێکی قورسی سیاسی و قانوونی و مێدیایی و بوارە پسپۆڕییە پێوەندیدارەکان هەیە.

بە هەموو ئەمانەشەوە، کەیسی فرانس ڤان ئانرات لە هولەند کە پاش وروژاندنێکی مێدیایی و وەڕێخستنی هەڵمەتێکی چڕوپڕ لەلایەن ڕەوەندی کوردی و دۆستانی کوردەوە دادگایەک پێک هێنرا نموونەیەکی تا ڕادەیەک سەرکەوتوو و شیاوی لێوردبوونەوە و ئەزموون لێوەرگرتنە. دۆزینەوەی پێوەندییە هۆکارییەکە لەو کەیسەدا بۆیە وەدی هات چونکە دەرکەوت کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٥ و ١٩٨٨دا ناوبراو لانیکەم ٤٠٪ ی ماددەی (تی.دی.جی)ی بەکارهاتوو بۆ دروستکردنی خەردەل و تابوون و سارینی بۆ ڕێژیمی بەعس دابین کردبوو. دیارە لەو کەیسەدا فرانس ڤان ئانرات تەنیا وەک کەسێتییەکی سروشتی دادگایی کرا، هیچ قەرەبووکردنەوەیەکی قوربانییان لە ئاستی مەدەنیدا بڕیاری لەسەر نەدرا و ناوبراو تەنیا بە هاودەستی لە تاوانی جەنگدا بە حەڤدە ساڵ زیندان مەحکوم کرا و دادگا قەناعەتی بە ئاگاداربوونی ناوبراو لە نیەتی ڕێژیمی سەدام بۆ ژینۆسایدی کورد نەهێنا.

* * *

دارسمە

دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# ڕێگەی قودس بە مۆسکۆدا نزیکترە

ساڵی ساڵان تێپەڕین. تێپەڕین ئەو ساڵانەی کۆمەڵی ئەویندارانی کەربەلا و خوازیارانی ئازادیی قودس، لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا بە پڕتاو خۆیان دەچاڵی قیڕی سوپای عێراق دەهاویشت و هەتا ملان پێوە دەبوون. یان بە قیری دەخنکان و یان بەکۆمەڵ وەسەر مین دەپەڕین و بەسەر یەکدا دەکەوتن. ئەو ساڵانە تێپەڕین، یەکەم وەزیری دەرەوەی ئێران بە ناوی سادق قوتبزادە کاتێک وەژوور بینای وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەکەوت سەیری سەردەرگای دەکرد و بە دیتنی دروشمی "نە شەرقی، نە غەربی جەمهووریی ئیسلامی" بەخۆی دەنازی. سادق قوتبزادە کوڕی بازرگانێکی ئیسفەهانی بوو. لە سەردەمی گەنجیەتیدا بەسەر خەباتی محەممەد موسەدیقدا کەوت و لەگەڵ کودتای ٢٨ی گەلاوێژی دژی موسەدیق بوو بە لایەنگری "جەبهەی میللی" و دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی بوو بە شوێنکەوتەی خومەینی و کرا بە ئەندامی "شوڕای ئینقلاب" و وەزیری درەوەی کۆماری ئیسلامی. ئەو دواتر بوو بە سەرۆکی دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئاخری بە تۆمەتی خەیانەت بە قوربانی دوو گوللەی گەرمیان کرد و بۆ هەمیشە ژیانیان تیکەوە پێچا. ئەگەر کای کۆن زۆر بەبا نەکەین دەکرێ بڵێین ئەوە کورتەی ژیانی یەکەم وەزیری درەوەی کۆماری ئیسلامی بوو.

بەڵام ئاخرین وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی. ڕەببی خوا لە زارم بڕوانێ و ئەم زەریفەی خۆمان مەبەستم حەمەجەوادە، ئاخر وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بێت. باشە ئەگەر واش نەبێت، ئێستا ئاخر وەزیری دەرەوەیە و هەتا ئێستا کەس نەهاتووەتە جێگەی. قسەی خۆمان بێت و جارێ لەنێو خۆمان دەرنەچێ، ئەم حەمەجەوادەش یان بەدەردی یەکەم سەرۆککۆمار دەچێ، یان بە دەرد یەکەم وەزیری دەرەوە. ئاخر ئەوە نییە بەم ئاخیری وادەی تەواوبوونی پۆستەکەی خەریکە تێشووی شوانی دەخواتەوە؟ کورد دەڵێ "بزن ئەگەر ئەجەلی هات، تێشووی شوانی دەخوات". جگە لەمە ڕێکەوتەکەش ڕێکەوتێکی خراپە. باوکی قوتبزادە بازرگانێکی ئیسفەهانی بوو، باپیرەی ئەمەشیان هەر بازرگانێکی ئیسفەهانی بووە. ڕەنگە هەر لە بنەڕەتڕا ئیسفەهانی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیان پێوە نەیەت. کاک ناحەمەجەوادیش لەوەتی کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەر دەستەڵات لە کۆنسۆلخانەیەکی ئێران لە ئەمریکا دەستی بە کار کردووە و لەم ساڵانەی دواییدا لە وەزارەتی دەرەوە سەری وەدەرنا. میرزا جەواد ئەوکاتەی لە سەردەمی دانووستانی ئەتۆمی لە تەلەفزیۆناندا لە نێوان خانمی مۆگرینیی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و جان کێریی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕادەوەستا بەردەوام بەرانبەر بە کامێرا گڕ دەبووە و لێوی وێک نەدەکەوتنەوە. نازانم ئەوکات ئەو پێکەنینەی لەچی بوو؟ بە بەژنی درێژی جان کێری پێدەکەنی یان بە قژی ئاڵۆزی خانمی موگرینی؟ ڕەنگە بە هاوکارانی لە تاران پێکەنیبێ کەئەنەهوو ئەوان هاوکارانی ژنیان بە مەقنەعە و مانتۆوەن و خانمی موگرینیش زولفی با دەیشەکێنێ بە کوێستان و بەوێدا.

ساڵان هاتن و ڕابردن. ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی کشایەوە و ساڵانی گەشە و نەشەی مامە جەوادیش لە کورتییان دا و پلیتەی بەختی کەوتە کزی. میرزا قاسی سولەمیانی دەلینگی لێ هەڵکرد و بێئەوەی گۆلمەهەرزنێک بە کڵاوی زەریف بپێوێ، بەشار ئەسەدی بانگ کردە تاران و خۆی سەردانی سەرۆککۆماری ڕووسیەی کرد و فڕۆکەی میگی ڕووسیی هێنانە فرگەی نۆژەی هەمەدان و داوای لە ڕووسیە کرد بێن لە خاکی ئێرانەوە مووشەکی دوورهاوێژ باوێنە سووریە. خوا هەڵناگرێ ئەم حەمەجە جەوادە کاتێک بێپرسوڕا و ئاگادارییی ئەو بەشار ئەسەدیان بانگ کردە تاران، لەداخان ڕۆیشتەوە ماڵ و سووکە دەستلەکارکێشانەوەیەکیشی نووسی. دوایی گوێیان گرت و هێنایانەوە سەر کار. پاش ئەم ڕووداوانە لە نێوان چوونە ژوورەوەی حەمەجەواد و سادق قوتبزادە بۆ باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران و تێپەڕین بە ژێر دروشمی سەردەرگادا کە نووسراوە" نە شەرقی نە غەربی، جەمهووریی ئیسلامی" هەست بە جیاوازییەک دەکەین. قوتبزادە بە دیتنی دروشمەکە کەمێک بەخۆی دەنازی، بەڵام حەمە جەواد بیر لە مووشەکی ڕووسی و فڕۆکەخانەی نۆژەی هەمەدان و خێڵی پاسدارانی کوژراوی هاوبەرەی ڕووسیە دەکاتەوە و لە ڕێککەوتنی ٢٠ ساڵەی ئێران و چین مۆڕ دەبێتەوە و لەداخی دروشمی نە شەرقی نە غەربی، وتووێژی چەند سەعاتی دژ بە قاسم سولەیمانی و سوپای قودس و شتی وا تۆمار دەکات. حەمەجەواد دەیهەوێ وتووێژەکەی بڵاو نەبێتەوە و تەنیا کوڵی دڵی خۆی پێ دابمرکێنێ، بەڵام لەبەر بەدئیقباڵی دەقی وتویژەکە دەکەوێتە دەست میدیاکان.

ئێستا کارمان بەوە نەداوە حەمەجەوادی بە ڕەچەڵەک ئیسفەهانی بە دەردی قوتبزادە دەچێ یان وەک یەکەم سەرۆککۆمار بەرەو پاریس و ماریس ڕادەکا. ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کاکە حەمەجەوادیش وەک ئێمە نەیدەزانی ڕێگەی قودس بە کەربەلادا تێناپەڕێ و بە مۆسکۆدا نزیکترە.

دوو ڕۆژ دوای دەرچوونی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە بڕیارە عەلی لەپڕزێڕینیش وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی قودس قسە بکات، با بزانین چ قۆڕێکی بۆ حەمەجەواد گرتووەتەوە و پێشمان دەڵێت چۆناوچۆن ڕێگەی قودس بە مۆسکۆدایە و کەربەلا ناگرێتەوە.

***

# «زەریف» لە کاریکاتۆری «ئەمیرکەبیر»ەوە بۆ لاسایی‌کردنەوەی «بازرگان»



عەلی لەیلاخ

بەپێی تیئۆریی پسپۆڕانی بواری زانستی سیاسی و بزاڤناسانی وەک "ساموئێل هانتینگتۆن" و "چارلێز تیلی" ئینقلابی ئیسلامیی ئێران ڕاستە تایبەتمەندیی شۆڕش لەخۆ دەگرێ، بەڵام ئەو ڕووداوە مێژووییە لە جۆری خۆیدا دەگمەنە و هەڵسەنگاندنی ئاسان نییە.

هێندێک هەوڵ هەیە کە دەیانەوێ ئینقلابی ئیسلامیی ئێران بە شۆڕشی مەزنی فەرانسە بەراورد بکەن، بەڵام تەنیا خاڵی هاوبەشی ئەم دوو شۆڕشە نەمانی دەسەڵاتی پاشایەتییە و هیچی دیکە. بە گوتەی "ئالێکسی دۆتۆکویل"، شۆڕشی فەڕانسە ژێربەناکەی لیبرالیزم بوو، ئیستبدادی مەزهەبی کلێسایی لە "خودا و پاشاکان" وەرگرت و بە خەڵکی بەخشی. ئەمە لە کاتێکدایە کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ژێرخانی مەزهەبیی هەبوو کە زۆریشی نەخایاند و بوو بە ڕێژیمێک بە ئیستیبدادی مەزهەبییەوە. بۆیە دەگوترێ کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، ڕووداوێکی دەگمەنە کە ئاڵۆزییەکی پێناسەیی هەیە.

سەردەمی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە لە کاتێکدا بوو کە دۆخی ئابووریی وڵاتی ئێران لە باشترین حاڵەتی خۆیدا بوو، بە پێچەوانەی شۆڕشی فەرانسە کە یەکێک لە هۆکارەکانی دارمانی ئابووری بوو. ئەگەرچی لە ئاکامی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، نیزامی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی پێچرایەوە و ڕێژیمێکی نوێ و مەزهەبی هاتە سەرکار، بەڵام دەبینین کە هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە داخراوەیی و ئیستیبدادێکی خست هەموو جومگەکانی ئەو وڵاتەی داگیر کرد و هێنایە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

ئەگەر خوێندنەوەی هێندێک لە بزاڤناسان لەبەرچاو بگرین کە بە چاوی گومانەوە سەیری شۆڕشەکانی "کووبا، چین، هێند، و... دەکەن و دەڵێن: ئەگەرچی خەڵکی ئەو وڵاتانە لە چنگی داگیرکران ڕزگاریان بوو، بەڵام دیکتاتۆرێکی خۆجێیی هاتە سەرکار، کەواتە ئەو شۆڕشانە تەواو نین.

ڕوونە لە ئێرانی پاش ٥٧ بەرەبەرە دیکتاتۆرییەتی پاشایەتی جێگەی خۆی دا بە توتالیتەریزمێکی مەزهەبی و ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو ڕێژیمە بە ڕێژیمی نادێموکراتیک دەناسرێ و شۆڕشەکەیش بەتاڵ بووە لە ویست وئامانجەکانی شۆڕشەکە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ئیسلامی بە تایبەتی پاش هاتنەسەرکاری دەوڵەتی کاتیی مێهدی بازرگان، دەسەڵاتی بەهێزی دەوڵەتی سێبەر بوو. ئەگەرچی لە زانستی سیاسیدا پێناسەی دەوڵەتی سێبەر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە لە ئێرانی پاش شۆڕش هەیە و تا ئەمرۆکەش هەر بەردەوامە.

دەوڵەتی کاتی پاش ٢٧٥ ڕۆژ بە هۆی دەستتێوەردانی نایاسایی هەرەسی هێنا و بە هێرشکردنە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ٥٨ی هەتاوی کە ناوی لێ نرا "شۆڕشی دووهەم" و دەستلەکارکێشانەوەی بازرگانی لێ کەوتەوە؛ دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی لە واقعدا هەم درێژەی باڵی مەشروعەیە کە لە بزاڤی مەشرووتەدا ستارتی لێدراوە و هەم دەوڵەتی سێبەر، بەهێزترە لە دەوڵەتی یاسایی.

### دەوڵەتی سێبەر

دەوڵەتی سێبەر یان شاراوە لە ئەساسدا ئاماژەیە بە دوڵەتێکی بەهێزتر لە دەوڵەتی یاسایی. خاڵی گرینگ لە پێناسەی دەوڵەتی سێبەر ئەوەیە کە بە بەکارهێنانی ئیمکاناتی دەوڵەتی و بە هۆوییەتێکی نامۆ و لە چوارچێوەی دەوڵەتی یاسایی بە چەشنێک جێگای خۆی دەکاتەوە کە هەوسارکردنی ئاسان نییە و بەدژی بەرژەوەندی نەتەوەیی دەجووڵێتەوە.

پێناسەی دەوڵەتی شاراوە (deep state) لە ڕوانگەی ئێدوارد برنێز-ەوە زۆر جیاوازە چونکی ئەو دەڵێ: دەوڵەتی شاراوە چینێکی سەرتری کۆمەڵگەیە و خەڵکی ئەو چینە کارناس و ڕاهێنراو و ڕووناکبیرن و پێویست بە یەکتر ناسین ناکا و توانای کۆنترۆڵی ڕای گشتییان هەیە. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا دەوڵەتی سێبەر لە واقعدا کێشەخوڵقێن بووە و بەپێچەوانەی خودی یاسای وڵات جووڵاوەتەوە. بە زمانی سادەتر دەوڵەتی پشتئەستور بە شەرع! بەهێزترە لە دەوڵەتی بە ڕواڵەت یاسایی.

گلەیی و گازندەکانی مێهدی بازرگان، سەرۆکوەزیرانی یەکەمین دەوڵەتی پاش شۆڕشی ٥٧ ی هەتاوی لە سەروبەندی دەستلە کارکێشانەوەیدا بە ڕوونی باس لەوە دەکا کە هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە و تەنانەت ئیزنی دیتنی وەزیرەکانی خۆی نەبووە! ناوبراو باس لە کۆمەڵێک دامودەزگای نایاسایی دەکا کە هێز و دەسەڵاتیان لە دەوڵەتی یاسایی پتر بووە.

لەم‌ڕۆژانەدا بڵاوبوونەوەی فایلی دەنگیی محەممەد جەواد زەریف بە شێوەی گوماناوی سەرەڕای هێندێک دانان بە شێوەی ئیدارەی ڕێژیم ئەوەی کە بۆ خەڵکی ئێران شتێکی سەیروسەمەرە نەبوو، دەرکەوت کە "زەریف" بە زەرافەتەوە دەیهەوێ بۆ خۆدەربازکردن لە کێشە کەڵەکەبووەکانی دەزگای دیپلۆماسی ئەو و دەوڵەتی ڕووحانی، لاسایی مێهدی بازرگان بکاتەوە.

جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی ڕوحانی کە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ناوکیی ئێران ژێستی دیپلۆماتکارێکی زیرەکی بەخۆیەوە گرت و تەنانەت لایەنگرانی نازناوی "ئەمیرکەبیر"یان پێدا.

بەڵام ئەوانەی کە بیرەوەرییەکانی حەسەن ڕوحانییان -ئەوکاتەی سەرۆکی شۆرای باڵای ئەمنییەتی میللیی وڵات بوو" خوێندبێتەوە، دەزانن کە ئەمە سیاسەتی وردی ئیدارەی "ئۆباما" بوو کە ئەوانی ناچار کرد بچنە سەر مێزی وتووێژی (١+٥) کە یەکەم خاڵی بەستنەوەی کۆماری ئیسلامی بوو لە شەترەنجی دیپلۆماسیدا.

هەر لەو کاتەشدا دەوڵەتی سێبەر لەژێر ناوی پشتیوانی لە سەرۆککۆمار ئەحمەدی‌نژاد بەربەستیان ساز دەکرد بۆ هەرچەشنە دانوستان لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا بەتایبەتی کە دواجار بە ناچارییەوە ملیان بۆ دانوستان ڕاکێشا. سەیر ئەوەیە خودی ڕووحانی لەو بارەوە لەگەڵ ئەحمەدی نژاد ناکۆکییان لێکەوتەوە و هەر بە ڕەشنووسێکی ئەحمەدی‌نژاد لەسەر کارەکەی وەلانرا.

کەواتە هەڵسەنگاندنی حوسێن بەشیرییە لەسەر سیستەمی کۆماری ئیسلامی بەجێیە کە دەڵێ سیستەمێکی "ئاڵۆز و پێناسە هەڵنەگرە" کە چۆن دەبێ سەرۆککۆمار ئەحمەدی نژاد بەرەولای دەوڵەتی سێبەر کە سپای پاسداران و بەیتی ڕێبەرییە بچەمێتەوە و بە پێچەوانەی یاسا هەڵسوکەوت بکا. کەواتە دامودەزگاکانی بەیتی ڕێبەری و مافیای سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی سپای پاسداران چ لە دارشتنی دیپلۆماسیی ڕێژیم و چ لە دەزگای وەزارەتی دەرەوە و مەجلیسی کۆماری ئیسلامی بەهێزترن.

دەرهاوێشتەی قسەکانی زەریف کە دەگوترێ دزەی کردووەتە نێو میدیاکان و بووەتە پرسێکی ڕۆژەڤ دەتوانین لە چەند خاڵدا باس لە بەهێزبوونی دەوڵەتی سێبەر بکەین و بەوکارەساتەوە کە خودی دەوڵەتی یاسا ملکەچی دەوڵەتی سێبەرە و لە واقێعدا ئەمە قاسم سولێمانی بوو کە وەزیری دەرەوەی [ئەسڵیی] سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، هەتا جەواد زەریف بەتایبەتی لە پرسی سووریە و یەمەن و عێراقدا.

لەو تۆمارە دەنگییەدا ئەوەی کە جێگەی داخە بۆ گەلانی ئێران باسکردن لە کارەساتی لێدان لە فڕۆکە ئۆکراینییەکەیە کە جەودا زەریف دەڵێ: بە برادەرانی "سپا "مان گوت: ئەگەر کاری ئێوەیە بیڵێن با بۆتانی داپۆشین! پرسیار ئەمەیە ئاخۆ چەند کارەسات و ڕووداوی دیکە بەدەستی دەوڵەتی چەکدار! ڕووی داوە و دەوڵەتی پارلەمانی بۆی داپۆشیوە؟

لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەی بایەخی نەبووە ڕێگەوشوێنی یاسایی بووە تەنانەت بەپێی هەمان یاسای پەسندکراوی خۆیانیش نەجووڵاونەتەوە. لە ئاستی سەرتر و فەرمی‌تردا پاش "ئەبولحەسەنی بەنی‌سەدر" ئەمە محەممەد خاتەمی بوو" کە خۆی بە "تەداروکاتچی" ناو برد کە ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بە پێگەی بەهێزی دەوڵەتی سێبەر لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا کە جاروبار لەژێر ناوی "دەوڵەتی شاراوە، برایانی قاچاخچی، دەوڵەتی بێ‌چەک و... " لە زاری خودی دەمڕاستەکانی ڕێژیمەوە گوێمان لێ‌بووە.

بەم پێیە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر هۆکارەکانی ئەو تۆمارە دەنگییەی جەواد زەریف و درزەکردنی دەتوانین بە ڕەچاوکردنی هەبوونی دەوڵەتی سێبەر و سات وسەودای لەگەڵ دەوڵەتی یاسا لە چەند خاڵدا پۆلێن‌بەندی بکەین:

یەکەم جەواد زەریف کە سیاسەتی دیپلۆماسییەکەی لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەش شکستی هێناوە لە کۆتا ڕۆژەکانی دەوڵەتی ڕوحانیدا دەیهەوێ لاسای مێهدی بازرگان بکاتەوە، بەو جیاوازییە کە بازرگان دەستی لەکارکێشایەوە.

دووهەم؛ کاریگەریی دانان لەسەر ڕەوتی وتووێژەکان سەبارەت بە بەرجام و پرسی ناوکی.

سێیەم، پاساو هێنانەوە بۆ شکستهێنانی تیمی دانوستانکار و وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشە سیاسییەکان و تاوانبارکردنی دەوڵەتی سێبەر!

چوارەم، بە تاوانبار زانینی سپا بەگشتی و سپای قودس بە تایبەتی لەهەمبەر کێشە و گرفتەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

بڵاوبوونەوەی ئەو تۆمارە دەنگییە بە هە رهۆکار و بە هەر پلان و پیلانێک بووبێ، هیچ لە ئابڕووچوونی دەوڵەتی ڕوحانی و وەزارەتی دەرەوەی ئەو دەوڵەتە کەم ناکاتەوە و هەروەها دەستی دەسەڵاتداریی سەر بە بەیتی ڕێبەریی زیاتر ئاشکرا کرد.

***

**سەرچاوەکان:**

- امنیت ملی و دیپلماسی هسته‌ای، حسن روحانی
- گذار مخالفان شاه از گفتمان مبارزه مسالمت‌آمیز به گفتمان سرنگونی و مبارزه مسلحانه، اکبر گنجی
- قدرت در سایه و دولت، آگری اسماعیل نژاد

# پیلانگێڕی دژی مەریوان بە سپۆنسەریی ناوەندە ئەمنیەتییەکان



سمایل شەرەفی



لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا خەڵکی شاری مەریوان پێشەنگایەتیی ڕەفتارێکی سەردەمیانەی لە خەبات بۆ "کوردایەتی" و دەستەبەرکردنی "ماف" وەئەستۆ گرتووە. هەرچەند شوناسخوازیی نەتەوەیی سێبەری زاڵی ئەم خەباتە بووە، بەڵام لەم شارەدا بیروبۆچوونی سیاسیی دیکە و چالاکیی مەزهەبییەکانیش دیار بووە و هەموو "پێکەوە" وێنایەکی جوانیان لە پێکەوە هەڵکردن و لێکتێگەیشتن بە دەستەوە داوە.

تێکۆشانی ڕێکخراوەیی و مەدەنی لەم شارە ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و هەر ئەم پاشخانە لە ڕەهەندی هێمنایەتی لە خەبات، مەریوانی لە جموجۆڵی مەدەنی و جەماوەری‌داکردە‌پێشەنگ.پێشەنگایەتییەک لە شارستانیەت، نیشتمانپەروەری، شوناسخوازی، جەماوەری‌بوون، یەکسانی، پێکەوەهەڵکردنی جیاوازییەکان، ژینگەپارێزی و جوانی.

ئەم خەسڵەتە سەردەمیانانە ئەگەر لە لایەک بۆ کوردستان دەستکەوت و شانازی بوون و هەن، بۆ گەلانی دیکەی دوور و نیزیکیش سەرنجڕاکیش بوون. لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا خەڵکی مەریوان خانەخوێی دەیان هەزار گەشتیاری ئێرانی و بیانی بوون و، شەقامەکانی ئەم شارە ببوونە سێنی بەڕێوەچوونی گەورەترین فستیڤاڵە ناوچەیی و جیهانییەکان و، ئەوە لاوانی بەهرەمەندی مەریوانی بوون کە بە نوێنەرایەتی لە لێهاتووی نەتەوەکەیان چەندین جار لە بواری جۆراوجۆری ئەدەبی، فەرهەنگی، وەرزشی، فکری و فەننی و... لە ئاستی جیهاندا درەوشانەوە.

ئەوە لاوانی کوڕ و کچی ئەم شارەبوون کە بە وەسەریەکخستنی توانا و ئیمکاناتی خۆیان و بە دەستی بەتاڵ - بەڵام پێکەوە - بە گژ سیاسەتی سووتاندن و گڕتێبەردانی نیشتمانەکەیاندا چوونەوە و پەیامی ژینگەپارێزی و پاراستنی نیشتمانیان بە نێو سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستاندا بڵاو کردەوە و مانا و مەفهوومی نیشتمانپەروەری و شوناسخوازی نەتەوەییان لە فۆڕم و خوێندنەوەیەکی دیکەدا پێناسە کردەوە.

هەموو ئەمانە ئەگەر بۆ کورد و بزووتنەوە مافخوازەکەی دەسکەوت و شانازیی گەورە و مەزن بوون و هەن، بۆ قین‌لەدڵانی دژ بە خاک و خەڵکی کوردستان نیشانەی شکست و داماوییان بوو. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و هاوفکرە ڕەش و کۆنەپەرەستەکانی کە چاویان بەرایی دیتنی ئەم ڕەفتارە سەردەمیانەی خەڵکی شاری مەریوانیان نەدەدا و لە بەرانبەر بڵاوبوونەوەی پەیامەکانی ئەم پێشەنگایەتییە کلۆڵ و مایەپووچ بوون، کەوتنە بیری تۆڵەکردنەوە لە شاری مەریوان و هەوڵدان بۆ بەربەستکردنی ئەو ڕێڕەوە دروستەی کە ئەم شارە تیایدا گوزەری دەکرد.

سنووردارکردنەوەی چالاکیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، پیلانگێڕی ناوەندە ئەمنیەتییەکان دژ بە ژینگەپارێزان، سەرکوتی بێ‌بەزەییانەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئەم شارە و دەستبەسەرکردنی بە دەیان کەس لە چالاکانی مەدەنی، ڕەچاوکردنی سیاسەتی پیسکردنی ژینگەی شار لە ڕێگای کۆکردنەوەی زبڵ لە دەورووبەری شار و بەتایبەت گۆلی زرێبار و، چەندین پیلانی جۆراوجۆری دیکەی لەوچەشنە، هەوڵگەلێکی دوژمنکارانەی دام و دەزگاکانی ڕێژیم بوون دژ بە شاری مەریوان و خەڵکەکەی.

ئەم پیلانگێڕییانە در بە شاری مەریوان هەروا درێژەیان هەیە و تازەترین نموونە؛ هێرشی کۆمەڵێک کەسی دڵڕەش و مێشک ئاڵۆزی نەخۆشە بۆ سەر خەڵکی ئەم شارە کە بە ناوی داکۆکی‌کردن لە دین و پشتئەستوور بە دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لەم شارە بەڕێوە دەچێ.

خەڵکی ئەم شارە وەک باقی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئیماندار و باوەڕمەند بە دینی ئیسلامن و سەرەڕای هەموو جیاوازییە فکری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان نموونەیەکی سەرکەوتوو و جێی شانازییان لە پێکەوە هەڵکردن پێشان داوە و پێویستیان بە کەس نەبووە کە "ئیرشاد" و ڕێنوێنییان بکات. کەوابوو ئەوەی لەم ماوەیەدا لە شاری مەریوان ڕووی دا و چەند کەسێکی بەکرێگیراوی توندڕەوی دڵ و بیرڕەش، هێرشیان کردە سەر چەند کەسێک لە لاوانی ئەم شارە نە دەتوانێ ڕیشەی فکری و کۆمەڵایەتی هەبێ و گومانیش لەودا نییە کە دەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی لە پشتە.

ئەوەی لەم پێوەندییەدا و لێرەدا جێی خۆیەتی بە شانازییەوە ئاماژەی پێ بکرێ و وەک نموونە ڕەفتارەکانی دیکەی خەڵکی شاری مەریوان دڵی پێ خۆش بکرێ، هەڵوێستی ژیرانە و ئازایانەی لاوان و ژنانی ئەم شارەیە دژ بەم پیلانگێڕییە نوێیەی ڕێژیم و ئەو تاقم و گرووپەی کە بە ناوی دیفاع لە دین دەیانهەوێ لەم شارەدا خراپ کاری و پیلان بگێڕن. ئەوان یەکگرتووانە و خۆتەیاکردن بە هەر کەرەسەیەک کە بتوانن دیفاع لە شارەکەیان بکەن، شەوانە لە شەقامەکانی شاردا ئامادەی هەرجۆرە بەگژداچوونەوەیەک بوون و بۆ جارێکی دیکە نیشانیان دایەوە کە مەریوان جێی توندڕەوی و پیلانگێڕیی تێدا نابێتەوە.

# شوانی کورد


د. کامران ئەمین‌ئاوە

## بیۆگرافیی عەرەب شامیلۆڤ

عەرەب شامۆیویچ شامیلۆڤ [عەرەبێ شەمۆ]، نووسەری بە ناوبانگی کوردی سۆڤییەت لە ٢٣ی ژانویەی ١٨٩٧زایینی‌دا لە ئاوایی سووسووز سەر بە ئەیالەتی قارس [تورکیەی ئەمڕۆ] لە بنەماڵەیەکی هەژار لەدایک بوو. عەرەبێ شەمۆ لە بەشدارانی چالاکی شۆڕشی دژ بە حکوومەتی تێزار و شەڕی نێوخۆیی دژ بە هێزەکانی سەر بە حکوومەتی ڕووخاوی قەیسەری بوو. ساڵی ١٩١٨ بوو بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسیە. لە نێوان ساڵەکانی ٢١-١٩٢٠ زایینی‌دا سەرۆکی بەشی کۆمیسیۆنی نائاسایی [چکا] شاری قوبا (Quba) لە ئازەربایجان بووە. لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٢٠دا هاوکاریی لەگەڵ ڕۆژنامەکانی"ئاسۆی خۆرهەڵات"، "ڕێیا تازە"، "کوردستانی سۆڤییەت" کردوە. لە نێوان ساڵەکانی ٢٢-١٩٢١دا خوێندکاری بەشی تورکناسیی ئەنیستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسیی مۆسکۆ بووە و، پاشتر ئەرکی جۆراوجۆری دەوڵەتی و حیزبیی لە گورجستان و ئەرمەنستان و هتد پێ‌ئەسپێردراوە. لە کۆتایی دەیەی ٢٠ی سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ ئیساک مارۆگولۆڤ بناخەی ئەلفوبێی کوردیی بە پیتی لاتین دارشتووە. لەو سەردەمەدا وەکوو ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان ڕێکخەری خەباتێکی شێلگیرانە دژ بە بەگ و ئاغا و کەسایەتییە ئایینی‌یەکانی ئیزەدیی بووە. بە هۆی پیلانێک بە بیانووی بەرتیل‌وەرگرتن، بانگەشەو بەشداری‌کردن لە ڕێورەسمی ئایینیی ئیزەدییەکان لە ساڵی ١٩٢٩دا لە یەریڤان گیراوە وکەوتۆتە بەندیخانە.

کاتی لە زیندان‌بوونی، پەرتووکی "خۆ- خۆ هینبوونا خاندینا نڤیساریا کورمانجی" [خۆفێربوونی زمانی کوردی] کە کاری هاوبەشی شامیلۆڤ و مارۆگولۆڤ بوو، چاپ کراوە.

عەرەب شامیلۆڤ پاش ئازادبوونی دەچێتە لێنینگراد [سن پترزبورگی ئێستا] و ڕۆمانی" شوانی کورد" بە ڕووسی دەنووسێ. ئەم کتێبە ساڵی ١٩٣١ لە لایەن دەزگای "گاردی جەوان" لە مۆسکۆ چاپ کراوە.

عەرەبێ شەمۆ لە ساڵەکانی ٣٤- ١٩٣٠دا خوێندکاری "ئەنستیتوی باڵای کۆمۆنیست – ژۆزێف ڤیساریۆنۆویچ ستالین" لە لێنینگراد، زانستیاری "زانکوی مێژوو، فەلسەفە و زمانەوانی لێنینگراد (زمانی کوردی)"، ناودێری دوکتورا (ئاسپیرانت) لە "ئاکادێمی دەوڵەتیی مێژووی فەرهەنگی مادیی" بە سەرپەرستیی پرۆفیسۆر "نیکۆلای یاکۆولێویچ مار"، هەوەڵین خوێندکاری کوردی ئاکادێمیک "یۆسیف ئابگارۆویچ ئۆربێلی" دامەزرێنەری "بەشی کوردناسیی لە ڕۆژهەڵاتناسیی سۆڤییەت"، هاوکاری بەشی "زمانەوانی ئەنیستیتوی لێکۆڵینەوەی زانستیی کێشە نەتەوەیی و کۆلۆنیالییەکان" و، ڕێکخەر و سەرۆکی شاندی ناردراوی ئەو زانکۆیە بۆ ئاگاداریی لە شێوەی ژیان و وەزعییەتی ئابووریی ناوچە کوردییەکانی ئەرمەنستان، ئازەربایجان، گورجستان، هەروەها دارشتنی زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی کوردەکانی یەکیەتی سۆڤییەتی بووە. تێزی زانستیی عەرەب شامیلۆڤ دەربارەی "فیودالیزم لە نێوان کورداندا" بووە.

ژانویەی ساڵی ١٩٣٧ پاش گیرانی "ئاشوت ئۆگانیسیان" سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان و دۆزینەوەی نامەکانی شامیلۆڤ، کە داوای گرینگی‌پێدانی زۆرتری بە گەشەکردنی وێژە و فەرهەنگی کوردەکانی ئەرمەنستانی لێ‌کردبوو، بە تاوانی پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ئۆگانیسیان، لە لێنینگراد قۆڵبەست کرا و، بۆ ماوەی نزیک بە ١٧ ساڵ بۆ سیبریی دوورخرایەوە. لە تاراوگە لەگەڵ ماریا نیکۆلایویچ ئاشنا بوو و ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. شەمۆ و ماریا بوون بە خاوەنی چوار منداڵ. پاش مردنی ستالین و ئازادبوونیان، لە سەرەتادا دەچنە گورجستان و پاشان ئەرمەنستان. کاتی گەڕانەوەیان بۆ ئەرمەنستان لەساڵی ١٩٥٤دا، لە ڕۆژنامەی ئەرمەنستانی سۆڤییەت [ساویتاکان ئایاستان] بە کورتی ئاماژە بە گەڕانەوەی عەرەب شامیلۆڤ، بۆلشویکی پیر و نووسەری کورد، بۆ ئەرمەنستان دەکرێ. شامیلۆڤ پاش ئازادبوونی درێژەی بە کاری ئەدەبی دا. لە ساڵی ١٩٦٧دا سەرناوی "چالاکی فەرهەنگیی ئەرمنستانی یەکیەتی سۆڤییەتی" پێ بەخشرا.

بەشێک لە کارەکانی شامیلۆڤ بریتین لە:

– شانۆی کۆچەکێ دەرەوین، ساڵی ١٩٣٠

– ڕۆمانی بەربانگ، ساڵی ١٩٥٨

– ڕۆمانی ژیانێکی بەختەوەرانە، ساڵی ١٩٥٩ [لە ساڵەکانی ١٩٦٤- ١٩٦١ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەرمەنی، و لە ساڵی ١٩٦٥کراوەتە ڕووسیی]،

– سناریۆی "کوردەکانی ئەرمەنستان"، ساڵی ١٩٥٩،

– قەڵای دم دم، ساڵی ١٩٦٦ [لەساڵی ١٩٦٩ کراوەتە ڕووسی]

– ڕۆمانی حۆپۆ، ساڵی ١٩٦٨، و ...

زۆر لە بابەتەکانی عەرەب شامیلۆڤ بە زمانەکانی گورجی، ئەڵمانی، تورکی، یوونانی، ئینگلیزی و فەرەنسەیی و هتد تەرجومە کراونەتەوە.

عەرەب شامیلۆڤ لە ٢١ مای ١٩٧٨ لە یەریڤان کۆچی دوایی کرد. بۆ ڕێزگرتن لەو، تەتەڵەی بیرهێنانەوەی شەمۆ لە شەقامی "ئابۆویان"ی یەرێڤان دانراوە. لە ساڵی ١٩٩٧دا کۆڕیادی ١٠٠مین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی عەرەبێ شەمۆ لە سایەی هەوڵ و هاوکاریی لقی نووسەرە کوردەکان و یەکیەتی ڕۆشنبیرانی کوردو پشتیوانی ڕێبەریی دەوڵەتی ئەرمەنستان لە ساڵۆن فیلارمۆنی [ئۆرکێسترای] یەرێڤان بە شکۆوە بەڕێوە چوو.

## دەربارەی شوانی کورد

"شوانی کورد" ڕۆمانێکی مێژوویی – ڕێئالیستییە. لە ڕاستی‌دا نووسەر، بۆخۆی پاڵەوانی چیرۆکی "شوانی کورد"ە و، بە زمانێکی پاراو و ساکار باس لە بەسەرهاتی خۆی، بنەماڵە و نەتەوەکەی، هەروەها ئێش و ئازاری ستەمی چینایەتی و نەتەوەیی خەڵکەکەی دەکا. تەواوی ئەم ڕۆمانە پڕە لە عیشق و خۆشەویستی عەرەبێ شەمۆ بە کورد و مێژووی خەڵکەکەی؛ قین و بێزاری لە دواکەوتوویی فەرهەنگ و داب‌ونەریتی کۆن و بێدەسەڵاتیی خەڵکی کۆچەر؛ هەروەها ڕق و تووڕەیی لە چەوسێنەرانی مێژوویی کوردی هەژار واتە بەگ، ئاغا، شێخ و هتد. عەرەبێ شەمۆ ژیانی تاڵ و بە ئازاری خەڵکی هەژار و زوڵم و زۆریی دەسەڵاتداران بە چەشنێکی گەلێک ڕاستبینانە وێنا دەکا و، هەوڵ و کاری بێ‌پسانەوەی خەڵکی هەژار بۆ دابین‌کردنی بژیوی خۆیان، کاری سەخت و تاقەت‌پڕووکێنی شوانەکان لە گەرمێن و کوێستان، مەترسیی هێرشی چەتە، دز و جەردە و ڕەوەی گورگ بۆ سەر مێگەل، برسییەتی و ئاواتی خواردنی چێشتێکی گەرم و خۆش، نۆکەریی لە ماڵی مۆلاکانەکان و ملدان بە هەر چەشنە ئازار و بێ‌ڕێزییەک لە پێناو پاروەوە نانێکدا، هەروەها تامەزرۆیی خوێندن و خوێندەواربوون، کاری قورس، پاکی، ئازایی و بوێریی ژنانی کورد، دووڕوویی و فێڵەبازیی ئەوانەی لە پەرستگەکاندا کرنۆش بۆ خودا دەبەن و وێڕای بانگهێشتی خەڵک بۆ باشی و پاکی، لە هیچ چەشنە زوڵم و زۆر، دزی، درۆ، فێڵ و گزێکارییەک خۆ ناپارێزن، بە باشی شرۆڤە دەکا.

شیکردنەوەی جێژنەکان وەکوو "سەرپێز"، "بەرۆدان"، "بەران بەردان" و "خدر نەبی"، هەروەها یاریی شوانەکان، شێوەی ژیان و زەماوەندی گەنجەکان، کێشەی شیربایی، تایبەتمەندیی جل و بەرگی دەوڵەمەند و فەقیر لەکاتی جێژن و هتد خوێنەر دەباتە نێو قووڵایی ژیان و داب‌ونەریتی ئەو سەردەمە. نووسەر کاتێک باسی بەشداریی خۆی وەکوو وەرگێڕ لە شەڕی یەکەمی جیهانی و ئێش و ئازار و نەهامەتییەکانی دەکا، بە گەیشتن بە چیای سیپان لە باکوری کوردستان، شکۆی ئەوین و خۆشەویستیی دوو دڵداری کورد – سیامەند و خەجێ لە بیر ناکا و بە چەشنێکی جوان و هەستیارانە خوێنەر بۆ جیهانی عیشق و خۆشەویستیی ڕاستەقینە و پەیمانی هەتاهەتایی ئەم دوو ئەویندارە دەبا.

هاوکات لەگەڵ دیتنی ئەو هەموو نەهامەتی، شەڕ، قاتی و قڕیی، زوڵم و زۆری چینایەتی و نەتەوەییە؛ تامەزرۆیی ئاشتی، ئازادی و بەختەوەری، شوانی کورد بەرەو تەنیا هێزی پێشکەوتووی سەردەمی خۆی واتە حیزبی بۆلشویکەکان دەبا، هێزێک کە مژدەی ژیانێکی بەختەوەرانە و دوور لە شەڕ و ستەمی چینایەتی و نەتەوایەتی بە خەڵک دەدا. ژیانی عەرەبێ شەمۆ بە پەیوەست‌بوونی بە بۆلشویکەکان دەچێتە قۆناخێکی بەرزتر، بەڵام پڕ لە مەترسی و هەوراز و نشێو.

نووسەر لە درێژەی کتێبەکەدا باس لە شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧، سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆیی لە نێوان دوو بەرەی "سوور" و "سپی"، شکست هێنانی دژبەرانی شۆڕشی کرێکاری و پاشەکشە و ڕاکردنیان، هەروەها ململانێ و کۆڵنەدانی هێزی خۆڕاگریی کۆن وەکوو بەگو ئاغا و شێخ و داشناکەکانی پێشوو بەرامبەر بە نوێ‌خوازەکانی بۆلشویک لە ڕەوتی ڕێکخستنی سیستمی تازەی سۆسیالیستی لە ناوچەی "ئالاگۆز" دەکا. شەمۆ بە زمانێکی ساکار بەڵام ڕوون و بەهێز هۆی هۆگری و پشتیوانیی خەڵکی هەژار لە بۆلشویکەکان لە بەستێنی ڕووداوەکان و وتووێژی خەڵکی هەژار و شۆڕشگێرەکان‌دا بە جوانی شرۆڤە دەکات. لەوە دەچێ ئێستا کە یەکیەتیی سۆڤییەتی و بەرەی هاوپەیمانی تووشی شکستێکی مێژوویی هاتوون، باس لە هۆگریی خەڵکی زەحمەتکێش و ڕەش‌وڕووت و فیداکاریی ئەوان لە پێناوی گەیشتن بە حکوومەتێکی دادپەروەر و یەکسانی‌خواز سەیروسەمەرە بێتە بەرچاو، بەڵام کاتێک خوێنەر پێ‌بەپێی قارەمانی داستان بەرەو پیری ڕووداوەکان بچێ، ئەوکات بە پێست و ئێسکەوە هەست بە ئێش و ئازاری خەڵکی هەژار و، ئاواتیان بۆ وەدیهاتنی ویست و ئارەزووەکانیان لە چوارچێوەی حکوومەتی نوێی سۆسیالیستیی دەکا.

عەرەب شامیلۆڤ لەم ڕۆمانە کورتەدا، لە شیکردنەوەی بارودۆخ و تایبەتمەندیی ژیانی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی تورک و ڕووس گەلێک سەرکەوتوو بووە. عەرەبێ شەمۆ نەک تەنیا بێژەری بەهێزی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی، بەڵکوو هاوکات ڕاگوێزەری سۆز، هەست، دڵۆڤانی و ئەوینی ئەو کەسانەیە کە لە ڕەوتی مێژوودا لە لایەن چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵگەوە سووکایەتی و زوڵم و زۆریان لێ کراوە و قەت بە هێند نەگیراون. شەمۆ دەنگی زوڵاڵ و ئازای چین و توێژی زەحمەتکێشی کوردە.

## شیکردنەوە

١- ڕۆمانی "شوانی کورد" سێ بەش لە خۆ دەگرێ. بەشی یەکەم یاخود "شوانی کورد" بۆ هەوەڵ جار لە ساڵی ١٩٣١ی زایینی لە ٦٤ لاپەڕەدا بە زمانی ڕووسی لە لایەن یەکیەتیی دەوڵەتیی چاپی کتێب و گۆڤاری "مالادیا گاردیا" [گاردی جەوان] چاپ و بڵاو بۆتەوە. نووسین و بڵاوکردنەوەی بەشی سێهەم واتە "کوردەکانی ئالاگۆز" دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٣٦، بەڵام بۆ نووسەری ئەم دێڕانە کاتی نووسینی بەشی دووهەم کە ڕووداوەکانی پاش ساڵی ١٩١٧ و شەڕی نێوخۆیی هەتا گەڕانەوەی قارەمانی داستان بۆ زێدەکەی لە خۆ دەگرێ، ڕوون نیە. سەرجەمی ئەم سێ چیرۆکە درەنگتر، لە ژێر سەردێڕی "شوانی کورد" و وەرگێڕانی دووقۆڵی نووسەر و خاتون و. ئۆستروگۆرسکایا لە یەکیەتی سۆڤییەتی لیکدا- لێکدا چاپ و بڵاو بۆتەوە.

بە پێی بیرەوەرییەکانی "ئاماریکێ سەردار (٢٠١٨- ١٩٣٥)" دۆستی عەرەبێ شەمۆ، نووسەری بەناوبانگی کوردی ئەرمەنستانی سۆڤییەت و، سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ڕێیا تازە" لە ساڵەکانی ٢٠٠٦-١٩٩١، ئەم کتێبە لە سەرەتادا "بە ڕووسی نووسراوە و دوای وەرگێڕانی لە لایەن واسیلی نیکی‌تین، کوردناسی بەناوبانگی ڕووس بە فەرەنسەیی [١٩٤٦]، لە لایەن کوردەکانەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی" [نورەدین زازا – ساڵی ١٩٤٧]. وێڕای ڕاست‌بوونی ئەم زانیارییە، پێویستە ئاماژە بەم ڕاستییەش بکرێ، کە نوسخە کوردییەکەی شوانی کورد بە قەڵەمی عەرەبێ شەمۆ بۆ هەوەڵ جار، ساڵی ١٩٣٥ لە "یەریڤان""" چاپ و بڵاو بۆتەوە، بەڵام لەوە دەچێ بە هۆی وەدەست‌نەکەوتنی نوسخە کوردییەکەی عەرەبێ شەمۆ، نورەدین زازا لە ساڵی ١٩٤٧ سەرجەمی کتێبەکەی لە ڕووی نوسخە فەرەنسەییەکەی نیکی‌تینەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بە پیتی لاتین و، لە بەیرووت بە چاپی گەیاندووە. دەقی فەرەنسەیی و کوردییەکەی "شوانی کورد" لە یەک جێدا بە هیممەتی ئەنستیتوی کورد لە پاریس، سەرلەنوێ لە ساڵی ١٩٨٩دا چاپ و بڵاوب ۆتەوە.


بەشێک لەو بڕوایەدان "شوانی کورد" لە ڕووی دەقە کوردییەکەیەوە کراوەتە ڕووسی، بەڵام بڵاوبوونەوەی نوسخەی ساڵی ١٩٣١ی ئەم کتێبە بە زمانی ڕووسی لە سەر تۆڕی ئینتێرنێت و سایتە کوردییەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشووش وەکوو ڕێیا تازە، هەروەها چاپی یەکەمی دەقە کوردییەکەی لە ساڵی ١٩٣٥، ناکۆکیی لەگەڵ ئەم لێکدانەوە و بۆچوونە هەیە. بەپێی ئەم فاکتانە، زۆرتر وێدەچێ عەرەبێ شەمۆ بۆخۆی "شوانی کورد"ی واتە بەشی هەوەڵی کتێبەکەی بە ڕووسی و کوردی نووسیبێ. لە سەربەرگ و لاپەڕەی دووهەمی "شوانی کورد" بە ڕووسی تەنیا ناوی نووسەر و "سارا شۆر" وێنەکێشی بەرگ و نێو کتێبەکە، هەروەها ڕداکتۆرەکان دەبینرێ.

٢- ئەم کتێبە لە ڕووی نوسخەی ڕووسیی چاپ کراوەی دەزگای دەوڵەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی منداڵان سەر بە وەزارتی ڕۆشنبیریی کۆماری فێدراتیڤی ڕووسییەی یەکیەتیی سۆڤییەت لە مۆسکۆ – ١٩٦٠، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و، گەلێک جیاوازیی لەگەڵ نوسخە ڕووسییەکەی ساڵی ١٩٣١، هەروەها وەرگێردراوەکانی نیکی‌تین و نورەددین زازا هەیە. بۆ وێنە شەش بەشی: "نامەیەک لە ئەمریکاوە"، "ئیۆن ئیمیلیانۆویچ سکازکین"، "ژنە خاوەنکارەکان ئەرکی خۆیان ..."، "کوورەی تازەو شەڵواری پیر هەباس"، "فرمێسکی دایک"و، "لای سێرگی میرۆویچ کیرۆڤ" تایبەت بەم کتێبەن و، لە نوسخە ناوبراوەکان‌دا وەبەر چاو ناکەون. لە لایەکی دیکەوە، شێوەی دارشتنی ڕستە و کەم و زۆریی بەشە هاوبەشەکانی ئەم کتێبانەش تەبایی دەقاودەقیان لەگەڵ یەک نییە. نووسەر زۆرجار وێڕای پێداچوونەوە، ئاڵو گۆڕی لە کتێبەکە کردوەو، بەشگەلێکی کەم یان زیاد کردون.

٣- لە زۆربەی شوێنەکان‌دا وەرگێڕ بۆ ئاگاداریی و ڕوونکردنەوەی خوێنەر، هەوڵی داوە چەمک، شوێن، کەسایەتی، حیزب و بابەتگەلی نامۆ شی بکاتەوە. بەرامبەر شیکردنەوەکانی عەرەبی شەمۆ لە پەراوێزەکاندا وشەی "نووسەر" هاتووە.

***

– ئەم بەرهەمە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەحمەدی خانی لە سۆران لەچاپ دراوە.



KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:797 5 May 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

## بەر لە ماڵاوایی

# کوردستانی «خوێناوی»ی ئازا سکری



ئەحمەد ڕەحمانی

**پاییزە زیـزە سروشتــی ئازاد**
**زەردە خەملێوە وڵاتی ناشاد**

شۆڕش و بەرخودانی نەتەوەکان پەرچەکرداری ئەو زوڵم و زۆرانەیە کە دەکرێتە سەریان و ناچار بە بەرگریان دەکەن. ئەم شۆڕشانە پەیوەندییان بە شوێن و هەڵکەوتەی جوغرافی و ژئۆپۆلیتیکی ئەو ناوچە و گەلانە هەیە و زۆر جاران نەتەوەخوازی و تەنانەت ئایینیش ڕۆڵێکی گرینگ لەم بوارەدا دەگێڕێ. هێندێک لە شۆڕشەکان ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ و دەگەن بە ئامانجەکانیان و هێندیکیان هەر زوو کپ دەکرێن، هێندیکی لەوان دوای کپکردنیشیان بیری ئازادیخوازییان دانامرکێ و ماوە دوای ماوە سەر هەڵدەدەنەوە، وەک بزووتنەوەی کورد کە چەندین سەدەیە درێژەی هەیە و سەنگەری خەباتی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە هەر ئاوەدانە. ئەم بزووتنەوانەی کورد ئەگەرچی بە هۆکاری جۆراوجۆر تووشی نسکۆ بوون، بەڵام گڕی بیری نەتەوەیی و هەستی نیشتمانپەروەری تا هاتووە پتر بڵێسەی سەندووە.

سروشتییە هەموو چین و توێژێک لەنێو هەر شۆڕش و جووڵانەوەیەکدا خۆیان دەبیننەوە و هەر کەسە و بەپێی توانای خۆی ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی تێدا دەبینێ، کە لە نێویان‌دا زۆرن ئەو ڕووناکبیرانە و ئەوانەی بناغەی زمان بە پتەوی دەپارێزن تەقڵی شۆرش بوون. شۆڕشی کورد لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانیش بێبەش نەبووە لەو سوارچاکانە و پێش کۆمار و لە سەردەمی کۆمار و هەتا ئێستاش، شاعیران دەور و ڕۆڵێکی پێشەنگیان هەمیشە جووڵانەوەدا هەبووە. دەکرێ بڵێین ئەوان مێژووی ئەم گەلەیان بە هۆنینەوەی هەڵبەست و هۆنراوە نووسیوەتەوە و زۆربەیان تا دواساتەکانی ژیانیان هەڵگری بیری ئازادیخوای بوون و بە گیان و ڕوح بۆی جەنگاون. لە «مامۆستا هێمن»، «مامۆستا هەژار»، «سوارە ئێلخانیزادە»، «عەلی حەسەنیانی»یەوە بگرە تا دەگاتە قادر لوتفیانی (ئازاد سەکری) و ... .

«کوردستانی خوێناوی»ی مامۆستا ئازا سەکری نموونەیەکە لە نموونە هەرە جوانەکان کە پێمان دەڵێ ئازا سەکری وەکوو مامۆستا، پێشمەرگە و شۆڕشگێڕێک لە ڕێی وشەکانیەوە چۆن توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بە ئەدەبی بەرگری بکا.

ئازا سەکری یەک لە سیماکانی ئەدەبی بەرگریی کوردە. ئەو لەدایکبووی مەڵبەندێکە کە کۆماری کوردستانی تێدا دامەزراوە و پێگەیشتووی قۆناخێکە چرۆی هۆمێدی نەتەوەیی تێدا گەشاوەتەوە و هەموو ئەوانەش ڕۆڵی بنەڕەتیی هەبووە لەسەر چۆنیەتیی پەروەردەبوون و گەشەسەندنی بیری شۆڕشگێڕیی ئازا سەکری و بوونی بە پێشمەرگە و مامۆستا و شاعیرێکی شۆڕشگێڕ .

ئازا سەکری وەک نیشتیمانپەرەوەرێکی شۆڕشگێڕ چ وەک مامۆستایەک لە قوتابخانەی شۆڕش و چ وەک پێشمەرگە و شاعیرێک لە مەتەرێزی خەبات‌دا، لەلایەک کۆڵەپشتی دەکاتە کۆڵ و چەکی پێشمەرگایەتیی دەکاتە شان؛ لەلایەکی دیکەش هەگبەی شۆڕشگێڕیی لە وشەی ڕەسەن و پاراوی کوردی دەئاخنێ و خەریکی هەڵزنانە بە سەر چیادا و، دەڤەرەکانی کوردستان دەبن بە هەوێنی لەدایکبوون و تەقینەوەی کانیاوی زەنوێری وشە جوانەکانی.


«کوردستانی خوێناوی» فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و زەنگینە کە مرۆڤ دەکرێ لە چەندین بوارەوە لە گەورەیی وشە و دێڕەکانی بڕوانێ و جگە لە سەروا و تێکەڵکێشێکی ئەدەبیی جوان لە سەر یەک ڕیتم، فەرهەنگێکی جوانیشە لە ناوهێنانی هەموو ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی کە بە خوێنی گەشیان لەو سەردەم‌دا مێژووی خوێناویی کوردیان تۆماری کردووە. ئازا سەکری لە توێی نووسینەکانی‌دا تۆماری ناوی سەدان ڕۆڵەی قارەمانی نێو مەتەرێزی خەباتی کردووە، شاخە و شاخ و لوتکە بە لووتکە و دەشت و پێدەشت و خڕ و دۆڵ نەماوە ناوی نەهێنێ کە پێشمەرگە بە خوێن و نەبەردی داستانی خۆڕاگریی تێدا تۆمار کردووە. کام گوڵە کێویلکەی جوانی کوێستان و قەدپاڵانە کردوویەتە دیاری و لە بەر پشتێندی میرخاسانی دێموکراتی داوە.

«کوردستانی خوێناوی»ی مامۆستا ئازا سەکری بە یەک ڕیتم و کێش و یەک نەفەس دەست پێ دەکا و بێ ئەوەی ماندووبوون و لەنگیی تێدابێ هەوارە و هەوار، مزڵ و قۆناغەکانی سەختی خەبات دەپێوێ، نازانێ نائومێدی چییە و هەمیشە بە هیواوە لە دوندی ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن دەڕوانێ و وشەی زێڕین بە باڵای پێشمەرگە لە جوانترین وێنادا لە دێڕی هۆنراوەکانی‌دا دەهۆنێتەوە.

لە «کوردستانی خوێناوی»ی مامۆستا ئازا سەکری‌دا هەست بە نەرم و نیانیی وشەکان دەکەی کە چەندە سوارن لە دەربڕین‌دا، هەر وەک کەسایەتیی خودی مامۆستا ئازا کە چەندە هێمن و مەتین بوو لە هەڵسووکەوت‌دا و زۆر جارانیش کەشتیی خەیاڵی لە کەناراوێکی مەند و هێدی‌دا لەنگەری دەگرت و هێدی هێدی چارۆکەی بیرو هزری دەدایە دەم شنەبایەکی فێنک و، مژلێدانێک لە سیگارەکەی نێو دەستی و قومێک چای دەمەو ئێوارانی چیای ژیلوان و شۆڕبوونەوە بە نێو ناخی نان و شەڕاب‌دا، هەوای سامڕەندی کوێستانی نیشتیمانی جارێکی تر ئاو دیوی دیوی کوێستان و تاوڵی مرادانی دەکردەوە و جامانەکەی نێو چاوانی هێندەی تر بۆ لار دەکردەوە و ئەسپی خەیاڵی شێعری بەرەو لووتکە دەئاژووت و لە جیهانی جوانی خۆی‌دا نغرۆ دەبۆوە.

مامۆستا ئازا سەکری نموونەیەکی هەرەجوانی پێشمەرگە و مامۆستا و شاعیرێکی شۆڕشگێڕ بوو کە هێشتاش بۆن و بەرامەی شێعرەکانی ئاسمانی نیشتیمانیان تەنیوە و، وەچە دوای وەچە کچان و کوڕانی لاو پەیڤەکانی بە ئەمەگەوە دەڵێنەوە.

# چیرۆکە نەنووسراوەکانی قاڕنێ




چیرۆکە نەنووسراوەکانی قاڕنێ، کۆمەڵە چیرۆکێکی نوێی "خەبات ڕەسووڵی"یە کە لەم ڕۆژانەدا چاپ و بڵاو بۆتەوە. تێمی سەرەکیی چیرۆکەکانی ئەم کتێبە نوێیە ڕووداوەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە و نووسەر هەوڵی داوە دەرکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بە ڕووی خوێنەرەکانی‌دا بکاتەوە.

ناوی کتێبەکە لە ناوی یەکێک لە چیرۆکەکان وەرگیراوە. قاڕنێ، یەکێکە لەو سەدان گوندەی کوردستانە کە خەڵکەکەی کۆمەڵکوژ کراون و وەک نووسەر لە لێدوانێک‌دا بۆ "کوردستان" گوتی: ئەم بیست و حەوت چیرۆکە، بیست و حەوت چرکەی بە چیرۆک کراو و بیست و حەوت تابلۆی بچووکی کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتین

یەکێک لە چیرۆکەکانی ئەم کتێبە بە ناوی نامە باس لە دوو منداڵ دەکا کە لە نێو پاسێک‌دا کوردێکی نیشتمانفرۆش بە چەک و ڕەختەوە دەبینن و بە هەڵە وادەزانن پێشمەرگەیە و گیانی لە مەترسی‌دایە و سەربازەکانی ئێران بیبینن دەیکوژن. جاشەکە بە هۆی نیگەرانی و بەهەڵە تێگەیشتنی ئەم دوو منداڵە تووشی قەیرانێکی ڕوحی دەبێ و شەرم لە بوونی خۆی دەکات و... .

خەبات ڕەسووڵی، نووسەر و چیرۆکنووسی خەڵکی بۆکان کە ئێستا لە نۆروێژ دەژی، پێشمەرگەی پێشووی حیزبی دێموکراتە و تا ئێستا سێ کۆمەڵە چیرۆکی دیکەی بە ناوەکانی ساڵە شەرابییەکان(٢٠٠٦)، واران (٢٠١٤) و کۆمەڵە چیرۆکی چەمەدانی بەتاڵ (٢٠١٨) لێ بڵاو بۆتەوە.

# بەڕێوەچوونی دوازدەهەمین فستیڤاڵی فیلمی کوردیی لەندەن




لە دوازدەهەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی‌دا کە ئەمساڵ لە لەندەن بەڕێوە چوو، ١١٨ فیلمی کوردی بە شێوەی ئانلاین پێشان دران.

ئەو فیلمانە تێکەڵێک بوون لە فیلمی نوێ و کلاسیک و؛ بە گشتی چیرۆکی ئەو فیلمانە باسیان لە ژیان و بە سەرهاتی خەڵکی کورد دەکرد.

فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی لەندەن کە لە ساڵی ٢٠٠١ دەستی بە کار کردووە، گەورەترین فێستیڤاڵی بەرهەمی فیلمی کوردییە کە تیشک دەخاتە سەر پرسە پێوەندیدارەکانی دۆزی کورد. ئەم فستیڤاڵە ساڵانە بە ئامادەبوونی بەرهەمی فیلمسازانی کورد و غەیرە کورد، لە چەندین بەشی کێبڕکێ و ناکێبڕکێ، کۆبوونەوە، شیکاریی و هەڵسەنگاندنی فیلمە بەشدارەکان‌دا بەڕێوە دەچێ.

دوازدەیەمین فێستیواڵی نێونەتەویی فیلمی کوردیی لەندەن، کە لە کۆتاییەکانی مانگی خاکەلێوەوە دەستی پێ کردبوو، ڕۆژی سێشەممە ٧ی بانەمەڕ کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

# بەهۆی کۆرۆناوە هۆڵەکانی شانۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داخراون



تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەریی زۆری لەسەر کار و ژیانی هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە. نزیک دوو ساڵە هۆڵەکانی سینەما و شانۆ داخراون و هونەرمەندانیش دەڵێن لەو دوو ساڵەدا هیچ داهاتێکیان نەبووە و حکوومەتیش هیچ یارمەتییەکی نەداون.

لە شوێن و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرجەم ١٨ هۆڵی تایبەتیی سینەما و ٥٤ هۆڵی شانۆ و پێشانگای کارە هونەرییەکان هەن، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا سەرجەم چالاکییەکانی ئەو هۆڵانە وەستاون، تەنانەت کاری بەرهەمهێنانی فیلم لەدەرەوەی هۆڵەکانیش ڕاگیراون. هاوکات هونەرمەندانی ئەو بوارەش دەڵێن دوو ساڵی بێ داهاتیان بەڕێ کردووە و لەلایەن حکوومەتیشەوە هیچ یارمەتییەک ناکرێن.

ساڵانە چەندین فێستیڤاڵی هونەری گەورە لە ئاستی نێوخۆیی ئێران و نێودەوڵەتییش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەچن کە فێستیڤاڵی سینەمای سنە و شانۆی سەرشەقامی مەریوان لەهەرە دیارەکانن، بەڵام کۆرۆنا ئەوانیشی وەستاندووە و وای کردووە لەم وەرزە گەرمەدا هۆڵ و گۆڕەپانە هونەرییەکان ساردوسڕ بن.

# دوو وەرزشکاری ئیلامی لە کێبڕکێ جیهانییەکان‌دا خەڵاتیان بردەوە



دوو وەرزشکاری ئیلامی لە دوو بواری جیای وەرزشیی کێبرکێ جیهانییەکان‌دا خەڵاتیان بردەوە.

ئارمینا سادقی، کچە وەرزشکاری خەڵکی ئیلام لە کێبرکێیەکانی تیرهاوێژی لە وڵاتی کرۆواسی میداڵی "زیو"ی ئەو کێبرکێیانەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. ئەو کێبرکێیانە بە بەشداریی ٢٨٠ وەرزشکار لە ١٥ وڵاتی جیهان لە وڵاتی کرۆواسی بەڕێوە چوو. لە پارێزگای ئیلام ٨٠٠ وەرزشکاری ژن و پیاو لە بەشی تیرهاوێژی‌دا چالاکیی وەرزشییان هەیە و سەرەڕای بوونی لایەنگر و سەرکەوتنی چالاکانی ئەم بوارە وەرزشییە، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانەوە ئەو وەرزشە پشتگوێ خراوە.

لە هەواڵێکی دیکەدا "زەبیحوڵڵا پوورشەیب" کاراتەکای ئیلامی لە کێبرکێیەکانی جیهانیی کاراتەی "وان لیسبۆن" لە وڵاتی پورتەغاڵ پلەی قارەمانیی جیهانی وەدەست هێنا.

"پوورشەیب" لە کێشی ٨٤ کیلۆدا لەو کێبرکێیانەدا بەشداریی کردبوو و لە فیناڵ دەبوا لەگەڵ وەرزشکارێکی ژاپۆنی کێبرکێی کردبا، بەڵام ئەو وەرزشکارە بەهۆی پێکانەوە نەیتوانی بەرەوڕووی زەبیحوڵڵا بێتەوە و بەمجۆرە ئەم وەرزشکارە کوردە توانی میداڵی زێڕی ئەو کێبرکێیانەی مسۆگەر بکات.